# هەورە سپیەکەی جەنگیزخان

## یان

# ئیعدامێك لەسارۆزیك

www.pertwk.com

ناوی کتێب: هەورەسپییەکەی جەنگیزخان یان ئیعدامێك لەسارۆزیك
نووسینی: جەنگیز ئەیتماتۆڤ
وەرگێڕانی: تۆفیق عەبدول
بابەت: رۆمان
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
تایپی کۆمپیوتەر: ڤینۆس تۆفیق و بەختیارئەورەحمان
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردن : **458** ی 2006
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2006
کوردستان -سلێمانی
**www.sardam.info**

جەنگیز ئەیتماتۆڤ

# هەورەسپیەکەی جەنگیزخان

# یان

# ئیعدامێك لەسارۆزیك

وەرگێڕانی

**تۆفیق عەبدول**

سلێمانی- 2006

www.pertwk.com

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( 383 )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی



www.pertwk.com

# ڕۆمانە دیلەکە

خوێنەری بەڕێز، ئەمە ئەو ڕۆمانەیە کەلەپێشەکی ڕۆمانی (نەونەمامە لەچك سورەکەم ) دا باسی بەدیل گرتنیم کردبو، بەڵێنم دابو لەدیلێتی ڕزگاری بکەم و بیهێنمەوە ناو کتێبخانەی کوردی.

بەڵێ، ئەم ڕۆمانە کە ئەو کاتە گەیشتبومە ئەو شوێنەی ئەبو تالیب بەشەمەندەفەرەکەوە لەبەرەبەیانێکی زوو دا تازە ئەچوە ناو سارای سارۆزیك نزیك وێستگەی قومبیل بەئاواتی ئەوەی بەڕێکەوتیش بێت چاوی بەمناڵەکانی بکەوێت، جارێکی تر لە نوکەوە دەستم کردەوە بەوەرگێڕانی، سەرەتا وای بۆ ئەچوم ئەمجارەیان وەرگێڕانی زۆر ئاسانە، بەڵام وادەرنەچو، بەکردەوە بۆم دەرکەوت زۆرناڕەحەتە بەرهەمێك دوجار بکەیتەوە بەکوردی، بڕوا بکە بەڵێنم نەدایەو خوێنەر ئاگادار نەبوایە زوو وازم لێئەهێنا..چونکە دەیان جار کە ئەگەیشتمە سەر ڕستەیەك چەندین شێوازم ئەگۆڕی ، بەڵام دەست و پەنجەم

ڕازی نەئـەبو بینوسـێت و مێشـکم داوای ڕسـتەکەی یەکـەمجاری ئـەکرد، دوای بیرکردنـەوەی زۆر و مێشـك گوشـین وچـەند دیڑلەمەیـەك ئەبوایـە یـان هـەمان ڕسـتەم بیربکەوتایەتـەوە ، یـان ڕسـتەیەکی جـوانترم دابڕشـتایە کەمێشـك و پەنجەم پێی ڕازی بوایە، یان وازم لێبێنایە بۆ کاتێکی تر.

لەبەر ئەوە بێگومان و بەدڵنیاییەوە ئەم تێکسـتەی ئێسـتا سـەرکەوتوتر و جوانتر و تەڕوبڕ ترە لەجاری یەکەم .

لێرەدا ئەوەش بڵێم ، سەرەتای خۆئامادەکردنەوەم ، لەئینتەرنێتدا گـەڕام، دەقەکـەم بەناتـەواوی بـەئنگلیزی دەسـت کـەوت و لەلامـە، کـەپێك هـاتوە لەدوبەش:

بەشـی یەکـەم ، دەربـارەی ئـەبوتالیب ئـەوەی لـەم وەرگێڕانەشـدا هەرلەسـەرەتاوەیە و بەشـی دوەمـیش هـەمان شـت کـەدەربارەی ئیعدامەکـەی سارۆزیکە تا جەنگیزخان ئەگاتە سەر ڕوباری ئیتیل، ئیتر ئـەو بەشـەی لەسـەر نیە کە ئەگەڕێتەوە سەر ئەبوتالیب تا کۆتایی چیرۆکەکە.

ئاواتـەخوازبوم ، عەرەبیەکـەم نەدیایـە و یەکسـەر لەئنگلیزیـەوە بمکردایـە بەکوردی، بەلاًم وەکو نەونەمامەکەم ئەمجارەش هەردو دەقەکەم بەراورد کـرد و جیاوازیەکانم دیاری کرد و کوردیەکەم لەگەڵ هەردوکیانـدا سـازاند، هەرچـەند بەڕاسـتیوەرگێرە عەرەبیەکـە(عـاطف ابـوجمرە) سـەرکەوتوترە و زمـانی لەوەرگێڕەئنگلیزیەکە خۆشترە.

هـەر لەئینتـەرنێت بـەئنگلیزی چـاوپێکەوتنێکی ئـەیتماتۆڤم بینـی کەلەفیستیڤاڵی فیلمی ئاسیای ناوەڕاست لەشـاری کۆتبـەس لەئـەڵمانیا لـە2ی مـانگی10ی سـاڵی 2000 لەگەڵیـدا سـازدراوە دەربـارەی ئـەم بەرهەمـەی بەزمانی ڕوسی ئەدوێت وئەو ئافرەتەی تەنیشتی ئەیکات بە ئەڵمانی ئەڵێت:

...ڕۆمـــانی هەورەســـپیەکەی جـــەنگیزخان دەربـــارەی دەســـەلآت وزۆرداریی‌وخۆشەویستیە، لەسـەردەمی پیرۆسـترۆیکادا نوسـراوە، بنەماکـەی چیرۆکێکە کە بەواقیعی ڕویداوەومن بەم شێوەیە دام ڕشتۆتەوە.




لەســەردەمی حــوکمی تۆتالیتــاریی ســتالین دا، کەچــیرۆکەکە بــەواقیعی ڕویداوە، دڵداریی لەلایەن دەسەلآتەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بەم جۆرە:
کچــێکی جــوانی بەهرەمەنــدی ڕوســی ئەکەوێتــە داوی خۆشەویســتیی دیپلۆمــاتێکی ئەمەریکییــەوە، بــەلآم بــەپێی فەرمانــەکانی دەســەلآت هەموپەیوەندیـەك بەکەسـانی بیانیـەوە قەدەغـە بـوە، دۆسـتان و برادەرانیـان

چـــەند جارێـــك ئـــەم دو دڵـــدارەیان لەمەترســـیی ئـــەم کارەیـــان ئاگادارکردۆتـەوە.لەبەرئـەوەی خۆشەویسـتیی یاسـای تایبـەتی خـۆی هەیـە، بڕیارەکەی حکومەتیان پشت گوێخستوەو خۆشەویستیەکە بەردەوام بوە، تـا بەسەرەنجامێکی دڵتەزێن کۆتایی دێت، ئەویش ئەوەیە:

دیپلۆماتــە ئەمەریکیەکەدەرئەکــەن و ئەیگێڕنــەوە بــۆ وڵاتەکــەی خــۆی، کچەکەش ڕەوانـەی بەندیخانەیـەك ئەکـەن لەبەسـتەڵەکی سـیبریا.لەوێکچـێکی ئەبێت و دوای ئەوە کەس نازانێت چیان بەسەردێت....

کەلێشـیان پرسـی، مـرۆڤ لەکاتێکـدا مەترسـیی لەسـەر ژیانیـەتی، بـۆ واز لەئارەزوەکانی ناهێنێت؟.

ئەیتماتۆڤ وتی: لەگەڵ هەمو ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی بەسەرجیهاندا دێت ، مرۆڤ هەر بەمرۆڤی ئەمێنێتەوە....

## بەرکولْ

جەنگیز ئەیتماتۆڤ لەم بەرهەمەدا هاتوه دوچیرۆکی لەیەك موتوربە کردوه، چیرۆکی ئیردێنەی جەنگاوەر ودڵسۆز و قارەمانی سەرکردەی سەد و دوگۆلآنگی دەست ڕەنگینی دڵداری کە ئالآ نەخشاوەکانی بەسەرسەری جەنگیزخان و هەموسوپاکەیەوە ئەشەکێتەوە، لەگەلْ بەسەرهاتەکانی ئەبوتالیب کۆتیبایڤی ولآتپارێز و نیشتمان پەرست و دڵسۆزی گەلەکەی کەلەپێناویاندا ڕوبەڕوی نازیەکان جەنگاوە هەتا لەگەل ٚهەزاران لەهاوڕێکانیدا بەدیل گیراون تا ئەو کاتەی هەلی بۆ هەڵکەوتوە و ڕایکردوە . لەبەر ئەوەی نەگەیشتۆتەوە ولآت و سوپاکەی خۆی پەیوەندی کردوەبەشۆڕشگێڕە یۆگۆسلاڤیەکانەوە بەسەرکردایەتی تیتۆ.

بەلآم لەسایەی دیکتاتۆریەتی ستالین و حوکمی تاکی جەنگیزخان دا هەمو ئەوخزمەت ودڵسۆزیەیان لێئەبێت بەبارو عەیبە و خیانەت، هیچی بری ئەوە

www.pertwk.com

ناکـەوێت سـادەترین مافـەکانی ئـەو دوپیاوەبپارێزرێـت وبیٚمنـەت تـرین ئاواتەکانیان بێتەدی..

ئەوەتا خاقان لەپێناوی بەدی هێنانی پلانە داگیرکارانەکەیدا فەرمان ئەدات نابیٚژن و پیاو بەیەکەوە بنون، نابێت هیچ ئافرەتێك سك بکات ومنـاڵی ببێـت، بۆ ئەوەی هەموپیاوەکان بەهەمو تواناکانیانەوە بەخەساویلەخزمەتی ئـەودابن وزامەکۆنـە پڕئازارەکـانی کـە بـەناو و ناوبـانگ و دەسـت و پێوەنـد کـراون بەژێرلێوەوە نەکولێنەوە.

کورد لەکۆنەوە وتویەتی: خۆت بۆ بۆرەپیاو بدەیت بەکوشت ئەڵیٚبەدەردی خوامرد..دیکتاتۆر هەیە بۆرەپیاو نەبێت؟!!.

ئەوەتا ڕەفیـق تانسـیقبایڤ چـەنەوەرێك لـەو زەویـە ڕەقـەی سـارۆزیك بـۆ ئـــەبوتالیب هەڵئەکـــەنێت وداوێکـــی بۆئەتـــەنێت کەجاڵجاڵۆکـــە ســـەری لیٚدەرنـەکات..لـەپێناوی گیرفـان پڕکـردن وبەرژەوەنـدی خۆیـدا ئـەم کرێکـارە بەسـتەزمانە ئەهێنێتـە ئاسـتی سـەرۆکی گـەورەترین و وردتـرین دەزگـای موخابـەراتی نێودەوڵـەتی، کـوت و مـت وەکوڕەفیـق حیزبـی و ئـەمن و ئیستیخبارات و جاش و خۆفرۆشەکانی لای ئێمە کەبەبیٚتاوان جـەرگی هـەزاران دایکی ڕەق و وشکی ئەم میللەتەیان دا بەتەنورەوە.

ئێمــە چــەند تانســیقبایڤ مــان بینــی عەســکەری فیراریــان ئــەگرت و بەپێشمەرگە تەسلیمیان ئەکردن!.

چەندگەنجی تەلەبە و کاسبکار و بێکار و موو لێنەهاتومان بینـی ڕوممانـە و فیشـەکیان خسـتە گیرفانیـان و بەرێکخسـتن تەسـلیمیان کـردن..سەریچـەند شوانی پەرێندراو بەپاسدار فرۆشرا و پارەیـان پیٚوەرگـرت و دایـان بەکۆشـك و دوامۆدێلی سەیارە و ژنی دوەم و سێهەم و چوارەم!!.

بەلأم هەمیشە یەکێك لەچەکەکانی ڕوبەڕوبونەوەی پیاوکوژە خاوەن هێـز و دەســـەلأتەکان، بـــەدەزگاکانی ئـــەمن و ئیســـتیخبارات وســـوپا و ئـــۆردوی بیٚئەژماریانـــەوە، خۆشەویســـتی بـــوە.خۆشەویســـتی خـــاك، ولأت، میللـــەت، نەتەوە، ...تاد.لەساکارترین شێوەشدا دلّداری وخۆشەویستیی مالّ ومنالّ.

ئـەوەتا ئێردێنـە و دوگـۆلأنگ بەدلّـداری و ئـەبوتالیب بەخۆشەویسـتی ژن و منالّەکانی، بەیەکەم ئنگاای کۆنان و خۆفرێدانە ژێرپێچکەی شـەمەندەفەرێك، سەرو جرتیان بۆ جەنگیزخان و تانسیقبایڤ و ستالین و نیزامەکایان لێدا.

دەی، نـەفرەت لەتانسـیقبایڤ و هـەمو هاوڕێکـانی لـەئۆرینبورگ و لێـرە و هەمو کون و قوژبنێکی دنیا.

قەزای ئێردێنە و دوگۆلأنگ و ئالّتون و کۆنان وداولّ وئێرمیك و زەریفە و من وتۆ و مالّ ومنالّمان بکەوێت لەخۆیان و سەروەت و سامان و ژن و منالّ و کەس و کاریان .

# من و ئەبوتالیب کۆتیبایڤ

ئەگەر بەڕێزت پێشەکیەکەی ڕۆمانی (نەونەمامە لەچك سورەکەم )ت خوێندبێتەوە، لەوێ شتێك باسی ئەم هەورەسپیەم کردوە، کاتێك ئەم ڕۆمانەم دەستکەوت و خوێندمەوە، بەبەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی تری ئەم کەڵەنوسەرو دیپلۆماتە بەرزە – کەلەسەردەمی پیرۆسترۆیکادا ڕاوێژکاری گورباچۆڤ وئێستاش نوێنەری کەرکیزیایە لە پەیمانی ناتۆ– لەکورتەچیرۆك و ڕۆمان و وتار و چاوپێکەوتن، کەزوربەیانم بەعەرەبی و ئنگلیزی خوێندۆتەوە و لەلامە، ئەتوانم بڵێم یەکێکە لەبەرهەمە هەرە وشك وئاڵۆز و بێناسکیی و بێڕۆمانسیەتەکانی، کەپێت سەیرە جەنگیزئەیتماتۆڤ بەوزمانە ئەنوسێت.

هاتوە دوبابەتی: یەکیکیان ئەفسانەیی و میژویی وئەوی تریان سیاسی و ڕاپۆرتیی تێکەڵکردوە کەلەهیچ مەنجەڵێکدا ناکولێن، کەتەواویشی ئەکەیت هەرهەست ئەکەیت نەکڵۆکە و وەکو برنجی بایەعیەکە دوو دانە.بەڵام کارامەیی

و لێهـاتویی جەنگیزئـەیتماتۆڤ وات لێ ئـەكات لێـی تێرنـەبیت و دەستخۆشـی لێبكەیت.

مـن كـە خوێندمـەوە، تـەواو دیلـی بـوم ، كاریگەرییـەكی سـەیری لەسـەر بەجێهێشتم ، زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم فێری دیفاع لـەخۆكردنی كـردم، ژیـانی خۆم و سێهاوڕێ و هاوپیشەی ئەمەریكیم پێپاراست.

كاریگەریەكەی وەكـو كاریگـەریی هـیچ بەرهـەمێكی تـر نـەبو، ئـەمجارەیان ئاراستەكەی سەدوهەشتا پلە پێچەوانە بو.

تـۆ كاتێـك بەرهــەمێك ئەخوێنیتــەوە یــا ئەیبســتیت یــان ئــەیبینیت ، كاریگەریەكـەی ئەوەیـە خـۆت لەقارەمانەكـەدا ئەبینیتـەوە، قارەمانەكـە یـان یەكێك لەكاراكتەرەكان بەخۆت ئەزانیت.بەڵام من لـەم چـیرۆكەی ئەیتماتۆڤـدا– لەوانەیە دوای خوێندنەوەی تۆش هەروابیت – سەیرم لەم نوسەرە ئـەهات! نـە خاقـان و نـە تانسـیقبایڤ و نـە ئێردێنـە و نـە ئـەبوتالیب ، خـۆم لەهیچـیاندا نەبینیەوە وهیچیانم بەخۆم نەزانی وخۆم بەهیچیان نەزانی، بەڵكو حەپەسام و سەرزەنشتم ئەكردن: ئەرێئێردێنە ئـەو شـەوە بـۆ وەكـو كـەو بـەزی و نەچـوە پێشــەوە دیفاعێـك لــەو ئافرەتــە بــە ئەمــەك و دڵســۆزە بكــات! كــێ ئــەڵێت نەیئەتوانی دوسێیەكیان لێبكوژێت وبریندار بكات و دەرفەتێكی بۆ نەئەڕەخسا و نەیانئەتوانی ڕابكەن!..یان بۆ بەیانیەكـەی بۆچـەك و تفـاقی فـڕێدا و خـۆی تەسلیم كرد.ئەی بۆ لەبەرچاوی لەشكرەكە و دوگۆڵانگ خۆی نـەكرد بەپاڵـەوان و شمشێرەكەی دەركێشێت و تا ئەیكوژن ، بكوژێت؟!.

ئـەی ئـەبو تـالیبی پـاك و دڵسـۆز ولـەخۆرازی!بـۆ بەدرێـژیی ئـەم چـیرۆكە دیفاعێكی لەخۆی نـەكرد، جارێك نەچـوەوە بەگـژ دەمـی تانسـیقبایڤدا ، هـیچ

ڕاستیەکی نەخستە ڕوو، نەیوت ئێوە لەسەرشان و ڕەنج و خەباتی ئێمە بون بەو پیاوە.

ئەم کابرایە بۆ ئەڵێی زمانی بڕاوە، بۆ جگە لەخۆخواردنەوە وخەیاڵ و ئاوات و فلاش باك بڕوای بە قسە نەبوو...بۆ وەکو ئێردێنە میسالیانە وەکو مەڕ چوە بەر چەقۆی جەللاد؟!!.

ئەم گێژاوە زۆر بە وردتر و فراوانتر مێشك و بیرکردنەوەی داگیرکردبوم لەکاتێکدا عێراق بەرەو جەنگ ئەچو، بۆیە زۆرم پەلە بو بیکەم بەکوردی.بەڵام بۆ؟! نازانم !.

لەخەو و خەیاڵیشدا پێشبینی ئەوەم نەئەکرد ئەکەومە بارودۆخێکی هاوشێوەوە.بەڵام بۆ ناخم و نەستم خۆیان بۆ ئامادە کردبو، وچۆن ئەیانزانی بەپێی خۆم بەرەو پیری ئەچم بۆئەوەی وەك ئەبوتالیب نەکەم !ئەوەیان مەگەر دەروونناسەکان وتوێژەرەکان لێکی بدەنەوە.

ئەوەبو بێپەروا و کەللەڕەقانە من و سێ ڕۆژنامەنوسی ئەمەریکی لەکەناڵیCNNسەعاتێك زیاتر بەقووڵیی شەست وپێنج کیلۆمەتر کەوتینە پشت هێزە بەزیو و پەراگەندەکانی بەعسەوە.تەنیا پانزە کیلۆمەتر دوور لەبارەگای یەکێك لەستالینەکانی عێراق، دوور لەخێوەتی خاقانی تکریت –بەچاوهێزەکان و بارەگاکانی (عزت الدوری )مان لێوە دیاربو –کەوتینە کەمینی فیداییەکانی سەددام.

ئەوە ئەو ڕۆژە بو کەئەم ڕۆمانە ڕایکێشام بۆ ناوی، ئەوە نهێنی پەلەکردن بو لەوەرگێڕانی.ئەوە ڕۆژی هەڵوێست وەرگرتن بو بەکردەوە بەرامبەر ئێردێنە و ئەبوتالیب و تانسیقبایڤ.

سەیرە ! !کاتێك تێکەوتین هەمو ئەوراقەکانی لێکۆڵینەوەی ئەبوتالیبم پێیە و پەڕە پەڕە هەڵی ئەدەنەوەوئەڵێن ئەمە هەموراپۆرت و بیرەوەریەکانتەبۆ CIA ت نوسیون.ئەتوت منیش لە ئەڵما–ئەتا گیراوم!.

فەرمانـدەی دەسـتەکە پێـی ئـەوتم :تۆدوجارخائینیـت.جارێـك کوردیـت و جـارێکیش پـێش ئەمەریکیـەکان کـەوتویت بـۆ(مسـقط رئـس)ی(رئـیس القائد).سوێندی ئەخوارد هەرئەمرۆ لێرەدا( وەکو سەگ ئەتتۆپێنم).

بەڵێ، لەیەکەم هەناسەوە بریارم دا بەویستی خۆم و بەدەستەوسانی مەرگ هەڵنەبژێرم وبۆ یەك چرکە لەناخەوە نەڕوخێم وخۆم بـەخائین نـەزانم ، ئـەویش بەوەی واز لەبەرگریی کردن لەخۆم و هاوڕێکانم نەهێنم .لەگەڵ ئەو هەمو لێدان و سوکایەتی پێکـردن و دەم پڕلـەخوێن کردنـەدا، لـەدەم نەکـەوتم و ...لـەدەم نەکەوتم.

فەرماندەکـە هـەمو داواکاریـەکانی هـاتبوە سـەر ئـەوەی (کـافی لاتحچـی– بەسەقسەمەکە!)..بەڵام من خەریك بوم زوربـەیانم ئەگەیانـدە ئـەو قەناعەتـەی ئەونیزامـەی دیفـاعی لێ ئەکـەن لێبوەتـەوە ولەگیانەڵلاّدایـە، بۆیـە بـەو تـۆزە نوزەیەی تیامدا مابوداوام لێ ئەکردن نەمانکوژن و تەسـلیمی عـزت الـدوری مـان نەکەن ، بەڵکوئەوان خۆیان تەسلیمی مـن بکـەن و بـەڵێنم پێ ئـەدان لای هێـزی هاوپەیمانان سـەر و مـاڵ وسـەروەت و سـامانیان ئـەپارێزم..هـەرواش دەرچـو، زیاتر لەپەنجا چەکداری ئاواییەکـەم بـەلای خۆمانـدا ڕاکێشـا و ، فیداییـەکانیان چەك کـردو کردیاننـە گـەورێکی ئاژەڵـەوە، تـا بـەتکا و داوای مـن چـەکەکانیان دانەوە و ڕەوانەی تکریتیان کردنەوە .

منیش بەقەڵەمی خۆم و بەئیمزای خۆم وپێش ئەوەی زمانی کوردی ببێت بەڕەسمیی ..بەکوردی بەڵگەم بۆ نوسین کە .....بەشداریی پرۆسەی ڕزگار کردنی عێراقیان کردوەو..... هـــا تینــــــــەوە.

کاریگەریی نوسەری مەزن و بەرهەمی مەزن ئەبێت وا بێـــــت.....

لەکۆتایدا شادمانم کەبەڵێنی خۆم بەجێهێنا و ئەم ڕۆمانەم لەدیلێتی ڕزگار کردو هێنامەوە ناو کتێبخانەی کوردی.

سوپاسیش بۆ کاك بەختیار ئەوڕەحمان و بۆ ڤینۆس خانی کچم لە کوردسات کە بەکۆمپیتەر بۆیان تایپ کردم و سوپاسیش بۆدەزگای سەردەم کە بۆی چاپ کردم .

**تۆفیق عەبدول**

**سلێمانی**

**2006/4/11**

## چیرۆكێك لەپێناوی ڕۆمانی

## (ئەوڕۆژەی لەسەدساڵ زیاتر درێژە ئەكێشێت )

www.pertwk.com

جاران هەرگیز نەمان ئەتوانی( گۆرانیەکە تا کۆتایی تەواو بکەین). ئەوا ئێستا ئەو توانایەمان هەیە...ئەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم لەم چیرۆکەدا یەکێك لەئەفسانە دەما ودەم گێڕاوەکانی ناو ڕەشەخەڵکەکەم دەربارەی جەنگیزخان بەکارهێناوە.ئەم داستانە لەگەڵ واقیعی مێژووییدا یەك ناگرێتەوە، بەلاّم شتی زۆرمان دەربارەی توانای یادەوەریی میللی پێڕائەگەیەنێت..

جەنگیز ئەیتماتۆڤ

شـەمەندەفەرەکان لـەم ناوچـانەدا لـە خۆرئـاواوە بـەرەو خۆرهـەڵات و لەخۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا ئەڕۆشتن... ئەو شۆفێری شەمەندەفەرانەی لەو شەوە کرێوانەی شوباتدا بەو ناوەدا تێئەپەڕین ئەبوایە زۆرهـەوڵ بـدەن بـــۆ ئـــەوەی لـــەناو ئـــەو زریانـــە بەفرانـــەی دەشـــتەکانی بنکـــەی (بـۆرانی_بۆرانـاوا)دا♥ بـەردەمی خۆیـان ببیـنن، کاتێـك ئـەو تاریکیـە سـپیەیان ئـەبڕی کەلەگـەڵ ئـەو ڕەشـەبایەی لەدەشـتە سـاردەکانی سارۆزیکیەوە ئەهات و بەسەر ناوچەکەدا ڕائەبورد...شەمەندەفەرەکان لە تاریکیدا ئەهاتن و ئەچون و ئەنالان لەو گێژەلۆکە بەرەو ژورانـەوە کـەوەکو پەلکــە هۆنرابونـــەوە، وەکـــو لەخـــەونێکی هەراســـانکەری ترســـناك دابـن....لەوجۆرەشـەوانەدا ، جیهـان وادەرئەکـەوت سـەر لـەنوێ لەهـەناوی گۆبەندی یەکەم دروست بونـدا لـەدایك ئەبێتـەوە، دەشـتەکانی سـارۆزیکی کەبەزوقمی هەناسەی ئەوگێـژاوە داپۆشـرابو، لەقەوارەیـەکی دوکـەڵ ئەچـو

♥ (لەدەقەئنگلیزییەکەدا (Borannlyi-Burannyi.ت.ع

www.pertwk.com

لەو شوێنە بیابانیەدا لە ململانێی دۆزەخیانەی نێوان ڕوناکی و تاریکیدا پەیدا بوبێت.

بەدرێژی شەو، بێ ئەوەی بکوژێتەوە تا بەیانی پەنجەرەیەکی بچکۆلە لە بنکەکەدا ئەسوتا وەکو لە پشت ئەو پەنجەرەیەوە مرۆڤێك هەبێت ئەشکەنجە بچێژێت. وەکو کەسێك لەوێ بێت نەخۆشییەکی قورسی بێت و جێ بەخۆی نەگرێت، یان کەسێك بێت خەوی زڕابێت.

ئەو پەنجەرە بچکۆلەیە پەنجەرەی (چاودێرگە)ی بنکەکە بو، کە خێزانەکەی ئەبوتالیب کۆتیبایڤ ی تیا ئەژیا.

هەمو ڕۆژێك — ژنەکەی و منالەکانیچاوەڕوانیان ئەکرد بێئەوەی چراکە بکوژێننەوە ، زەریفە♥شەو چەند جارێك هەلئەستا بۆ ئەوەی پلیتەی چراکە ببڕێت، هەمو جارێك ، لەگەڵ درەوشانەوەی شەوقی چراکەدا، بێ ئەوەیخۆی بیەوێت، ڕوانینی لەسەر دو کوڕە نوستوەکەی ئەنیشتەوە — دومنالە کەللە ڕەشەکەی وەکو دو توتکە ئەنوستن، ئەمیش لەسەرمادا لەژێر کراسەکەیەوە هەلئەلەرزی ، باسکەکانی لەسەرسنگی گرێ ئەدان و وەکو تارماییەکی تۆقیو تۆپەڵ ئەبو، تێی ئەڕوانین و ئەترسا لەوەی منالەکانی خەو بەباوکیانەوە ببینن و بەدەم خەوەوە هەستن و بەهەمو هێزیان باوەش بکەنەوەو بەرەو خالی تێپەڕبونەکە ڕابکەن، بەیەکەوە بگرین و پێبکەنن، ، بەلام بێئەوەی بیگەنێ.. کە بەخەبەر ئەبون لەگەڵ هاتنی هەمو شەمەندەفەرێکدا ، چاوەڕوانی باوکیان بون، هەتا ئەگەر نیو دەقیقەش لە بنکەکەیان بوەستایە ، هەرئەوەندە شەمەندەفەرێك بوەستایە و زیڕەی برێکەکانی بهاتایە، کوڕەکان ملیان بۆ

♥ (لەئنگلیزیەکەدا-زەریپە). ت.ع

پەنجەرەکە درێژ ئەکرد و ئامادەبون بەرەوپیری ڕابکەن، بەلاَم باوکیان سەری هەڵنەئەدا.

ڕۆژان ڕۆیشت و هیچ هەواڵێك لەبارەیەوە نەهات، وەکو کێوێك لەپڕ هەرەسی هێنابێت و بوبێت بەژێر قوڕولیتەکەی خۆیەوە، کەکەس نەزانێت کەی و لەکوێ ئەوەی بەسەر هاتوە.

پەنجەرەیەکی بچکۆلەی تر، کە بەئاسنی ڕەش شیش بەند کرابو، لەو سەرەکەی تری زەوی، لەژێرزەمینی گرتوخانەی لێکۆڵینەوە لە ئەلْما-ئەتا♥، ڕوناکیەکەی نە شەو و نە ڕۆژ نەئەکوژایەوە. ئەوە ئەبوتالیب کۆتیبایڤ یەك مانگی تەواوە بەدەست ئەو گلۆپە بەشەوقەی بە بنمیچەکەوە هەڵواسراوە و شەو ڕۆژ ناکوژێتەوە، ئازار ئەچێژێت . ئەم گلۆپە بۆ ئەو بوبو بە نەفرەت ، نەیئەزانی ڕابکات بۆکوێ، و چۆن چاوە یەشاوەکانی و سەرە کاسەکەی لەو تیشکە ڕەقە تیژە بپارێزێت کە ئەتوت چەقۆیە، بۆئەوەی بۆ یەك هەناسەش بێت لەبیری بچێتەوە. بۆ ئەوەی واز لەو بیرکردنەوەیە بێنێت بۆچی هێناویانەتە ئێرە و چیان لێ ئەوێت.

شەوان، هەر ئەوەندە ڕوی بکردایەتە دیوارەکە و سەری بەکراسەکەی داپۆشیایە، وەردیانێك♥ کە لەکونێکی بچوکی دەرگاکەوە چاوی لێ بو ، خۆی ئەکرد بەژورداو لەسەر زەویەکە ڕایئەکێشاو بەشەق تێی بەرئەبو:

---

♥ پایتەختی کازاخستان.ت.ع

♥ (لەکوردەواریدا لەکۆنەوە بەپۆلیسیبەندیخانەیان وتوە وەردیان..جیا لەناوەکانی تروەکو پۆلیس و سەربازوپاسەوان و.....تاد .کە ئەمە لە ئنگلیزیشدا هەروایەوبێگومان هەرلەویشەوە وەرگیراوەکەبەپۆلیسی بەندیخانە ئەڵێن-Wardenت.ع)

ڕونەکەیتە دیوارەکە خوێڕی.. سەرت دانەپۆشیت، هیچ و پوچی فلاسۆڤی♥.

لەگەڵ ئەو هەمو هاوارە زۆرەدا کە فلاسۆڤی نیە ، گوێیان لێنەئەگرت و بایەخیان بەهاوارەکەی نەئەدا ، سەر لەنوێ درێژ ئەبوەوە و ڕوی ئەکردەوە گلۆپە بێ بەزەییەکەو چاوەکانی ئەنوقاند و گلێنە هەوکردوە بەئازارەکانی بەرەو چاڵی چاوی ئەگوشی، بەئەشکەنجەو ئازارەوە تامەزرۆی ئەوە بو هەست بەتاریکی بکات، بکەوێتە تاریکیەکی ئەنگوستە چاو ، هەتا ئەگەر گۆڕیش بێت کە چاو و مێشك ئیتر ئەتوانن نەبن، ئیتر هیچ بەندیەوانێك و هیچ لێکۆڵەرەوەیەك دەسەڵاتیان نامێنێت بەم ئازارە توانا پڕوکێنە ئەشکەنجەی بدەن بە ڕوناکی ، خەولێزڕاندن ، و تێهەڵدان . وەردیانەکان بەنۆرە ئەگۆڕان بەڵام وەك ئەوەی هەمویان یەك کەس بن وابو، کەس بەزەیی پیایدا نەئەهاتەوە ، کەسێکیان نەبو خۆی گێل بکات و چاوپۆشی بکات لەوەی زیندانیەکە ڕوی کردۆتە دیوارەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چاوەڕوان بون زوتر ڕوبکاتە دیوارەکە بۆ ئەوەی بەر شەق و بۆکسی بدەن و بەدڵگەرمیەوە تێر جنێوی بکەن.

لەگەڵ ئەوەدا ئەبوتالیب کۆتیبایف ئەرك و فەرمانەکانی پاسەوانی زیندانی ئەزانی، هەندێ جار بەبێدەسەڵاتیەوە لەخۆی ئەپرسی، (ئەمانە بۆ وان؟ ئەمانە لەڕواڵەتدا لەمرۆڤ ئەچن، چۆن ئەبێت مرۆڤ ئەم هەمو

---

♥ سەربەفلاسۆڤ،کە جەنەراڵێکی پێشوی سوپای سۆڤێتی بو لەساڵەکانی جەنگی نیشتمانیی گەورەدا ، هێزێکی سەربازی خیانەتکاری دژی یەکێتی سۆڤێت دروست کرد و هاوکاری هێزە فاشییەکانی ئەڵمانیای ئەکرد و خۆیان ناونابو سوپای رزگاری روسی. و. عەرەبی

ڕق و کینەیەی تیا بێت؟ من هیچ زیانێکم پێنەگەیاندون، نە ئەوان من ئەناسن و نەمن ئەوان ئەناسم ، کە چی تێم هەڵئەدەن و سوکایەتیم پێ ئەکەن وەکو باوکیانم کوشتبێ!باشە بۆچی؟ ئەم جۆرە خەڵکانە لەکوێوە دێن ؟ چۆن بەم شێوەیان لێدێت؟ بۆچی ئازارم ئەدەن ؟ چۆن خۆم ڕاگرم ، چۆن شێت نەبم و مێشکی سەرم بەو دیوارە نەتەقێنم؟ کە هیچ ڕێگایەکی دەربازبونی ترم نیە.

جارێکیان خۆی پێڕانەگیرا، وەکو چەخماخەیەکی سپی لەناخیدا بریسکابێتەوە، نەیزانی چۆن پەلاماری پاسەوانێکی چاودێری زیندانەکەی دا، کاتێك شەقی لەم هەڵئەدا، لولی کرد و تلانی لەخۆڵەکەوە و کردی بەژێر خۆیەوە (ئەگەر بەرەی جەنگ ئەبو ئێستا وەکو سەگی هار ئەمتۆپاندی) ئەبوتالیب بەدەنگێکی نێرەوە نەڕاندی، لەکاتێکدا یەخەی کراسی پاسەوانەکەی ئەدڕاند و بەپەنجە لەرزۆکەکانی قورقوڕاگەی ئەگوشی، کەس نازانێت چۆن کۆتایی ئەهات ئەگەر ئەو دو وەردیانەی لەدالأنەکەدا بون فریای نەکەوتنایە و لەژێرچنگی دەریان نەهێنایە. ئەبوتالیب کەهاتەوەهۆش خۆی، بەلأم ڕۆژی دوایی، لە نێوان ئەو لێلایی و ئازارەوە یەکەم شت بینی هەمان ئەو گلۆپە داگیرساوە بو بە بنمیچەکەوە لەگەڵ پەرستارێکدا کەئەیدا بەپشتیا... ڕاکشێ و مەجوڵێ ، ئەمجارە نامریت — پەرستارەکە برینەکەی ناوچەوانی تیمار ئەکرد — بەلأم ئیتر ئاوا شێت نەبیتەوە ، ئەیانتوانی دەستبەجێ لەناوت بەرن ، چونکە پەلاماری وەردیانێکت داوە، یان وەکو سەگ بیانتۆپانیتایە کەس لێی نەئەپرسیت، سوپاسی تانسیقبایف بکە چونکە ئەو لاشەکەتی ناوێت، بەڵکۆ خۆتی بەزیندویی ئەوێت، تێگەیشتیت؟؟. ئەبو تالیب بێدەنگییەکی بێتام

بێدەنگ بو، چی بەسەر ئەهات و چارەنوس بەرەو کوێی ئەبرد یەك شت بو لەلای، هەست کردن بەئازار لەقولایی ناخدا شتێك بو ئیتر لای ئەم نەمابو.

لەو ڕۆژانەدا جار جارێك توشی تۆرانی ئەقڵ ئەبو — هەستی بەدەورو پشت نەئەکرد و وەنەوز بوبو بە پارێزەرێکی ڕزگار کەر، لەو چرکە ساتانەدا ئەبوتالیب ئارەزوی نەبو نەخۆی بشارێتەوە نە لە ڕوناکیەکە هەڵبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی ئەدا ڕوبەڕوی ئەو تیشکە بەئازارە بێبەزەییە ببێتەوە کە ئەقڵی لەلای نەئەهێشت و هەستی ئەکرد لەهەوادا ئەفرێت و لەسەرچاوەی ئازار و خرۆشانەکەی نزیك ئەبێتەوە، و بەسەر خۆیدا سەر ئەکەوێت ، بۆئەوەی هێزی ڕوناکیە بەهێزەکە ببەزێنێت، بۆئەوەی بتوێتەوەو لەنەماندا ون ببێت. بەڵام لەوکاتەدا داوێك لە گڵۆڵەی هەستە ماندوەکەیدا نەیئەهێشت فەنا ببێت، ئەو داوەی بەستبویەوە بەو پاشماوەیەی لەڕابردوی مابوەوە، ئەو داوە ئەو دڵتەنگیە قورسە بو کە پاشەکشێی نەئەکرد و ئەو ترسە بو لە منداڵ و خاو و خێزانەکەی کە نەئەڕەویەوە. ئەبوتالیب لەپێناوی ئەواندا کەلە سارۆزیکی بەجێمابون، ئازارێکی زۆری ئەچەشت. هەوڵی ئەدا دادگایی خودی خۆی بکات و تاوانەکە بزانێت .

هەوڵی ئەدا وەڵامێکی خۆی بداتەوە، لەسەرچی بەم شێوەیە سزا ئەدرێت ، بەڵام وەڵامێکی نەئەدۆزیەوە ، ئایا لەبەر ئەوەیە کە دیل بوە . بەڵام خۆ ئەویش لەگەڵ ئەو هەزاران کەسەدا دیل کرا کە ئەڵمانیەکان دەورەیان گرتن و هیچ چارێکی تریان نەبو لەوە زیاتر. بەڵام ئەوە ئەبێت چەند سزا بدرێت لەسەری؟؟.

جەنگ کۆتایی هاتوەو بڕاوەتەوە نرخی هەمو شتێك بەسەربازگە و گرتن و خوێن درا، ئەو کاتەش زۆری ئەماوە ئەوانەی لەو جەنگەدا بەشداربون بەسەرگۆڕەکانیاندا دابەش ببن، لەکاتێکدا دەسەلاتی ڕەها هێشتا بەردەوامە لە تۆڵەسەندنەوە، چونکە هێشتا عەقلی نەهاتۆتەوە بەرخۆی ئەگینا ئەوەی ڕوئەدات یانی چی؟ کە ئەبوتالیب وەلامێکی بۆ پرسیارەکەی نەئەدۆزیەوە دڵخۆشیی خۆی بەوە ئەدایەوە، ئومێدەوار بو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕون بوایەتەوە ئەوەی ڕویدا خراپ تێگەیشتنێکی نابەجێ بو. ئەوکاتە ئەبوتالیب کۆتیبایڤ ئامادە ئەبێت هەمو ئەو خراپانەی دەربارەی کراوە لەیادیان بکات – با تەنیا بەخێرایی ئازادی بکەن و بینێرنەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی ڕابکات ، نەخێر بۆ ئەوەی وەکو باڵی هەبێت ، بفڕێت بۆ ئەوێ ، بۆ لای مناڵەکانی، بۆلای خێزانەکەی، بۆ سارۆزیکی، بۆ بنکەی بۆرانـاوا کە هەردو کوڕەکەی ئیرمیك و داوڵ و زەریفەی ژنی وەکو پشکۆ بەگەرمی چاوەڕوانی ئەکەن، ئەو زەریفەیەی کە لەو دەشتە زوقماویەدا وەکو باڵندەیەك مناڵەکانی لەژێر باڵەکانیدا ئەپارێزێت و نوساندونی بەدڵە گەرمەکەیەوەو هەوڵ ئەدات بەو فرمێسك و پاڕانەوانەی کە کۆتاییان نایەت کاریگەریەکی بەهێزی هەبێت و مەترسی لەسەر چارەنوسی کەم بکاتەوەو داوای بەخشین بکات بۆ ئەوەی گیانی مێردەکەی ڕزگار بکات. ئەبو تالیب بۆ ئەوەی نەداتە پڕمەی گریان و ئەم نەگبەتیە شێتی نەکات، پەنای ئەبردە بەر خەیاڵ کردن ، ئەگەرا بەدوای دڵنیاکەرەوەی درۆدا. لەخەیاڵی خۆیدا لەبەرئەوەی هیچی لەسەر نەدۆزراوەتەوە ئازادکراوەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، لە خەیاڵی خۆیدا لە سەرپلەکانی شەمەندەفەرێکی بارکە بەوێدا ئەڕوات و ئەیباتەوە بۆ ماڵەوە ،

بازئەداتە خوارەوەو بەرەوماڵەوە ڕائـەکات، مناڵـەکانی و ژنەکـەی دێـن بـە پیریەوە و باوەشی پیائەکەن .... بەڵام ئەو چرکە ساتانەی خەیاڵ تێئەپەڕن و ، ئەگەڕێتــەوە ســەر واقیــع وەکــو مەســتیی بــەری دابێــت، دڵتــەنگی و خەمۆکی دایئەگرتەوەو هەندێ جار بیرئەکاتــەوە ئازارەکـانی دایـك و باوکـە کوژراوەکــەی ئەفســانەی (ئیعــدامێك لــە ســارۆزیکی) کــە نوســیویەتەوە و ماڵئاوایی کردنەکەیان لە مناڵەکە شـتێکی هەمیشـەییەو ئێسـتا بەسـەر ئـەم دێتەوە. ئەمیش بەو گرتن و دابڕانە کوژراوە... تەنیا مردنە مافی ئـەوەی هەیە باوك لە ماڵ و منـاڵی بکات، ئـیتر نەکەسـی تـر و نـە هیچـی تـر ئـەو توانا و دەسەڵاتەی نیە.

ئالەم کاتە جەرگبڕانە دا ئـەبوتالیب بێـدەنگ ئـەگریا ، شـەرمی لـەخۆی ئــەکرد، نەیئــەزانی چــۆن فرمێســکەکانی بگرێــت بەســەر دەم و چــاوە ڕەقەکەیدا نەیەنـەخوارەوە وەك چۆن بـاران بەسـەر بـەردا ئـەبارێت .. ئـەم ئازارانەی لەجەنگیشدا نەچێشتوە. ئـەو کاتـە تـاکێکی جەربـەزە بـو بۆخـۆی ئـەژیا، بـەڵام ئێسـتا دڵنیایـە منـاڵ – ئـەو دیاریـەی کـە زۆر ئاسـایی دێتـە بەرچاو – هەڵگری مانای ژیانەو ، ئەوان- لەهەمو حاڵەتێکی دیاریکراودا – مایەی بەختەوەرین بۆ هەمو مرۆڤێك ، بەختەوەری بۆ ئەم، ئەگـەر بـبن، و مەرگەســات و هەناســە ســاردی ئەگــەر نەیانبینێتــەوە..ئێســتا لــە بــەهای بەرزی ژیان دڵنیایە کە خەریکە لەدەستی ئەدات، بەهاتنی دواین سـەعات ، لـەدواین داگیرسـانی ڕوناکیـە تۆقێنەرەکـەدا، پـێش ئـەوەی بگاتـە تـاریکی هەمیشـەیی، کـاتی لێپرسـینەوەو دیـاریکردنی سـەرئەنجامەکان. گـرنگترین سەرەنجامی ژیان مناڵە، لەوانەیە هۆی ئـەوە بێـت سروشـت ئـاوا ڕێکخـراوە: دایــك و بــاوك ژیــان بــەرێ ئەکــەن بــۆ ئــەوەی بــەردەوامی خۆیــان

دابمــەزرێنن..هەڵپرووچــقانی بــاوك لــە منداڵــەکانی واتــای ڕێگرتنــە لــە بەجێهێنانی ئەرکی باوکایەتی ، واتای حوکم دانە بەسەر ژیاندا کە بەفیڕۆ بــڕوات، زۆر نارەحــەت بولــەوەی لــە کــاتی وردکردنــەوە و لەناخــەوە بینینیئـەم حەقیقەتانـەدا توشـی ڕوخـان ئـەبێت. دوای ئـەوەی ئـەبوتالیب دیمەنی بەیەکگەیشتنەوەی بەخەیاڵ بینی، وەکو بەچاوی خـۆی بینیبێتـی، دەرکـی کـرد ئـەو خەونـەی نایەتـە دی. دەستەوسـانیی و بـێ دەسـەلاتیی چۆکیان پێ دادا. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆبەدەستەوەدان زیاتر دەستی بەسـەردا ئەگرت و ویست و ئـارەزو و تواناکانی لاوازتـر ئـەکرد، خـۆ بەدەسـتەوەدان لەناخیدا بەردەوام کەڵەکە ئەبو وەك چۆن بەفرێکی تەڕ لە لاپاڵی چیایەکی لێژدا کەڵەکە ئەکات و چاوەڕوان ئـەکرێت ها ئێستا! ها ئێستا نـا! هـەرەس بێنێـت. ئەمـەبو کـە لێکۆڵـەرەوەی دەزگـای ئاسایشـی دەوڵـەت تانسـیقبایف ئەیویست و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و پلان بۆ دارێـژراو هـەوڵی بـۆ ئـەدا، بۆئەوەی ئەو کێشەیەی کە تـەونێکی شـەیتانیانەی بـۆ تـەنیبو ، دژی دیلـی جـەنگی کـۆن ئـەبوتالیب کۆتیبـایف ، بـە پاڵپشـتی سـەرکردەکانی ، ڕایـی بکات. دەربارەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ موخابەراتی بەریتانیاو یۆگۆسلاڤیاو جێبــەجێ کردنــی کــارێکی ئایدۆلۆجیانــەی تێکدەرانــە لــە ناوڕیزەکــانی دانیشتوانی هەندێك ناوچەی کازاخستان دا.

بەشـێوەیەکی گشـتی دارشـتنەکە بـەم جـۆرە بـو، هیشـتا کـارێکی زۆر لەبواری لێکۆڵینەوەکەدا مابو لە پێناوی چەسپاندن و بەکارهێنانی هەندێك لە وردەکاریەکاندا، هەروەها ئـەبێت ئـەبوتالیب کۆتیبـایف والێبکرێت دان بە هەمو پێکهاتەکانی تاوانەکەدا بنێت بەڵام لەهەمو شتەکان گرنگتر ئێستا ئەوەیە تاوانبارکردنەکە بەجۆرێك دابڕێژرێت کـە بایـەخێکی سیاسـی بـالای

هەبێت و بەئاگایی وزیرەکی وپەرۆشیی بێ سنور بۆ ئەرك و پیشەی تانسیقبایڤ بسەلمێنێت.

ئەم كێشەیە كە بۆ تانسیقبایڤ مایەی سەركەوتنێكی گەورە بو لە ژیاندا لەهەمان كاتدا داوێك بو ئەبوتالیب كۆتیبایڤی توشی چارەنوسی تیاچون و فەوتان ئەكرد، كەواتە ئەم ڕایەڵە ترسناكە كە یەك كۆتایی هەیە و ، هیچی تر- دان پیانانی تەواو بەهەمو ئەو تاوانانەی دراونەتە پاڵی و ئەو سەرەنجامانەی لێی ئەكەونەوە، ئەم سەرەنجامە پێشتر بڕیاری لەسەردرابو، چونكە خودی تۆمەتباركردنەكە خۆی بەڵگەی تاوانباریە، لەبەر ئەوە تانسیقبایڤ دودڵ نەبو دەربارەی سەركەوتنی كۆتایی پرۆژەكەی.

ئەم زستانە وەرزی زێڕینی ئەوەو كاتی پلە بەرزكردنەوەی هاتوە. ئەو لە ئاكامی هەڵەیەكی بچوك لەكاتی خزمەتدا چەند ساڵێك بە پلەی ڕائد مایەوە. بەڵام ئێستا ئاسۆیەكی نوێی بۆ كراوەتەوە، چونكە زۆر نین ئەو دەرفەتانەی كە ئەتوانێت لە قوڵایی كێشەكەی ئەبوتالیب كۆتیبایڤ دەریان بكێشێت. ئێستا ڕێوی هاتوە بە پیریەوەو ئەبێت لە كیس خۆی نەدات . بەڵێ، ئەكرێت بلێین مێژو لەو رۆژگاری شوباتی ساڵی 1953یەدا بەدەمیەوە پێكەنی، وادیارە مێژوی وڵات تەنیا بۆ ئەم ئامانجە هاتۆتە ئاراوە، باخۆی ئامادە بكات بۆ بەدیهێنانی مەرامەكانی.

تانسیقبایڤ ئەوەندەی هەستی دەركی بەم خزمەت و پیاوەتیەی مێژو كردبو ، كەوای كردوە بەردەوام بایەخی خزمەتەكانی زیاد بكات ئەوەندە بە عەقڵ دەركی پێنەكردبو و بەوەش بەردەوام بەهای خۆی لەلای خۆی بەرزتر ئەبوەوە، لەبەر ئەوە لە حاڵەتێكی هەستانەوەی مەعنەوی و

هەڵچون دا ئەژیا ، کە سەیری ئاوێنەی ئەکرد هەندێ جار سەرسام ئەبو، دەمێکە بەم شێوەیە نەگەشاوەتەوە، گەشانەوەی گەنجان، چاوەکانی نەئەتروکاندو شانەکانی هەڵئەتەکاند وخۆی ڕێك ئەکردەوە و، بەدڵخۆشی و سەربەرزیەوە بەزمانێکی ڕوسی پاراو لەبەر خۆیەوە ئەیوت ( بۆئەوە لەدایك بوین ئەفسانەیەك بکەین بەچیرۆکێکی واقیعی) ژنەکەشی کە هەمان بۆچون و پێشبینییەکانی ئەوی هەبو ، ئەویش دڵی خۆش بو ، ئەگەر قسە بهاتایەتە پێشەوە ئەیوت ( قەیناکات ، بەم زوانە چیمان بوێت، دەستمان ئەکەوێت) کوڕەکەشی کەلە دوا پۆلی قوتابخانەدا بو ، هەڵسوڕاوێکی چالاکی (کۆمسۆمۆڵ)♥ بو لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێك سەرکێش و نەگریس بو، مەسەلەیەك پەیوەندیی بە ئامانجە دیاریکراوەکەوە بوایە بە هەڵچونەوە ئەیپرسی (بابە، بەم زوانە پیرۆزبایی بەموقەدەم بونت لێ ئەکەین؟؟) ئەمانە هەمو هۆکاری دیاریکراوی خۆیان هەبو، هەرچەندە ئەم هۆکارانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە تانسیقبایفەوە نەبو، بەڵام.... تەنیا ئەوەندە یە ماوەیەکی کەم لەمەوبەر ، نزیکەی شەش مانگێك پێش ئێستا دادگایەکی داخراو لە ئەڵما-ئەتا کرا، لەدادگایەکی سەربازیدا گروپێك لە توندڕەوە نەتەوە پەرستە بۆرجوازییە کازاخییەکان حوکم دران و ئەو دوژمنانەی گەلی زەحمەتکێش بێ بەزەییانە و بۆ هەتا هەتایە ڕیشەکێش کران، دوانیان بەهۆی کارە زانستییەکانیانەوە کە بەزمانی کازاخی نوسیبویان و تیایدا ڕابردوی داسەپاوی دەرەبەگایەتی نەفرەت لێکراویان بە ڕابردویەکی نمونەیی لەقەڵەم دابو کەلەکەدارکردنی بارودۆخی نوێیە بەتوندترین سزا-ی ئیعدام حوکم دران، و دوانیش لە

♥ (ڕێکخراوی گەنجان یان لاوانی شیوعی. ت.ع)

www.pertwk.com

یاریـدەدەرە زانسـتییەکانی پەیمانگـەی زمـان و ئـەدەبی سـەر بەئـەکادیمیای زانسـتیان بـە بیسـت و پێـنج سـاڵ لەگـەڵ کـاری ناڕەحـەت حـوکم دابـو... ئەوانی تریش .. هەریەکی دە ساڵ .. بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەمە نیە، بەڵکو ئەوەیە لە ئەنجامی ئەم دادگایی کردنانـەدا لـە نێوەنـدەوە خـەڵاتی هانـدانی بە نـرخ بـۆ ئـەو کارمەندانـەی دەزگـا تایبەتیـەکان هـاتبو کـە ڕاسـتەوخۆ لـە ئاشکرا کردن و ڕیشەکێش کردنی ئـەو نەتەوەییـە تونـدڕەوە بۆرجوازیانـەدا بەشـدارییان کردبـو. لـە ڕاسـتیدا خەڵاتـەکانی دەوڵـەت بـۆ هانـدانی ئـەو دەزگایانەش بە شێوەیەکی نهێنی بو ، بەڵام ئەمە هەرگیز لە بـەهایان کـەم ناکاتەوە، پلـە بـەرز دەکرایـەوەو ڕوتبـەی نائاسـایی دابـەش کـراو نیشانە و ملوانکەی ئازایەتی کرایـە مـل و هەڵواسـران و پـارەی دەسـتیی زۆر بەخشـرا بەرامبەر جێبەجێکردنی دڵسۆزانەی ئەرکـەکان و فـەرمانی ئاراسـتەکردنی سـوپاس و پێـزانین دەرکـران، جگـە لـە چـەندین هـەنگاو و ڕێ و ڕەسمـی پێزانین و بایەخ پێدان، کە هەموویان بریسکەیەکی تریان بەژیان ئەبەخشی ، هەروەها نیشتەجێکردنی هەڵکەوتوە دەرکەوتوە تایبەتیەکان لە شوققەی نوێدا کارێکی بەجێیە، هەمو ئەمانە بۆیە ئەکران ئەوانە زیـاتر جێپـێگیر بکەن و دەنگ دلێرتر و نێرتر بـن، سلاوە سـەربازیەکان تونـدتر بکـرێن و پاژنەکان بەبڕوای زیاترەوەبدرێن لەیەك .

تانسیقبایف لـەناو ئـەو پلـە بـەرزکراو ڕێزلێنراوانـەدا نـەبو، بـەڵام لـە ئاهەنگـەکانی هەڤاڵەکانیـدا چالاکیەکی تونـدوتۆڵی هـەبو زۆربـەی ئێـواران لەگەڵ ئیکۆمیس ی ژنیدا ئەچون بۆ بەسـەرکردنەوەی ئاهـەنگی ئـەو پلـە و نیشانەی ئازایەتیانەی ئەبەخشران یـان ئـەو شـوققە نوێیانـەی مـاڵ ئەچوە ناویان ، هێشتا هەر لەسەرەتای ساڵدا بون زنجیرەیەك بانگهێشت و ئاهـەنگ

گێـڕان دەسـتی پێکـرد. ئـەو دەعـوەت و ئاهەنگانـە ئەوەنـدە خـۆش بـون لـە بیرناچنەوە، میوانەکان کاتێـك بەشـەقامە سـاردە کـەم ڕوناکیـەکانی ئـەڵما-ئەتادا ئەهاتن کە تۆزێـك سـەرمایان ئـەبو هەرئەوەنـدەی پێیـان ئەنایـە نـاو دەرگاکان لەگەرمی بەخێرهاتن و پێشوازی خانەخوێ چاوەڕوانەکانی خاوەن شـوققە نوێیەکانـدا نـوقم ئـەبون و ئـەو گـورج و گـوڵی و ڕوخۆشـی و دڵخۆشـیەی لـە ڕوخسـار و چـاوانی خـاوەن ماڵەکانـەوە بـەدی ئـەکران ڕاسـتەقینەو ڕاسـتگۆیانە بـون، چـونکە بەڕاسـتی ئـەوە جـەژن بـو بـۆ ئـەو کەسانەی هەڵبـژێرابون، ئەوانـەی جارێکیتر تـامی کامـەرانیان چەشـتەوە، لەو قۆناغە دا کە هەژاری و برسێتی ساڵانی دوای جەنگ هێشتا لەبەر چاو و هـزری خەڵکدا بـو، ئـەم خۆشـگوزەرانیە نوێیـە هەڵبژاردەیـە لـە چـوار قورنەی دەوڵەتـدا بـە پێزانینێکی مەزنـەوە پێشوازی لێکـراو دەرویـەك بـو سـەری بـۆ رائەوەشـێنرا. جۆرەکـانی کۆنیـاکی گرانبـەها و سـورەییاو شوشـەمەنی کریسـتاڵ لـەم ناوچـە دورە دەسـتانەدا بوبونـە بـاو. لەسەقفەکانەوە بریسکەی سورەییای چەند گۆشەی بەتاڵان هاتو ئـەو نـاوەی ئەڕازاندەوەو قاپ و قاچاخی ئەڵمانی کە دەستکەوتی جەنگاوەران بو لەسەر مێزەکـان کەبەسـەرمێزی سـپی داپۆشـرابون ئەدرەوشـانەوە، هـەمو ئەمانـە دڵیان ئەکردەوەو کەش و هەوایەکی خانەدانی یان ئەڕەخساند کە بەرزترین ماناکانی ژیانیان لەخۆ ئەگرت، وەکو هیچ شتێك نەبێت لەجیهانـدا شـایانی بایـەخ پێـدان بێـت ئـەوان نـەبن، هـەر لـەدەروازەی شـوقەکەوە هـاڵاوی چێشتخانە ئەهات بەسـەرتا کـە بێجگـە لـە شـتەکانی تـر خـواردنی سـەرەکی پێویسـتیان تیـا لێئـەنرا: گۆشـتی ناسـکی وڵاخـی بـەرزەی کـەم تەمـەن کـە خواردنی باوباپیران بو و لەژیانی ڕەوەندیەوە بۆیان مابوەوە، ئەو گۆشتەی،

کە بەشێوەیەکی سەیر بۆن و بەرامەی کۆنی دەرودەشتی لەناو دیوارە تازەکاندا بلاوئەکردەوە. هەمو ئامادەبوان لە چاوەڕوانی خوانە گەورەکەدا بە ویقارەوە قسە ئەکەن، بەلام مەبەستی کۆبونەوەکە خودی خواردنەکە نیە- چونکە مرۆڤی تێر کاتێك خواردنێکی زۆر لەبەردەمیدا ئەبێت بیر لە گیروگرفتەکانی ناوخۆی ئەکاتەوە- بەقەد ئەوەی مەبەست وتوێژەکانی دەوری خواردنەکەیە، دەربارەی پیرۆزبایی و ئاواتە بەدی نەهاتوەکان، لەم جۆرە بۆنانەدا چێژێکی شیرینی شاراوە هەیە کە کۆتایی نایەت، ئەم هەستە دەرونیە شیرینە جێگای هەمو ئەو شتانەی تیائەبوەوەو ئەشاردەوە کەلەناخی مرۆڤەکاندا شارابوەونەوە . هەتا ئیرەیی پێ بردن بۆ ماوەیەك لە ئیرەیی دەرئەچو، مەراییش بۆ ماوەیەکی کورت ئەگۆڕا بەدڵسۆزی. هەر کەسێك لە ئاستی خۆیەوە بە شێوەیەکی سەیر ئەگۆڕا بۆ یەکێك لەدەستەی پیاهەڵدان ، بەوتە، بەلام چەند ئەتوانێ زیرەکانە، لەوەش گرنگتر — بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت، بەگفت شیرینی و ڕەوانبێژیش ئەیرازاندەوە، لەبەربەرەکانێیەکی ئاشکرا نەکراودا لەگەڵ ئەوانی تردا، ئەمە خرۆشان و وروژانێکی تایبەتی ئەرەخساند، ئەو ڕستانەی لەکاتی پێك لێکداندا ئەوتران زۆر ناسك و جوان بون ، ئەتوت باڵندەی باڵ نەخشینن و بە ژێر سەقفەکاندا ئەفرن کە بە سورەییای تالانیی ڕازێنرابونەوە، چەند جوان بون ئەو وشانەی هەڵئەرێژران، وەکو پێشەکی وێنە کێشرابن ، کە گوڕوتینێکی زیاتر و بەهێزتری لای ئامادەبوان دروست ئەکرد.

ئەوەی زیاتر سەرنجی تانسیقبایڤ و ژنەکەی ڕاکێشا وروژاندنی وتەی پێش پێك هەڵدانی موقەدەمێکی تازە پیاکەوتوی کازاخی بو ، کاتێك بەهەیبەتەوە لە پشت مێزەکەوە وەستاو کاریگەرانە و خۆ بەشت زانانانەوە

دوا وەکو ئەکتەرێك بێت لەدرامایەکی شانۆیی داو دەوری پاشایەك ببینێ کەسەرئەکەوێتە سەر تەخت.

ئاسیل دوستار♥ ... موقەدەمەکە چاوێکی بەناو خەڵکە دانیشتوەکەدا گێڕا، سەیرکردنێك بەهەیبەتەوە کە چەندین مانای ئەبەخشی، وەکو بیەوێت بەم تێڕوانینە بیسەپێنێت هەمویان ئەبێت چاویان لەدەمیئەم بێت و هۆشیان لەلای بێت... ئێوە ئەزانن ، ئەمڕۆ کامەرانی من وەکو دەریا شەپۆل ئەدات، ئێوە ئەزانن من ئەمەوێت وتەیەك بڵێم، سەرەی خۆمەو ئەمەوێت قسە بکەم، ئێوە ئەزانن- من هەمیشە بڕوام بەشتە ماددیەکان بوەو لەسایەی کۆمسۆمۆڵدا پەروەردە بوم، من کە بەلشەفیەکی نەبەزم – ئێوە ئەزانن کەمن زۆر شانازی پێوە ئەکەم، پەروەردگار لای من هیچ نیە، هەمو کەسێك ئەزانێت و هەمو قوتابیەکی سۆڤێتی ئەزانێت ئێمە سەروەرێکی ترمان هەیە، بەلاّم ئەمەوێت قسە لەسەر مەسەلەیەکی تر بکەم. ئێوە ئەزانن- ئەمەوێت بڵێم پەروەردگاری ئێمە لەم دنیایەدا یە، بەیارمەتی، ڕاوەستن پێ مەکەنن، ئازیزان چیتانە، ! وائەزانن بوم بەقسەی خۆمەوە ئێوە ئەزانن- من مەبەستم ئەو پەروەردگارە نیە کە چەوسێنەرانی جەماوەری زەحمەتکێش پێش شۆڕش دایان هێنابو. پەروەردگاری ئێمە ئەوەیە دەسەلاّتی بەدەستە، کەبەویستی ئەو – وەکو لە ڕۆژنامەکاندا ئەڵێن سەردەم ئاڕاستە ئەکرێت و ئێمە لە سەرکەوتنێکەوە ئەچین بۆ سەرکەوتنێکی تر ، بەرەو سەرکەوتنێکی سەرتاسەری شیوعیەت لە جیهاندا ، سەروەری ئێمە سەرکردە مەزنەکەمانە کە جڵەوی سەردەمی گرتوەبەدەستەوە، وەك چۆن – ئێوە ئەزانن سەر قافڵەچی جڵەوی یەکەم

♥ دۆستان وخۆشەویستان- بەزمانی کازاخی.و.عەرەبی

حوشتری کاروان ئـەگرێت، ئـەوە یوسـفی ئێمەیـە، یوسـف فیسـاریۆنۆڤیچ♥ ئێمەش لەدوایەوە، ئەو پێش کاروانەکە کەوتوەو ئێمەش یەکرِیز لەدوایەوە ئەرِۆین هەرکەسێك پێچەوانەی ئـەوە بیرئەکاتـەوە کـە ئێمـە بیرئەکەینـەوە رزگـاری نابێـت، یـان بۆچـونی پێچـەوانەی بۆچـونی ئێمەیـە دەربـارەی چیکا♥ ی تەمێکار کە دزیرجینیسکی پۆلاین بۆ ئێمەی بەدیهێناوە.

- ئێـوە ئـەزانن جـەنگی تاسـەرکەوتنی کۆتـایی —مـان بەرامبەر دوژمنان راگەیانـدوە ، هـەمو تـوخم و خێـزان و ئەوانەشـی کە هاوکاریان ئەکەن لەناوئەبەین ، لە پێناوی کێشەی پرۆلیتاریادا — ئێوە ئـەزانن وەك چۆن گـەلای پـایز کۆمـەڵ ئـەکرێت و ئـاگری پێـوە ئەنرێت ئاوا شوێنەواریان نـاهێڵین چونکە ناکرێت لەیـەك بیروبـاوەرِ زیـاتر هـەبێت —ئێـوە ئـەزانن ئـەویش کامەیـە! ئـەوا ئێمـە بەیەکـەوە لەگەڵ ئێوەدا خاکەکەمان لە دوژمنە ئایدۆلۆجییـەکانمان، تونـد رِەوە نەتەوە خوازە بۆرجوازیەکان و — ئێـوە ئـەزانن نـەیارانی تـریش پـاك ئەکەینەوە.

دوژمن لەهەرشـوێنێك خـۆی شـاردبێتەوە یـان بەهـەر شـێوەیەك خـۆی نیشان بدات دەربـازبونی نیـە، لەهـەمو کـات و شـوێنێکدا ئـەبێت دوژمنـی چینایەتی ئاشـکرا بکـرێن و پـەردە لەسـەر بـەکرێگیراوە هاوپەیمانـەکانیان لابدرێت.

ئێوە ئەزانن — پێویستە وەکو هاورِێ ستالین فێری کردوین —دروشممان

---

♥ ستالین.و.عەرەبی

♥ کورت کراوەی (ئاسایشی دەوڵەت ، بەزمانی رِوسی)و. عەرەبی

لێدانی دوژمنان و بەرزکردنەوەی ئاستی ورەی جەماوەری گەلەکەمان بێت، ئـەمڕۆ کـەمن دەستنیشـان کـراوم و ڕێـزم لێنـراوە ، کاتێـك کـە فـەرمانی بەخشینی پلەی تایبەت-م خوێندرایەوە، سوێندم خـوارد بـێ دودڵی لەسـەر ڕێبازی ستالینی بڕۆم —ئێوە ئەزانن ئەبێ بەدوای دوژمناندا بگەڕێم و بیان دۆزمـەوە و نیـازە دوژمنکاریـەکانیان بخەمـە ڕو بۆئـەوەی ئـەو سـزا تونـدە وەربگرن کە چاوپۆشـی لێناکرێـت. وابـزانم ئـەزانن ئێمـە تونـدڕەوە نەتـەوە خـوازە سـەرەکیەکانمان لـە پـەل و پـۆ خسـتوە کـە نـەتوانن ئازارمـان پـێ بگەیـەنن، بـەڵام هاوسـۆز و ڕاوکـەکانیان لـە پـەیمانگاکان و دەسـتەکانی ڕزگاریدا خۆیان شاردۆتەوە، ئەوانەش لەدەستمان دەرناچن و ڕەحمیـان پـێ ناکـەین. جارێکیـان یـەکێك لـەو تونـدڕەوە نەتەوەخوازانـە لـە لێکۆڵینـەوەدا پێی وتم: بەهەمو پێوەرێك سـەرەنجام مێـژوتان ئەگاتـە ڕێگایـەکی داخـراو، و وەك چۆن نەفرەت لە شەیتان ئەکرێت ئـاوا بەرنـەفرەتی مێـژو و خـەڵك ئەکەون- تێئەگەن؟!.

ئەبوایە لە شوێنی خۆیدا بمکوشتایە.

تانسیقبایف خۆی بۆ نەگیرا و هەستایە سەرپێی و بـە توڕەییـەوە وتـی: ڕاست ئەکەیت هاوڕێی ڕائید.

موقەدەمەکە پشتگیری کرد.. ئەگەر هێشـتا بـۆ لێکۆڵینـەوە پێویسـتمان پێی نەبوایە ئەمکوشت.

پێم وت: ئێوە ئەزانن — هەتا ئێمە ئەگەینە ئـەو ڕێگـا داخـراوە ، هـیچ خوێڕیـەکی وەکـو تـۆ لەسـەر ڕوی زەوی نامێنێـت، سـەگەل ئـەوەڕن و کاروانەکەی ستالین هەر بەرێوە ئەبێت .

هەمویان بەیەك دەنگ دایانە هارەی پێکەنین و چـەپڵە بـۆ ئـەو وەڵامـە

بـەهێز و بەجێیـە بـۆ ئـەو تونـدڕەوە نەتـەوە خـوازە سـەگبابە.. هـەمویان هەسـتانە سـەر پـێ و دەسـتیان بـە پێکەکانیانـەوە درێـژ کـرد و (بەخۆشـی ستالین) بەیەك دەنگ بەرزبوەوەو هەڵیان داو پەرداخە خاڵیەکانیان نیشانی یـەك ئـەدا وەکـو بـەوە ڕا سـتیی ئـەو وشـانەی وتـراون و دڵسـۆزیی خۆیـان بسەلمێنن.. دوای ئـەوەش زۆر وتـرا بـۆ پشتگیری کردنـی ئـەو ڕێبـازە ، ئـەو وشـانە لـە خۆیانـەوە بەرهـەم ئـەهاتن و تەشـەنەیان ئـەکرد، و وەکـو شـارە زەردەواڵەیەکی خۆڵاوی و وروژاو کە چزوەکانیان پڕ بێت لە ژەهری تورەیی و ڕقــی شــاراوە بەســەر ســەری ئامادەبوانــەوە ئەســۆڕایەوەو مەترســیی پێوەدانیان زیـاتر ئـەبو چونکە بـەردەوام زۆرتـر و ژەهـراوی تـر ئـەبون. — شەپۆلێکی بە گوژم لـە نـاخی تانسیقبایف دا ئـەکولاّ و قـوڵپی ئـەدا، بـیر و ڕاکانی تیـژ ئەبونـەوەو سـوربون و پێداگیری چەسـپاوتر ئـەبو. نـەك لەبـەر ئەوەی ئەو قسانە تازەبون لای ئەو، بەڵکو بەپێچەوانەوە هـەمو ژیـانی ئـەو و ژیـانی هـاوڕێ زۆرەکـانی لـە خزمەتـداو ژیـانی ڕۆژ بـە ڕۆژی نێوەنـدی کۆمەڵایەتی دەوروپشتی پڕبون لـەم کەشـو هەوایـەی هانـدان و خرۆشـاندنە بەردەوامـە و ململانێیـەکی توندکـە پـێی ئـەوترا ململانـێی چـینایەتی ، بەهەمو جۆرەکانیەوە ڕەواو ڕێپێدراو بو. بەڵام گرفتێکی باس نەکراو هەبو، لەپێناوی کڵپەسەندنی بـەردەوامی ململانێکـەدا ئەبوایـە بـەردەوام مـاددەی نوێ هەبوایە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی نوێ هەبوایە بۆ ئەوەی هـەمو لایەنەکانی ئەو ململانیـە ئاشکرا بکـات و بخاتـە گـەڕ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هـەمو ئەوکارانـە کرابـون و وا دەرئەکـەوت هیچـی تـازە نـەمابێت، تائـەو ڕاددەیەی گەلانێك بەتەواوەتی ڕاگوێزرابون بۆ تاراوگە کوشـندەکانی سـیبریا و ئاسـیای ناوەڕاسـت، بۆیـە ناڕەحـەت بـو بـو بـەروبوم(سـەری خـەڵك) ت

لەکێڵگەکان دەست بکەوێت بێ پەنابردنە بەر —بەپێی ئاوازە کۆنەکە — تاوانبار کردن بە باوترین تۆمەتی ناوچە نەتەوەییە دورەکان، واتە سەرکێشیی نەتەوەیی دەرەبەگایەتی بۆرجوازی. خەڵك لە ڕێگای ئەو ئەزمونەوەی بەسەریان هاتبو ئەیانزانی بچوکترین تێوەگلانیئەم کەسە یان ئەو کەسە بەلادانی ئایدۆلۆجی بەسە بۆ ئەوەی بێ دواکەوتن خۆی و خێزان و کەس و کاری تیابچن، فێربوبون شەڕی خۆترێن نەکەن و هیچ شتێك نەڵێن و نەنوسن کە والێك بدرێتەوە لایەنێکە لەلایەنەکانی نەتەوە پارێزیی ، بەپێچەوانەوە زۆربەی خەڵك زیادە ڕۆییان ئەکرد لە خۆپاراستن و زمانپاراستن بە جۆرێك بەئاشکرا و بەدەنگی بەرز نکوڵییان ئەکرد لەهەمو تایبەتمەندیە نەتەوەییەکان تا ئەگەیشتە ئەوەی خۆیان بێبەری بکەن لە زمانی زگماکی خۆیان،

کوڕ ئەوکورەبو یەکێك لەو نەتەوە پەرستانە بگرێت کەلەهەمو هەنگاوێکدا ڕایبگەیەنێت هەمیشە وبەردەوام بەزمانی لینین قسە ئەکات و بیر ئەکاتەوە. لەم قۆناغەدا کە ڕوداوەکان هەژار و بێکەڵکیان کردوە ، ئەو قۆناغەی کە پەرەپێدانی تێکۆشان لە پێناوی دۆزینەوەی دوژمنە شاراوەکاندا نارەحەتە، بەختی ڕائید تانسیقبایف، لەگەڵ هەمو ئەوانەدا، هەرچەندە ئەوە ڕێکەوتیشە، بەختێکی باش بو کە تێچاندن بۆ ئەبوتالیب کۆتیبایف لە بنکەی بۆرانی-بۆراناوا وەکو کەرەستەیەکی خاوی کەم بایەخ کەوتە دەستی، تەنیا بۆ لێ وردبونەوە زیاتر وەك ئەوەی کێشەیەك بێت بۆ لێکۆڵینەوە.

بەڵام تانسیقبایف نەیهێشت ئەم هەلەی لەکیس بچێت و بەسەر خووی خۆیدا بچێت ، تەمەڵی نەکرد، سەفەری کرد بۆ ئەوەی مەسەلەکە لە

شوێنی خۆیدا ببینێت ، ئێستاش قەناعەتی چەسپاوە ئەم کێشەیە کە لەسەرەتادا، سادەیە، جیّی خۆی ئەگرێت و بایەخی باشی پیّ ئەدرێت ئەگەر ئامادەکاریی باشی بۆ بکرێت، بەو جۆرەش لەوە ناچێت بێبەش بێت لە هاندانی سەرەوە ئەگەر هەمو شتێك بەپیّی پێویست دابڕێژێت ، ئەوە خۆی شاهیدی یەکێك لەم جۆرە ئاهەنگانە نیە کە ئێستا لەسەر یەکێك لە مێزەکانی دانیشتوە ؟ یان خۆی نازانێت ئەم جۆرە شتانە چۆن دروست ئەکرێن؟ یان ئەو لەوخەڵکانە کەمترە کە باش ئەیانناسێت، کە بەڕاستی بەباوەڕەوە دڵسۆزی پەروەردگار-دەسەڵاتن، بۆیە ئەمڕۆ خاوەنی کریستاڵن لەسەر مێزەکانیان و لەسەقفەکانیاندا؟ بەڵام ڕێگای گەیشتن بە پەروەردگاری – دەسەڵاتی تاك و تەنیا، ڕێگای خزمەتی بیّ بڕانەوەیە لە دۆزینەوەو روهەڵماڵینی دوژمنە پەردەپۆش کراوەکانیدا.....

لەناودوژمنەکاندا، پێویستە بە هۆشیاریەوە چاودێری ئەوانە بکرێت کە دیلی جەنگ بون، ئەوانە تاوانبارن کە فیشەکێکیان نەنا بەناوچەوانی خۆیانەوە، چونکە ئەرکیان ئەوە بو خۆیان بکوژن نەك خۆیان بدەن بەدەستەوە، بەوجۆرە ئەیانتوانی پابەند بونی بیّ سیّ و دوی خۆیان بۆ پەروەردگار – دەسەڵات بسەلمێنن کە گومان هەڵناگرێت - داوای لێئەکردن ، بمرن و خۆتان تەسلیمی دیلیی مەکەن، ئەوەشی خۆی ئەدات بەدەستەوە تاوانبارە ، پێویستە تەمیّ کردنی بیّ چاوپۆشیی لەوانە ببێتە پەند بۆ هەمولایەك لەهەمو کات و شوێنێکدا، ئەمە ڕێنماییەکانی سەرۆك – پەروەردگار- دەسەڵاتە. ئەم کۆتیبایفەی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی بۆ لێکۆڵینەوە یەکێکە لەو دیلە کۆنانەی جەنگ، بێجگە لەوەش کێشەکەی ئەمەیان زۆر گرنگە ، بیانویەکی زۆر بەجیّی تیایە و خاڵێکی زۆر گرنگە ،

ئەگەر تانسیقبایف بتوانێت ئیعترافێك لەو چوارچێوەیەدا لە کۆتیبایف دەربکێشێت، هەتا ئەگەر ڕوداوێکی بچوکیش بێت، زەمینەیەکی چاك ئەبێت بۆ کردنەوەی کێشەیەکی گەورە و بزمارێك ئەبێت بەتەواوەتی لەشوێنی خۆیدا –بەکەڵك ئەبێت لەئاشکرا کردنی نیازە خیانەتکارانەکانی تاقمە لادەرەکەی تیتۆ- ڕانکۆڤیچ کە هەر لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی تایبەت بانگەشەی پەرەپێدانی یۆگۆسلاڤیا ئەکات بەبێ ڕەزامەندی ستالین ، سەیری ئەو ئارەزوە ! هەر ئەوەندە جەنگ کۆتایی هات بڕیاری جیابونەوەیان دا. ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر، ستالین ئەم بیرۆکەیە ئەکات بە-کای سەر ملە و ئەیدات بەدەم –با-وە.

دیسانەوە سەرلەنوێ سەلماندنەوە شتێکی زیاد نیە، کە بیرو باوەڕی خیانەتکارانەی لادەرانە زۆر لەمێژە لە یۆگۆسلاڤیاوە سەری هەڵداوە بۆ ناو سەرکردەکانی تیپەکانی بەرەنگاریی، هەر لەساڵەکانی جەنگەوە، ئەمەش بە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئیستیخباراتی ئینگلیزی ڕویداوە، هەتا ئەگەر ئەم سەلماندنەش پشت بە ڕوداوێکی بچوك ببەستێت. نوسینەکانی ئەبوتالیب کۆتیبایف باسی ئەوە ئەکەن چۆن شۆڕشگێڕەکانی یۆگۆسلاڤ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا پەیوەندییان هەبو، کەواتە زەمینە لەبارە ناچاربکرێت هەمو ئەوانە بڵێت کە ئێستا پێویستن، مادام بایەخی مەسەلەکەش لەوەدا یە ئەبێت بەهەر نرخێك بێت چنگ بکەوێت، ئەبێ وچان نەدەیت تا ئەم نوسەرەی سارۆزیکی ناچار ئەبێت هەمو ئەوەی پێویستە بیڵێت، ئەوەی بەدەم –با-وە بفرێت بۆ سیاسەت بەکەڵکە. هەمو شتێکی بچوك لەوانەیە بەسود بێت و لەوانەیە وەکو بەردێك بگیرێتە دوژمن بۆ ئەوەی لەجەنگێکی فیکریدا بیبەزێنیت، لێرەوە گرنگیی ئەم

بەردوچکەیە یان بابلێین ئەم چەوە- کە لەخۆیدا زیادەشە- سەرهەڵئەدا کەلەدڵەوە دەرئەچێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەمزیش بێت بخرێتە مشتی پەروەردگار-دەسەڵاتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر خۆیشی نەیپەرژا کەسێکی شیاو ڕاسپێرێت بیگرێتە کلکەکانی- وەك ڕۆژنامەکان ئەڵێن- تیتۆی لادەری بێزراو و ڕانکۆڤیچی هاوکاری.

ئەگەر چەوەکەش بەکارنەهاتو وتیان بچوکە ئەوا هەرچۆنێك بێت هەوڵی پەیداکردنی بۆ خاوەنەکەی تۆمارئەکرێت و.. لەوانەیە هەمو ئەوانەی ئێستا لەم داوەتەدا دانیشتون ببنە میوانیو لەماڵەکەیدا لەبۆنەیەکی نایابدا دابنیشن، کاکڵەی ژیان کامەرانیە و سەرکەوتنیش سەرەتای کامەرانیە. ئەم بابەتە بو لەو ئێوارە نشینیە ڕازاوەدا تانسیقبایڤی چاو هەڵۆی سەرقاڵ کردبو. کاتێك کەلەسەر خوانەکە دانیشتبو هەندێ قسەی لە قسەی ئامادەبواندا ئەکرد وا دەرئەکەوت بەشداریی ڕوداوەکان ئەکات، بەڵام لەوساتانەدا لە گۆماوی ئاواتەکانی و چڵێسیەکانیدا باسکە مەلەی ئەکرد وەکو بەڕاستی لە ڕوبارێکی خوڕدا بێت.

تەنیا ئیکومیسی ژنی مێردەکەی خۆی باش ئەناسی ، هەستی کرد لە بارودۆخێکی تایبەتدایە و وەکو دڕندەیەك کە شەو بۆ ڕاو دەرچوبێت خۆی بۆ پەلاماڕێك مەڵاس داوە، ئەوەتا بۆنی نێچیرەکەی کردوەو لەچاوەکانیدا کە ناتروکێن ئەوە دیارە، کە ڕوانینە هەڵۆ ئاساکانی هەندێ جار ئەچەقین و هەندێ جاری تریش لەپشت توێژاڵێك ئۆقرە نەگرتنەوە قەتیس ئەبون، لەبەر ئەوە ژنەکەی چرپاندی بەگوێیدا :

کەلەگەڵ خەڵکەکە دا لێرە هەستاین ڕاست ئەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە و ناچین بۆ هیچ شوێنێکی تر. تانسیقبایڤ بێ ئەوەی ئارەزوی بێت سەرێکی

ئەرکی لەڤاند، نەیئەویست لەبەرچاوی خەڵکەکە ناڕازی بێت، هەرچەندە مەسەلەکەش وای پێویست ئەکرد، نەخشەیەکی نوێی بەرفراوانتر لە مێشکیدا مەیی، زۆر لەوانەی لەگەڵ ئەبوتالیب دا دیلی جەنگ بون لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی یۆگۆسلاڤیادا بون و ئەمڕۆ لەکون و قوژبندا شاراونەتەوە، کەواتە ئەوانیش شتێك ئەزانن یان شتێکیان بیر ئەکەوێتەوە، ئاسانیشە ئەبوتالیب والێبکەیت ناوی هەرە چالاکەکانیان بدرکێنێت، ئەبێ بەڵگەت دەست بکەوێت. سبەینێ ئەبێ داواکاری تۆماربکات، یان خۆی بەزوترین کات بچێت بۆ ناوەند و لەوێ بگەڕێ و بپشکنێ و ئەبوتالیب ناچار بکات بیانسەلمێنێت ، دوای ئەوە بە پشت بەستن بەو وتانە، قەواڵەی تۆمەتبارکردنی دیلە کۆنەکانی جەنگ پێشکەش بکات کە لە یۆگۆسلاڤیا جەنگاون و ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن. چونکە دەوڵەتیان لەوبەشداری کردنە ئاگادار نەکردۆتەوەو لەکاتی ئامادەبونیاندا لەبەردەم لیژنەکانی ڕاگوێزانی سۆڤێتیدا باسی نیازە خیانەتکارانەکانی لادەرە یۆگۆسلاڤیەکانیان نەکردوە، بەسەدان و هەزاران لەو خەڵکانە دەست ئەکەون کە ئەبێت (پەیڕەوکردنی ئەو بیرۆکەیە ئەبێت بە پلەی یەکەم بە شێوەی ڕاپۆرتکاریی نهێنی بێت) بکرێن بە گەروی ئاشی لێکۆڵینەوەدا، دوای ئەوەش هەمویان لە ئۆردوگایەك توند بکرێن و ئیتر ئەوە کۆتاییانە.

لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا کەلەمێشکیدا چەکەرەی کرد کاتێك لەسەر ئەو مێزەی دانیشتبو کە جەمەی ئەهات لە دەفری خواردن و پێکی کۆنیاك، تانسیقبایف هەستی کرد ئارەزوشی کراوەتەوە، حەزی ئەکرد زیاتر بخواتەوەو گۆرانی بڵێت و دراوسێکان بێزار بکات و بەدەم ئەم خۆشی و هەست کردنە پێش وەختە بەگۆڕانی نوێ لە ژیانیدا پێبکەنێ، نیگای

هاوسۆزی لەچاوەکانیەوە کەبەدزیەوە ئەبریسکانەوە بەسەر ئامادەبواندا ئەگێڕا، هەمو ئەم میوانانە تاقم و خۆشەویست و ئازیزی منن، هەمویان وێنەیەکی دەقاو دەقی یەکتری بون بۆیە ئەوەندە چاك و قسە خۆش و بە خولك بون، بە بیری هیچ کام لەو ئازیزانەدا نەهاتبو ئامادەی لەدایك بونی پیلانی مەزن ئەبن، هەمو ئەمانە وایان لێکرد خوێنی گەرم سەربکەوێت بۆ کەللەی و دڵە خۆشەکەی لێدانی شادی خێراتر بکات. بیرۆکە لەدایکبوەکە ئەگەری پلە بەرزبونەوەی لە پیشەکەیدا زۆر مسۆگەر ئەنواند، بابەتێکی عەقلگیرە، تا ژمارەیەکی زۆرتری دوژمنی شاراوە لەناوبەریت قازانجی زیاترت بەرئەکەوێت، ئەم خەیاڵانە باڵیان ئەگرت و لەگەڵ خۆیان بردیان، بەجۆرێك کە تۆزێك بەخۆوە نازینی تیا بێت، لەدڵی خۆیدا ئەیوت(پیاوانی زیرەك ئاوا کاروبارەکانیان ڕێك ئەخەن، من ئەگەر سەرم داناوە لە نیوەی ڕێدا ناوەستم) پەلەی ئەوەی بو یەکسەر بەکردەوە دەست پێبکات: ئوتومبێلێك لەگەراجەکە دەربکات هەر ئائێستا بچێت بۆ ئەوێ، بۆ ئەو ژێرزەمینە پەنجەرە بەشیش گیراوە، کە پێی ئەڵێن –گلدانەوە- بۆ لێکۆڵینەوە لە گەڵیدا، ڕاستەوخۆ لە زیندانەکەی خۆیدا بێ ئەوەی کات بەفیڕۆبدات، لێکۆڵینەوەیەك کەلەترسا خوێن لەدەمارەکانیدا بمەیەت. ئەبێت هیچ بوارێك بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر نەمێنێت دەربارەی سەرئەنجامی کێشەکە، ئەبو تالیب ئیعتراف بەتاوانەکەی ئەکات و ئەرکە ئەنگلۆ – یۆگۆسلاڤیەکەی ئەسەلمێنێت، هەمو ئەوانە ناو ئەبات کەلەهێزەکانی بەرەنگاریدا لەگەڵیدا بون، بۆ ئەوەی بە پێی ماددەی 58 بەندی یەکەم بڕگە (ب) بە بیست و پێنج ساڵ حوکم بدرێت لە کەمپەکانی گرتن دا یان ئەوەتا ئیعدام بکرێت بەرامبەر خیانەت و بەکرێگیراوی بۆ

ئیستخباراتی بێگانەو کارکردن بۆ بلاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیەتی تێکدەرانە لەناو دانیشتواندا، باخۆی باش بیربکاتەوە، کاتێك بیری ئەکردەوە هەمو ئەمانە چۆن بەڕێوە ئەچن تانسیقبایف پێشەکی لەبەر چاوی بو: کە پرسیار و وەلامەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەکەدا چۆن بەڕێوە ئەچن و چۆن کۆتیبایف ئەچێت بەچەقی لەعنەتا و ئەو هەنگاوانە چیە کە ورەی پێ بەرئەدەن و ئەیروخێنن، دیسان ئەوەشی لەبەر چاو بو کە ئەبوتالیب ئەگەر بیەوێت بژی هیچ چارەیەکی تری لەبەردەمدا نیە، بێگومان هەوڵێکی زۆر ئەدات بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت و هیچ هەڵەیەك لە خۆیدا شك نابات، کەفارەتی بەدیل گیرانەکەی بەوە داوەتەوە کە شان بەشانی تێکۆشەرانی یۆگۆسلافی جەنگاوە ، بریندار بوەو خوێنی ڕژاوەو دوای کۆتایی جەنگ لیژنەکانی ڕاگواستن پشتگیریان کردوەو دواتر بە دەست پاکی و دڵسۆزی یەوە کاری کردوەو لەم جۆرە شتانە.....تادوایی.

ئەمانە هەموی قسەی قۆڕن، ئەبوتالیب چوزانێت ئەوان بۆ ئەمانە پێویستیان پێ نیە! بەڵکو پێویستیان بە دیوێکی تریەتی، ئەو دیوەی تری کە ئەمان ئەیانەوێت، ئەبێت بەسەرەتایەك بۆ زنجیرەیەك پەلاماردان بۆ ڕیشەکێش کردنی دوژمنە شاراوەکانی دەوڵەت. ئەمیان وەکو ئەڵقەی یەکەم ئەوێت، ئیتر دوای ئەوە زنجیرە کە خۆی بەدوایدا دێت. چی شتێك هەیە لەبەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بالاتر؟ هەندێك وا ئەزانن ژیانی مرۆڤ لەوە بەرز ترە، ئەوانە خڵەفاون ، دەوڵەت ئەو تەنورەیە کە تەنیا بەیەك سوتەمەنی گەرم ئەبێت – خوێنی خەڵك! ئەگینا تینی نامێنێت و دائەمرکێتەوە، ئیتر ئەو کاتە مرۆڤ بە کەڵکی چی دێت ! خەڵك چۆن ئەتوانن بەبێ دەوڵەت بژین؟ کەواتە خۆیان تەنوریان بۆ خۆیان داخستوە،

کەیبانوەکە ئەوەی لەسەرە داری پێوەنێت ئەمە بنچینەی هەمو شتێکە.

لەکاتی ئەم فەلسەفاندنەیدا و بەتایبەتی جارێ: لە فێرگەی حزبیشدا شتێکی دەربارەی (ڕێ و شوێنە کلاسیکیەکان) بیستبو- لەکاتی دانیشتنیدا لەو سەر مێزە لەپاڵ ژنەکەیدا کە وادیارە ناتوانێت هیچ شتێکی لێبشارێتەوە و لەکاتی سەرلەقاندن و پشتگرتنی دراوسێکەی لەچوارچێوەی وتوێژە گشتییەکەدا، لەکاتی هەمو ئەوانەدا تانسیقبایف لەناخی خۆیدا سەرسام بو بە موعجیزەی پێکهاتەی مرۆڤ، ئەوەتا ئەم بۆ نمونە لەم کۆڕەدا لەگەڵ ئەم میوانە بەڕێزانەدا دانیشتوەو وانیشان ئەدا بەگشتی لە کرۆك و بایەخی ئەم ساتەدا تواوەتەوە، کەچی لە ڕاستیدا ئەو بیر لەشتێکی تەواو پێچەوانە ئەکاتەوە، کێ ئەتوانێ هەڵی بێنێت خەیاڵی لەسەر چی جێگیر بوەو مێشکی چی داهێنانێکی بەرهەم هێناوە؟ نەستی ئەوەی لادروست کرد کاتێك لەسەر ئەم خوانە دانیشتوە کارێکی بە پلان و بێ بەزەیی لەژێر خۆیدا حەشار داوە کە تەنیا ئەوەستێتە سەر ویستی خۆی، هەستی ئەوەی لادروست کرد ئەو بیروباوەڕەی ئەگەر هێزی پەنگ خواردوی خۆی بەکاربێنێت خەڵك ناچار ئەکەن لەبەردەمیدا بەچۆکدا بێن، لەڕێگای ئەویشەوە لەبەردەم پەروەردگار –دەسەڵاتیشدا، ئەوەی لادروست کرد کەکەس پەی بە بیرو ڕاکانی نابات و لەبوارەکەدا یەکێکە لە پێ پلیکانە زۆرەکان بەڵام بەژمارە دیاریی ، بۆ گەیشتن بە تەختی پەروەردگار – دەسەڵاتی تۆقێنەر، ئەم هەست و نەست کردنە بەمە و بەوە چێژێکی جەستەیی و بێ ئارامییەکی لادروست کرد و وەکو برسیەك خواردنێکی برژاو ببینێ یان ئارەزو هەستاوێکی پێش جوت بون بێت، لەگەڵ هەمو پێکێکی نوێدا ئەم وروژانەی زیاتر و زیاتر ئەبو سەرتاپای جەستەی

ئەگرتەوە، وەك چۆن لەئەنجامی خوێن بەربونێکی خێرادا هەمو جەستە بێ توانایی ئەیگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستی بە توانایەکی مەزن هەیە بۆ ئەوەی خۆی ڕابگرێت، لەگەڵ سوربون لەسەر ئەوەی جێبەجێ کردنی پلانەکەی لە سبەینێ درەنگتر نەکەوێت، کاتەکە زیاتر هەڵناگرێت، لەکاتی تاوتوێکردنی وردەکارییەکانی کاری داهاتوی لە مێشکیدا تانسیقبایف هەستی بەڕازیبونێکی قوڵ کرد سەبارەت بەپتەوی کۆڵەکەکانی نەخشەکەی و عەقڵگیری بیروڕاکانی. لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵۆشێکی بو کە شتێك ناتەواوە و ئەبێت کەلێنێك هەبێت پڕی بکاتەوە — هەستی ئەکرد هەندێك لە بەڵگەکان بەتەواویوردنەکراونەتەوەو ڕێك وپێك نەکراون، بۆ نمونە شتێك هەیە لە نوسینەکانی کۆتیبایف دا لەسەر (سپڵە) کە جێی گومانە و هێشتا شاراوەیە، سپڵە!سپڵە — ئەو شێتەی دایکی خۆی کوشت! ئەمە بێگومان داستانێکی کۆنە، بەڵام کۆتیبایف بە نوسینەوەی ئەم داستانە مەبەستێکی هەیە نەلەخۆڕایەو نە ڕێکەوتە ئەم داستانە بەو بایەخ و وردەکاریەوە جارێکی تر بنوسێتەوە، بەڵێ.. سپڵە!.. سپڵە چ نهێنییەکی تیایە؟ ئەگەر نیازێکی شاراوەی تیایە چییە؟ گرنگ ئەوەیە ئەبوتالیب چۆن ویستویەتی چیرۆکی سپڵە بۆ مەرامە بەرهەڵستکارانەکانی بەکار بێنێت ، بە چ شێوەیەك و چۆن ؟

لەگەڵ ئەوەدا تانسیقبایف بۆچونێکی شێواوی تەماوی هەبو کە داستانی سپڵە هەندێ مەسەلەی گومان هەڵگری ئایدۆلۆجی تیایە بەڵام نەیئەتوانی بە شێوەیەکی دروست پشت ڕاستی بکاتەوە، بڕوایەکی تەواویشی بەخۆی نەبو کە بتوانێ گومانی تیا نەهێڵێت.

بەڵام چی تیایە ئەم داستانە وەك لەم جۆرە کێشانەدا پێویستە، بە

www.pertwk.com

داستانێکی دژی بەرژەوەندی میللەت لەقەڵەم بدرێ و بەرپرسیارێتیەکەی بخرێتە ئەستۆی ؟! لەم بوارەدا تانسیقبایف شارەزایی تەواوی نەبو خۆیشی ئەوە ئەزانێت ئەبێت پەنا ببرێتە بەر زانایەك ، هەمان شت ڕویدا کاتێك دەستەیەك دەمارگیری نەتەوەخوازی بۆرجوازی ئاشکرا کران، ئەو بۆنەیەی کە ئەمڕۆ ئاهەنگی پێوە ئەگێڕن. دەستەیەکیان دەستنیشان کرد، دوای ئەوە ژمارەیەك زانا- شارەزایان تێبەردان بەسەریاندا ساغ کردنەوە کە دەمارگیری نەتەوەییان هەیەو شانازی بە ڕابوردو و کلتورەوە ئەکەن دژی سەردەمی سۆشیالیستی ستالینی ئەوە بەس بو بۆ ئەوەی ئاشەکە شەو و ڕۆژ بگەڕێت ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا ژیرییەك هەیە لەو وردەکارییەی ئەبوتالیب چیرۆکی سپڵەی پێ نوسیوەتەوە، ئەبێت جارێکی تر وشە بە وشە پیا بچێتەوە، ئەگەر شتێکی دەستکەوت بیکات بەدەسکەلا ، با زۆر بچوکیش بێت ، ئەوکاتە نوسینەوەی داستانەکە تێ هەڵکێشی مەسەلەکە ئەکات و ئەبوتالیبی پێ تاوانبار ئەکرێ، جگە لەوەش لەناو تۆماری بیرەوەریەکانی کۆتیبایف دا دەقی داستانێکی تریشی دۆزیەوە کە ناوی (ئیعدامیك لە سارۆزیکی) یەو هی سەردەمی جەنگیزخانە، تانسیقبایف ڕاستەوخۆ بیری بۆ لای ئەم چیرۆکە کۆنە نەچو، ئێستا نەبێت بیری لێ نەکردۆتەوە، ئەگەر بەوردی سەرنجی بدات و لێی بکۆڵێتەوە لەوانەیە هەندێ ئاماژەی سیاسی تیا بەدی بکات.

***

لە کاتێکدا گەلەکەی – سوپاکەی دوای خۆی خستبو بەو ڕێگا دورودرێژەی ئاسیای فراواندا بۆ داگیرکردنی خۆرهەلات، جەنگیزخان لە

دەشـــتی ســـارۆزیکی دا ئیعـــدامێکی ئـــەنجام دا. بڕیـــاری هەڵواســـینی جەنگاوەرێکی سەرکردەی سەد و کچێکی گەنجی دا-کە بـە ئاوریشـم لەسـەر ئاڵاکانی سەرکەوتن وێنەی ئەژدیهایەکی ئەچنی لەدەمیـەوە بڵێسـەی ئـاگری فڕێئەدا...

لــەو ســەردەمەدا بەشــێکی زۆری ئاســیا لــەژێر پــێی جەنگیزخانــدا ئەینالاند، کە لەنێوان کوڕەکانی و وەچـەکانی و سـەرکردە سـەربازیەکانیدا دابەشی کردبو بۆ میرنشینیی.

ئێستاش نۆرەی ناوچەکانی ئەوبەری دەریای ئیتیل (ڤۆلگا) ە، سـەرەی ئەوروپایە.

وەرز لەدەشـتی سـارۆزیکیدا پـایز بـو، دوای بـارانێکی زۆری سـەرپەڵە گۆلاوەکـان و ڕوبارەکـان کـە لەهاوینـدا وشـك بـون، پڕبوبونــەوە لـەئاو، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە بـە درێـژیی ڕێگا ئەسـپەکانیان پـەکیان لـە لـەوەڕ ناکەوێت، ئەم ئۆردوە بێ ئەژمارە لە ڕۆیشتندا پەلـەی بـو، چونکە بڕینـی دەشـتی سـارۆزیکی نارەحـەتترین قۆنـاغی بـو. سـێ سـوپا- سـێ ئـۆردو کـە هەریەکەیان دەهەزار جەنگاوەر بـو – بـۆ پێشـەوە ملـی ئـەناو بـاڵی بەسـەر ناوچـەیەکی فراوانـدا بڵاوکردبـوەوە ، ئـەتتوانی هێـزو بـێ ئـەژماریی ئـەم ئـۆردوە بـە ڕۆیشـتنەکەیدا بزانیـت کـە تـەپوتۆزی ژێـر سمـی ئەسـپەکان بەهەزاران مەتر لەهەوای ناوچەکەدا بڵاوئەبوەوە.

لەدوای ئەم سێ سوپایەوە، دو ڕەوگـی زیـادەی بێسـوار، چـەند ڕسـتێك گالیسکەو گاگەلێك مانگـای قسـر کـە بـۆ خـواردنی ڕۆژانـە سـەریان ئـەبڕین، ئەڕۆشـتن. ئەمـە هـەمو تـەپ و تۆزیـان ئـەکرد بـۆ ئـەوەی نیـوەی ئاسمـان داپۆشێت، بێجگە لەمانە هێزی جـەنگاوەری تـریش هـەبون بـەڵام ئەوەنـدە

لەمانـەوە دوربـون نەئـەبینـران، ئەبوایـە بەسـواری ئەسـپ چـەند قۆناغێـك غارت بکردایە تا ئەگەیشتیتە لایان، ئەمانە هێزەکانی پشتگیریی باڵی چەپ و باڵی ڕاست بون، هەر باڵێك پێکهاتبو لە سێ ئۆردو، ئەو هێزانە بە جیاو سـەربەخۆ بـەرەو ڕوبـاری ئیتیـل ئەچـون، بڕیـار درابـو فەرمانـدەی یـانزە هێزەکە لەگەڵ دەستپێکردنی سەرمادا لەبارەگای سەرکردایەتی کۆببنەوە بۆ ئـەوەی ڕێبکـەون لەسـەر چـالاکیەکانی داهـاتو و ڕۆیشـتن بەسـەر سـەهۆڵی ڕوبـاری ئیتیـل دا بـەرەو وڵاتـی دەوڵەمەنـدی مـەزن، ئـەو وڵاتـەی جـەنگیزخان و هـەمو فەرمانـدە سـوپاییەکانی و یەکـە یەکـە ی سـوارەکانی خەونییان بەداگیرکردنیەوە ئەبینی. بەم جۆرە هێزەکانی کشان، بێ ئەوەی کـۆ لـەهیچ شـتیك بکەنـەوە، بەپەلـە و بـێ ئـەوەی کـات لەدەسـت بـدەن. ژنانیش لـە قافڵەی گالیسکەکاندا بـون لـەدوای هێزەکانـەوە. کارەساتەکەش لێرەوە دەستی پێکرد .

جـەنگیز خـان خـۆی و پێـنج سـەد کـەس لەپاسـەوانەکانی لـە خێڵـی کیزیگـۆڵ و دەسـت و پێوەنـدەکانی لـە خێڵـی یاسـاوڵ ♥ کـە بەدرێـژی ڕێگـا لەگەڵیـدا بـون، وەکـو دورگەیـەکی سـەرئاو کـەوتو لەناوەڕاسـتی ئـەم حەشاماتەوە ئەڕۆشتن، بـەڵام ئـەو خـۆی بەتـەنیا لـەپێش هەموویانـەوە بـو، چونکە خـاوەنی چـوار قوڕنـەی جیهـان نەیئەویست چـوار دەوری قـەرەباڵغ بێت، بە تایبـەتی لـەکاتی ڕۆشـتندا، چونکە زۆر پێویستی بـە بێـدەنگی و بەرەو پێشەوە ڕوانین و بیر کردنەوە لە هـەمو شـتێك بـو، خوبـای نـازداری پشت نەرمی لەژێردا بو کە لەوانەیە لەژێر ئـەو زینـەوە لەژێرئـەم خانـە دا

---

♥ لەئنگلیزی و عەرەبیەکەشدا هەر یاساوڵ ە لەبەرئەوە ناڕەحەتـە بێلێکۆڵینـەوە ئەم وشەیە بەکوردی یان فارسی بزانین. ت.ع

نیوەی جیهان گەڕابێت، خوبا ئەسپێکی گوێڕایەڵی وەك تاشەبەرد رەق و لوس بو، بەرۆك و یاڵێکی سپی و کلکێکی ڕەشی هەبو، رەوتێکی هەبو ئەتوت ئاوریشمە ئەخزێت، دو ئەسپی تر کە لەخوبا کەمتر نەبون لە خۆڕاگری و ڕێ و ڕۆیشتندا لەناو تاقمی ئەسپەکانی خان دا کە بەجوانترین تەتکە ڕازابونەوە سوك بار ئەرۆیشتن کە دومەیتەری سوارە بەدوای خۆیاندا ڕایان ئەکێشان، خان لەکاتی ڕۆیشتندا هەر ئەوەندەی ئەسپەکەی ژێری عارەقی بکردایەتەوە ئەیگۆڕی.

ئەوەی جیّی سەرنج بو ئەوانە نەبون کە دەوری جەنگیزخانیان دابو لە گیزیگوڵ و یاساوڵ کە ترس لە گیانیاندا نەبو، و ژیانیان زیاتر موڵکی جەنگیزخان بو وەك لەوەی موڵکی خۆیان بێت- هەر لەبەر ئەوەش هەڵبژێرابون، وەك شمشێری تیژ — هەریەکێکیان لەناو سەدی تردا، هەروەها ئەسپە ڕەسەنە دەگمەنەکانیشی نەبو کە وەکو ئاڵتون لە سروشتدا دەگمەن بون، بەڵکو ئەوەی جیّی سەرنج بو لەم بوارەدا شتێکی تر بو: پەڵەیەك هەوری سپی بەسەر سەری جەنگیزخانەوە بو بەدرێژی ڕێگا سێبەری بۆ ئەکرد. ڕوی بکردایەتە هەرشوێنێك پەڵە هەورەکە لەگەڵیدا ئەگەڕا. پەڵە هەورێك، سپی ، بەقەد چادرێك ئەبو، وەکو گیانلەبەرێکی زیندو بێت کونا و کون دوای ئەکەوت، بەخەیاڵی کەسدا نەئەهات — بۆ پەڵە هەوری سپی بە ئاسمانەوە کەمە؟! ئەمە نیشانەیەکی نائاساییبو، بەم جۆرە نیبۆ ڕێزی لەسەر گەورەی جیهان نابو. بەڵام جەنگیزخان کە خۆی بەم نهێنیەی ئەزانی، بست بست چاودێری ئەو پەڵە هەورەی ئەکرد، بۆیە زیاتر و زیاتر بڕوای ئەهێنا کە بەڕاستی بەڵگەی ویستی ئاسمان-

پــەروەردگار-ە♥. یــەکێك لــە نجومگــەرە گەڕۆکــەکان، کــە جارێکیــان جـەنگیزخان ڕێگـای دا لێی نزیـك ببێتـەوە، پێشـبینی ئـەم پەڵـە هـەورەی کردبو. ئەو کابرا غەریبە نە مەرایی کرد و نە کڕنوشی برد، بۆ ڕازیکردنی خانیش ئەو پێشبینیەی نەکرد، لەڕوی داگیرکەری سامناکی دەشـتاییەکاندا وەسـتا، کەلەچـادرە زێڕینەکەیـدا لەسـەر تـەخت دانیشـتبو، لەبـەردەمیا وەسـتاو بـێ منـەت سـەری بـەرز ڕاگرتبـو، لاواز، جـل شـڕ، بەپرچـێکی سـەیرەوە کـە تـا سـەر شـانەکانی هـاتبون، وەکـو ئافرەتێـك بێـت قـژی بەردابێتەوە. غەریبەکە نیگاکانی تیژبون، ڕیشێکی پڕ، گەنم ڕەنگ شێوەو ڕوخساری کپ و ڕەق.

ئەی خانی مەزن من هاتوم پێت بڵێم – وتوێژەکـە لـەڕێگای وەرگێڕێـك لە خێڵی ئۆیگۆرەوە بەڕێوە ئەچو- کە ئاسمانی مەزن ئەیەوێت نیشانەیەکی تایبەتیت هەبێت لەبەرزەوە،

جەنگیز خان لەسەر سوڕماندا بۆ ماوەیەك لە جێی خۆی نـەبزوا، ئـەم ڕێبوارە یان عەقڵی سوکە، یان هەستی پێناکات ئەم مەسەلەیە چـی بەسـەر دێنێـت، خـانی بەدەسـەڵات دانـی بەخۆیـدا گـرت هەڵنەچـێت و برۆکـانی هێنایەوە یەك و لێی پرسی :

نیشانەکە چییەو تۆ ئەمە چۆن ئەزانیت؟.

ئەمە چۆن ئەزانم ! ئەمە نادرکێنرێت، بەڵام دەربارەی نیشانەکە ئەڵێم : پەڵەیەك هەور بەسەر سەرتەوە دروست ئەبێت و لەگەڵتدا ئەگەڕێت.

---

♥ لەدەقەئنگلیزیەکەدا خواوەند (نیبۆ) یە و هەربەوجۆرەش دوبارە بۆتەوە، بەڵام لەعەرەبیەکەدا بەهیچ جۆرێك ناوی نیبـۆ نـەهاتوە بـەڵکو ئاسمـان و پـەروەردگارو گەردونی بالاَ و ...تاد بەکارهیناوە. ت.ع

هەورێك؟!. جەنگیزخان هاواری کرد بێ ئەوەی سەرسوڕمانی خۆی بشارێتەوە و برۆکانی سەرەو ژور هەڵگەڕان.

هەمو لایەك بێ ئەوەی بەدەست خۆیان بێت شڵەژان، چاوەڕوان بون تورەیی خان بتەقێتەوە، وەرگێڕەکە لێوەکانی لە ترسا سپی هەڵگەڕان، ئەترسا ئەنجامی ئەو هەڵچونە ئەویش بگرێتەوە.

نجومگەرەکە وەڵامی دایەوە: - بەڵێ هەورێك ئەبێتە نیشانەی گەردونی باڵاو پلەوپایەی بێ پایانت لە زەویدا پیرۆز ئەکات، بەڵام ئەبێت پارێزگاری ئەم هەورە بکەیت، ئەگەر ئەم هەورەت لەدەست بچێت ئەو هێزە دوژمن بەزێنەت نامێنێت...

بۆ ماوەیەك بێدەنگیەکی قورس چادرە زێرینەکەی دا پۆشی، لەو چرکەیەدا هەمو شتێك لەجەنگیزخان چاوەڕوان ئەکرا، بەڵام ئەو ئاگرەی لەچاویەوە سەری ئەکرد وەکو پشکۆیەك ئاوی پێدا بکەیت کوژایەوە، و دەرکی کرد ئەگەر هەڵپەی درندانەی مرۆڤکوژیئەم نەبێت ئەوا قسەی ئەم بەخت گرەوەیە بە مەبەستی ململانێی چاونەترسانە نیە، لەبەر ئەوە ناکرێت سزای بدات چونکە بەو کردەوەیە شەرەفی خان لەخۆی ئەسەنێتەوە.

جەنگیز خان دوای ئەوەی بەسمێڵە سورە تەڕەکانی زەردەخەنەیەکی ناشیرینی شاردەوە وتی:

گریمان گەردونی باڵا ئەو سروشەی داوێتی ئەم قسانە بکەیت و ، گریمان بڕوام پێ کردیت، بەڵام ئەی غەریبی دانا پێم بڵێ چۆن ئەتوانم پارێزگاری ئەم هەورە بکەم؟؟ یانی ئەبێت کۆمەڵێك سوار بە ئەسپی باڵدارەوە بنێرم بۆ ئەوێ پاسەوانی بکەن؟ یان وەکو ئەسپێکی نائاسایی

یەدەك جلەوی بكەن و هەڵی بگرن بۆ كاتی پێویست؟؟ چۆن پارێزگاری لە هەورێك بكەم-با- بەئارەزوی خۆی بەئاسماندا بیگێڕێت؟؟ ڕێبوارەكە بەكورتی وەڵامی دایەوە:

ئەوە گرفتی تۆیە .

هەموان سەر لەنوێ بێدەنگ بونەوە، كپیەكی كوشندە باڵی بەسەردا كێشانەوە، لێوەكانی وەرگێڕەكە زەرد هەڵگەڕانەوە ، كەس لە چادرە زیڕینەكەدا نەیئەوێرا سەیرێكی بەخت گرەوە بەستەزمانەكە بكات كە بەبێ عەقڵیی خۆی یان هەر هۆیەكی نەزانراوی تر مردنێكی بێگومانی بەسەر خۆیدا سەپاند.

خەڵاتێكی بدەنێ بابڕوات، جەنگیزخان بەدەنگێكی نزم ورتەیەكی لێوەهات، ئەم وشانە وەك ئاو بكەیت بە خاكێكی وشكی تینودا فێنكی هێنا بەدڵیاندا.

زۆری پێ نەچو ئەم ڕوداوە سەیرە نابەجێیە لەبیرچو، بەڕاستی لەم جیهانەدا زۆرن ئەوانەی كردەوەی سەیریان هەیە، ئەگەر بڵێین ئەم ڕێبوارە گەمەی بەژیانی خۆی كرد لەبەر ئەوەی تەنیا سەركێش بو، ڕاست ناكەین. ئەو زۆر باش ئەیزانی بەرەو كوێ ئەچێت، كێ دەستی پیاوەكانی خانی ئەگرت قۆڵبەستیان بكردایەو بیانبەستایە بە كلكی ئەسپێكی تورەوە لەسەر ئەو ڕو قایمی و بێ ڕێزیەی تا لەت و پەت ئەبو ڕایكێشایە !!

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێك هەبو پاڵی بەو ڕێبوارە بێچارەوە نابو، سروشت پیێ بەخشیبو كە نەلەرزێ و – وەكو ڕوبەڕوی شێرێك بێت لەبیاباندا – ڕوبەڕوی ترسناكترین و دڵڕەقترین سوڵتان بوەستێت. ئەمە كردەوەیەكی شێتانە بو، یان كارێك بو لەكارەكانی گەردون؟؟.

دوای ئەوەی ئەم شتانە هەمو لە بیر چونەوە لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕۆژگاردا لەپڕ جەنگیزخان ئەم بەخت گرەوە نەگبەتەی بیرکەوتەوە- بەتەواوی دوای دو ساڵ- .

ئیمپراتۆریەت دو ساڵی تەواوکرد لەکاتێکدا خۆی ئامادە ئەکرد بۆ کشان بەرەو خۆرئاوا. دواتر جەنگیزخان دڵنیا بو ئەو دوساڵە لە حوکمی ئەو کە بێ وچان لە هەوڵی فراوانکردنی سنوری ئیمپراتۆریەتەکەیدا بو گورج و گۆڵترین ماوە بو لە بواری کۆکردنەوەی هێز و توانا لە پێناوی هەڵمەتی گەورە بەرەو ئامانجی دیاریکراو لە داگیرکردنی ئەو خاك و دەڤەرانەدا کە ئەگەر بۆی بکرێت داگیریان بکات ئەتوانێت بەڕاستی خۆی بە سوڵتانی چوارقورنەی دنیا و هەمو سنوری جیهانی دور بزانێت، کە شەپۆلی سوارچاکی ڤارەمانی نەبەز بیگاتێ.

ناوەرۆکی سوڵتانی دەشتاییەکانی دڵڕەق و لەبێ بەزەیی هەڵکشاو ، ئەرکە مێژوییەکەی، لەو بیرۆکەیەی خۆبەمەزن زانین و تینوێتی هەمیشەیی پاراو نەبو بۆ دەسەڵاتی ڕەها، و بونی توانا بەسەر هەمو شتێکدا، خۆی ئەبینییەوە.لەبەر ئەوە ژیانی ئیمپراتۆریەتەکەی و هەمو خێڵەکانی ژێر دەسەڵاتی لەوناوچە ئاسیاییە بێ سنورانە دا ، و ژیانی خەڵکی بەبێ جیاوازی تەمەن و هەمو ئەوانەی تەسلیمی ئەو تاکە دەستە بەهێزە بوبون، و هەرچی دەوڵەمەند و بێ دەرەتانەکانی ئەو هەمو شارودێهاتانەیە، باشتر بڵێین هەمو مرۆڤێك هەرچیەك بێت و کاری هەرچیەك بێت، ژیانی هەمو ئەوانە بەگشتی لەهەمو سەردەمەکاندا ، خرابوە خزمەتی ئەو هەڵپەو ئارەزوە شەیتانیە پیسەوە – هەڵپە و ئارەزوی داگیرکردنی زیاتر و زیاتر، و خستنە ژێر ڕکێفی خاکی زیاتر و

گەلانی زیاتر .لەبەر ئەوە هەموویان سەرقاڵی یەك جۆر خزمەت بون، هەمو یەك ئامانجیان هەبو، زیادکردن و کۆکردنەوەو تەواوکردنی هێزی سەربازیی جەنگیزخان، ئەوەی لەخاك دەرئەهێنرێت و دروست ئەکرێت-لە پێناوی پرچەك کردنیدا، هەمو چالاکییەکی بەرهەم هێن، هەمو زیندەوەرێك، تەرخان کرابو بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی داگیرکردن و هەڵمەتی جەنگیزخانی بەهێز بۆ ئەوروپا، بۆ دەوڵەمەندیی ئەفسانەیی شارەکانی کە تاڵانێکی زۆر چاوەڕوانی هەر جەنگاوەرێك لەجەنگاوەرەکانیەتی، بۆ گەیشتنە دارستانە چڕە سەوزەکانی، بۆ پاوانەکانی کە گژ و گیا و لەوەڕ ئەدات لەژێر سکی ئەسپ، بۆ ئەوەی ماستی ماین وەکو جۆگەلە لەبەری بڕوات. دڵخۆشیی دەست بەسەراگرتنی جیهان هەمو تاکێك ئەگرێتەوە کەلەژێر ئەو ئاڵایەی بە ئەژدیهایەك لەدەمیەوە ئاگر فڕێ ئەدات نەخشاوە، بەشداریی هەڵمەتەکەی جەنگیزخانی کردبێت. هەمو کەسێك شیرینی سەرکەوتن ئەچێژێ وەکو ئەوەی سەرکەوتن جەستەی ئافرەتێك بێت. لەبەر ئەوە خانی مەزن فەرمانی دا بەرەو سەرکەوتن، بەرەو داگیرکردنی خاك، ئەمەش ئەوەیە کە پێویستە بێتەدی.

جەنگیزخان مرۆڤێکی کردە بو لەهەرە کردەکان، مرۆڤێکی زیرەك بو حسابی وردی بۆ بچوکترین شت ئەکرد. بەهۆی جاسوسەکانی و بەهۆی ئەوانەی ڕایان کردبوە ناو هێزەکانی و بەهاوکاری بازرگانەکان و دەروێشە گەڕۆکەکان و لەڕێگای چینی و ئۆیگۆرو عەرەب و فارسەکانەوە هەمو ئەو زانیاریانەی کۆکردبوەوە کە بۆ پێشڕەویی ئۆردویەکی بێ ئەژماری ئاوا پێویستە. هەمو ڕێگاو بوارە ئاسانەکانی پەڕینەوە.حسابی بۆ داب و نەریت

و ئـاین و پیشـەی ئـەو ناوچـانە کردبـو کـە هێزەکـانی ڕویـان تێئـەکرد. خوێنەواریی نەبو لەبەر ئەوە ئەبوایە هەمو ئەو شـتانەی لەبـەر بکردایـە و لە مێشکی خۆیدا هاوسـەنگی نێـوان قـازانج و زیانـەکانی بکردایـە لـە نێـوان هەمو ئەو ڕوداوانەی کە پێشبینی ئەکران بێنە ڕێی...

ئاوا نەبوایە گلۆڵەی کارەکان بەو جۆرە بێ ئالۆسکان بـەڕێوە نەئەچون. گرنگترین شت گوێ ڕایەڵیی پۆلاینە کـە هـیچ چاوپۆشـیەکی تیـا نیـە. ئـەوە گرنگترین بنەمایە کـە لەسـەرکەوتندا پشـتی پـێ ئەبەسـترێت. جـەنگیزخان بـواری هـیچ لاساریەکی نەئـەدا. نابێـت هـیچ کردەوەیـەك یـان کەسـێك یـان کۆسـپێك لـە ڕێگـای ئامانجـە سـەرەکیەکەیدا بوەسـتێت، کـە داگیرکردنـی ئەوروپایە. . لەو کاتانەدا ، کە جەنگیزخان ستراتیجیەتی خـۆی دائەڕشت گەیشتە بڕیارێك کەلە هیچ سەردەمێکدا نەدراوە. گەل، واتە سـوپا، نابێـت کەس منالّی ببێت. مەسـەلەکە ئـەوەبو ژن و منـاڵی جـەنگاوەرە کـان لەگـەڵ هێزەکانـدا بـون، لـەکاروانی تایبەتـدا کـە پێیـان ئـەوتن کـاروانی خێـزان و لەگەڵ سوپاکەدا لەجێیەکەوە ئەچون بۆ جێیەکی تر.

ئـەم نەریتـە هـەر لەکۆنـەوە هـەبوە، چـونکە ژیانەکـەیان وا پێویسـتی ئـەکرد، لایەنـە دژ یەکـەکان کـە هەمێشـە لـە دوژمنایـەتی و پـەلاماری بەردەوامی سـەریەکتردابون زۆرجـار پـەنایان ئـەبردە بـەر تۆڵـە سـەندنەوە، هێرشیان ئەکردە سەر ئەو ژن و منالانـەی کـە بـەبێ پارێزگاری ئەمانـەوەو دیلیان ئەکردن، سەرەتا هەرچی ئـافرەتی دوگیانـە ئەیانکوشـت بـۆ ئـەوەی نەیەڵن ژمارەی خێڵەکەی دوژمنیـان زیـاد بکـات، بـەلام لەگـەڵ بـەرەوپێش چـونی کاتـدا ژیـان گـۆڕا، ئـەو خێڵانـەی کەلـە ڕابـردودا لەدوژمنایەتیـەکی

بەردەوام دا بون، لەسەردەمی جەنگیزخاندا ئاشت بونەوەو لەژێر چەتری دەوڵەتێکی مەزندا یەکیان گرت.

له گەنجیدا ، ئەو کاتەی هێشتا پێیان ئەوت تیمۆچین، جەنگیزخان زۆرجار دژی خێڵەکانی دراوسێیان جەنگاوە، ئازاری چەشتوەو بۆتە هۆی ئازار و ئەو ژنەی خۆشی ئەویست لە هێرشێکدا خێڵی میرکیت فڕاندیان و بەبارمتەگیرا. لەبەر ئەوە کاتێك جەنگیزخان گەیشتە دەسەلات ململانێکانی زۆر بێبەزەییانە سەرکوت ئەکرد، چونکە ئەو ململانێیانە ڕێگای حوکم کردنیان لێ ئەگرت و پێکهاتەکانی دەوڵەتیان تێك ئەشکاند. ساڵان ڕۆیشت و شێوازی کاروانی خێزان ئیتر پێویستی نەئەکرد، لەوەش گرنگتر ئەوە بو ئەو خێزانانە باری سوپایان گران کردبو، لەکاتی خۆئامادەکردن بۆ چالاکیی سەربازیی بەرفراوان ئەبونە کۆسپ بەتایبەتی لەکاتی هێرش و پەڕینەوەی بەربەستە ئاویەکاندا . ڕێنماییە بەرزەکانی ئەم سوڵتانە بیابانیە – کە نابێت ئەو ئافرەتانەی لەگەڵ سوپاکەیدان سك بکەن تا بەسەرکەوتویی شاڵاوی خۆرئاوا کۆتایی دێت- لەمەوە سەرچاوەی گرتبو، جەنگیزخان ئەم فەرمانەی ساڵ و نیوێك پێش ئەوەی بەرەو خۆرئاوا بجولێن دەرکرد. ئەو کاتە وتی:

-وڵاتانی خۆرئاوا ملکەچ ئەکەین ، ئەسپەکانمان ئەوەستێنین و دائەبەزین، ئەو کاتە ژنانی کاروان چەند ئەتوانن با منالیان ببێت. بەلام پێش ئەوکاتە نامەوێت بەم دو گوێیە ببیستم لەناو ئۆردوەکەدا منالێك لەدایك بوە.... جەنگیزخان هەتا یاساکانی سروشتیشی بۆ سەرکەوتنە سەربازیەکانی ملکەچ ئەکرد و بیانوی بەژیان و بەخوا ش ئەگرت.

ئەیویست ویستی خوا ش بخاتە خزمەتی خۆیەوە، چونکە منالّ بەخششی خوایە.

هیچ کەسێك نە لەگەل و نە لە سوپا ناڕازی نەبو. هەتا کەس بیری لەوە نەکردبۆوە بەرپەرچی ئەم زولّمە بداتەوە، ئەو کاتە دەسەلاّت و توانای جەنگیزخان گەیشتبوە پلەیەك هەمو کەسێك بیّ سیّ و دو بەگوێیان ئەکرد و کەس لاریی لەوە نەبو نەوە نەخاتەوە، چونکە هەر سەرپێچیەك مایەی مردنێکی مسۆگەر بو. ئەوا ڕۆژی حەڤدە هەمینی هەست کردنی جەنگیزخانە — کە شالاّوەکەی بەڕێوەیە بەرەو خۆرئاوا — بەبارێکی دەرونیی تایبەت کەلەوەو پێش تیانەژیاوە، خاقان ئەبوایە ئەو ڕوالّەتەی کە شایستەی کەسایەتیەتی: لەتوندوتیژی و سەربەرزی ، پارێزگاری بکات ، وەکو تاوێرێك لەکاتی بێدەنگیدا ، بەلاّم لە قولاّیی ناخی خۆیدا دلّی خۆش بو، و گۆرانی بۆخۆی ئەوت و هەلّبەستی ئەهۆنیەوە.

...... لەشەوێکی هەوردا
پاسەوانەکانم نوستون دوای ئەوەی
دەوری چادرەکەیان بەدوکەلّ گرتوم
منیش لەچادرەکەمدا — کۆشکە هەلّدراوەکە
وەنەوز ئەدەم
من ئەمڕۆ لەسەر ڕێگاکەمدا ئەمەوێت پێزانینی خۆم ڕابگەیەنم:
پاسەوانە مەزنەکانی شەوم
بەرزیان کردمەوە بۆ تەختی خاقانی
لە زریانێکی بەفر و بارانێکی وردا
کەلەرزت لیّ دێنیّ،

**لە لێزمەی باراندا، لەبارانی باراندا**
**پاسەوانەکانم لەدەوری چادرە گەڕۆکەکەم وەستاون**
**دڵنیاییان پێبەخشیوم**
**بێئەوەی وەرسم بکەن**
**من ئەمڕۆ لەسەر ڕێگاکەمدا ئەمەویێت پێزانینی خۆم ڕابگەیەنم!**
**پاسەوانە جەربەزەکانی شەوم**
**بەرزیان کردمەوە بۆسەرتەخت..**
**لەناو ئەو دوژمنانەدا کە دڵتەنگیان کردوم**
**هەرئەوەندە گوێیان لەدەنگی سیپاڵێك بێت**
**لەتوێکڵی دار، کەبەحاڵ ئەبیسترێ**
**یەکسەر پەلاماریان داوە**
**بۆ پاسەوانە بەئاگاکانی شەوم**
**ئەمەوێت ئەمشەوپێزانینی خۆم ڕابگەیەنم**
**لەبەر مانگە شەو گەلە گورگێکی بەوەفا**
**کەڵبەیان تیژ کردوە بۆ خوێن ڕشتن**
**دەوری سەرکردەکەیان داوە**
**گەلە گورگە یاڵ بۆزەکەی من، ئاوان!**
**لەگەڵمدا ئەڕۆن ، لەهەڵمەتەکەمدا بەرەو خۆرئاوا لێم جیانابنەوە،**
**کەڵبە سپیەکانی تەختەکەم هەمیشە لەگەڵمدان و منیش گۆرانی پێزانینی خۆمیان بۆ ئەڵێم ...**

ئەم بەیتانە ئەگەر لەسەر زاری جەنگیزخان بەدەنگێکی بیستراو بوترانایە شتێکی سەیر ئەبون. ئەو پیاوێکە ناخی بەو شەوە دەربڕێت؟!.

بەلآم خراپ نیە ئەم خۆشیە بەخۆی ڕەوابببینێت کەلەبەیانیەوە بەسەرپشتی ئەسپەوەیە تا ئێوارە.

هۆی سەرەکیی ئەم دڵخۆشیەی ئەوەیە کە حەڤدە ڕۆژە هەرلەبەیانیەوە هەتا ئێوارە هەورێکی سپی بەسەر سەری جەنگیزخانەوەیە - ئەم لەکوێ بێت ئەویش لەوێیە. پێشبینی ئەستێرە گرەوەکە هاتەدی. کێ بڕوای ئەکرد؟!. هەروەها چی ڕێگر بو لەبەردەم ئەوەی لەپای ئەو بێ ڕێزی و چاو قایمیە لەرادەبەدەرەی کەتەنیا بیرکردنەوە لێشیان مایەی سەربو، لەو سەعاتەدا ئەو کابرا غەریبە بکوژرایە، بەلآم ئەو گەڕۆکە نەکوژرا. کەواتە- ئەوە ویستی نیبۆیە

لەیەکەم ڕۆژی ڕەوەکەدا کە هێزەکان و کاروانەکان و باڵەکان هەتا چاوبڕکات ئەو دەشتە یان پڕکردبو لە جمو جوڵ کەلە ڕوباری رەش ئەچون لەکاتی لافاودا ، جەنگیزخان بەرێکەوت سەری هەڵبڕی ، لەکاتێکدا کە ئەسپە ماندوەکەی ئەگۆڕی ، بەلآم هیچ بایەخێکی نەدا بەو پەڵە هەورە سپیە بچکۆلە کە بەهێواشی مەلەی ئەکرد، یان لەوانەیە لەئاستی سەری ئەو لەجێی خۆیدا چەقیبێت-. بۆ لەئاسماندا هەور کەمە لەجێی خۆیدا چەقیبێت، ئەم پەڵە هەورە نەبێت؟!.

جەنگیزخان بەردەوام بو لە ڕۆیشتن بەیاوەری کیزیگوڵ و یاساوڵ بەلآم لەدورەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە و بەسواری ئەسپەکەیەوە سەرقاڵی بیرکردنەوە بو لەوشوێنەی بۆی ئەچێت، سەیری ئۆردوە بێ ئەژمارەکەی ئەکرد کە بەگوێڕایەڵی و پەلە کردن لەملکەچ کردنی جیهانەوە ئەجمان، بەگوێڕایەڵی بۆ بەدیهێنانی ئاواتە تاکە کەسیەکان و بەپەلە بۆ جێبەجێکردنی خولیاکانی، وەکو ئەوانە مرۆڤێك نەبن کە هەریەکێکیان

ئاواتی ئەوە بخوازێت بەقەد ئەو دەسەڵاتی هەبێت، بەڵکو پەنجەکانی ئەو دەستەی بن کە لغاوی ئەسپەکەی پێ گرتوە.

کاتێک جەنگیزخان جارێکی تریش سەیری ئاسمانی کردەوە وهەورەکەی بینییەوە، شتێکی تایبەت نەهات بەخەیاڵیدا ، ئەو کە خولیای داگیرکردنی جیهانی هەبو بیری لەوە نەکردەوە بۆچی هەورێك لەو ئاسمانەوە بەو بەرزەوە ڕێك بەو ئاراستەیەدا ئەڕوات کە سوارێك لەخوارەوە لەسەر زەوی پێی ئەڕوات، چی پەیوەندیەك ئەبێت لەنێوانیاندا هەبێت؟!.

هەورەکە سەرنجی هیچ کەسێك لە سوارەکانی ئەم ئۆردوەی ڕانەکێشابو، کەسیش نە بایەخی پێئەدا ، نە لەو باوەڕەدا بو موعجیزە بەڕۆژی نیوەڕۆ بێتە دی، چی وایان لێ بکات سەیری ئەو ئاسمانە بەرزە دورە بکەن لەکاتێکدا ئەوان پێویستیان بەوە بو سەیری بەرپێی خۆیان بکەن؟!.

سوپا وەکو دەوارێکی ڕەش بێت بەردەوام ئەجولا ، لەبەرزایی و لەنزمایدا تەپ و تۆزی ژێر سمی ئەسپ و پێچکەی عەرەبانە تاماوەیەکی دور لەدوایانەوە لەگەڵ خاکەکەدا بەجێ ئەما. لەوانەیە بۆ هەتاهەتایە و بێگەڕانەوە سەریان. ئەمە هەموی بۆ کپ کردنی هەوەس و ئارەزوی خان بەڕێوەئەچو، بەدەیان هەزار خەڵك ڕێك و پێك ئەڕۆن بەڕێوە ، ئامانج و پاڵپێوەنەریان تەنیا فەرمانی ئەوە بۆ پاراوکردنی تینوێتی فراوانکردنی سەروەری و دەسەڵات و سنوری قەڵەمڕەوەکەی.

بەم جۆرە بەدەم ڕۆیشتنەوە سێبەرداهات و ئێوارە نزیك بوەوە، ئەبێت لەکوێدا تاریکیان بەسەرهات بیخەن و شەو لەوێدا ڕۆژبکەنەوە، بۆئەوەی سبەینێ بەیانی سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە... بۆ مانەوەی خان و دەست

و پێوەندەکەی سەرەتا چادری – کۆشك هەڵئەدرا ئەم چادرانە لە دورەوە بە لوتکە گومەزیە سپیەکەیان و ئاڵاکەی خان دا ئەناسرانەوە کە پارچەیەك قوماشی ڕەش بو، بەریشوی سوری تۆخ دەورەگیرابو، بەئاوریشم و تاڵی ئالتون ئەژدیهایەکی لەسەر نەخشێنرابو کە لە دەمیەوە بڵێسەی ئاگر دەرئەچو، لەنزیك کۆشکە سەرەکیەکەوە ئەشەکایەوە.

لەم شوێنەدا ئێوارە خوانێکی گشتی سازکرا ، دوای نان خواردن جەنگیزخان بڕیاری دا یەکەم کۆبونەوە لەگەڵ (نویۆن) (فەرماندەی هێزەکان) بکات بۆ ئەوەی وتوێژ دەربارەی سەرەنجامەکانی ڕێ و ڕۆشتنی ئەمڕۆ و بەرنامەی ڕۆژی دوایی بکەن ، سەرکەوتنی سەرەتای هەڵمەتەکە ئارەزوی کۆبونەوە و میوانداری لای جەنگیزخان دروست کردبو، لەبەر ئەوە ئەو ئێوارەیە دژی داوەت کردنیان نەبو، بۆ ئەوەی گوێ لەقسەکانیان بگرێت و فەرمانەکان لە زمانی خۆیەوە وەربگرن، ئەم ئێوارەیە شەرەفی قسە بۆکردنیان پێ نابەخشێت تا هەمویان و یەکەیەکە نەبن بەیەك گوێ و نەبن بەخێوەتێك ماستی مەییو، وەکو بیەوێت بە چوارقورنەی دنیا بڵێت کەبەم زوانە هەمویان مل کەچانە گوێ لە فەرمودەکانی ئەگرن، لەپێناوی ئەمەدا پێش ئەم سوپایە کەوتوە- لە پێناوی گەیاندنی وتەکانیدا، چونکە وشە هێزێکی هەمیشەییە. بەڵام جەنگیزخان بڕیاری کۆبونەوەکە و قسە بۆ کردنەکەی پشت گوێ خست ، چونکە گێژاوی دەرون وای لێکرد پێویستی بە تەنیایی بێت. هۆکارەکەشی ئەوەبو.... کاتی نزیك بونەوە لەهەوارەکە جارێکی تر هەورەکەی سەر سەری سەرنجی ڕاکێشایەوە. ئەمە جاری سێهەمە ئەیبینێت، لەوکاتەدا دڵی بەخێرایی لێ ئەدا ، لاشەی خاوبوبوەوە و زەوی لەبەرچاوی شەپۆلی ئەدا، واقی وڕما کە پێشبینی

ڕێبوارەکە بەو جۆرە بێتەدی ، بەزۆر خۆی بە یاڵی ئەسپەکەیەوە گرتەوە کە نەکەوێت، لەوەو پێش هەرگیز وای بەسەر نەهاتوە، هەرچی ئەوەی لەسەر خاکی تاریکی خێڵی (ئیتۆگین)ە یان لەسەر ئەو تەختە چەسپاوە بێ سنورەیە کە پەروەردگار پێی بەخشیوە لەسەری بژی و دەستی بەسەردا بگرێت، نەیانتوانیوە ئەوەندە سەرسامی بکەن لەحەپەساویدا هەناسە هەڵبکێشێت.لەو بڕوایەدا بو هەرچی شتە بینیویەتی ، هیچ نەماوە لەدنیادا ئەومێشکە ڕەقەی بوەستێنێ یان ئەو ڕۆحە لە خوێن هەڵکشاوەی بهەژێنێت و ختوکەی بدات، هەرگیز ڕوینەداوە قەڵای پیاوەتی هەرەس بێنێت و لەترسا وەکو ژن خۆی بەیاڵی ئەسپەکەی بگرێتەوە. شتی وا نەئەبو ڕوبدات ، چونکە زۆر لە کۆنەوە قەناعەتیهێنابو، ئەتوانین بڵێین هەر لەهەرزەکاریەوە لەو ڕۆژەوە کە لەگەڵ تاقە برا گەنجەکەی (بیکتیر)دا لەڕاوە ماسی لەسەر ماسیەك بو بەشەڕیان و تیرێکی پێوەنا، لەوکاتەوە کە بەهەست کردنی گورگانەی تێگەیشتبو، هەتاهەتایە ئەبێت خۆی لەسەر زینی ئەسپێك ڕاگرێت، کەهێزە .لەوکاتەوە کە ژیانی خۆی بەچاکترین و کاریگەرترین هۆکار ڕێك خست، قەناعەتی هێنا مل کەچ کردنی هەمو شتێك بەهێز کاریگەرترین شێوازە، هیچ شتێك نیە و نابێت هێچ شتێك هەبێت پشت بۆ هێز دانەنەوێنێت و کڕنوشی بۆ نەبات و نەکوژێتەوەو لەژێر پاڵە پەستۆی هێزدا نەبێت بەخۆڵەمێش ، ئیتر ئەو شتە بەرد بێت ئاگر بێت درەخت بێت دڕندە بێت یان باڵندە بێت، ئەمە بێجگە لە مرۆڤی تاوانبار ، کاتێك هێز ئەبەزێت سەرسوڕهێنەر بێنرخ ئەبێت و شتی جوان دزێوئەبێت. لەمەوە ئەم دەرەنجامە بەدەست دێت: هەرچیەك چۆکی دادا شایانی لێبوردن نیە بەقەد ئارەزوی بەهێزەکە

نەبێت ، جیهان لەسەر ئەمە بەندە... بەڵام کە مەسەلەکە پەیوەندی بە ئاسمانەوە بێت جیاوازە چونکە هێمای بەردەوامی و هەمیشەییە ، ئەو دوسیفەتەی گەڕیدەکانی هیمالایاو کتێب هەڵگرە گەڕۆکەکان باسی ئەکەن ، بەڵێ، بەتەنیا ئەوە، ئاسمانە کەدەستی ناکەوێت و داگیر ناکرێت. ئەو لەبەرامبەر ئاسمان — پەروەردگار — دا هیچ نیە ئەوە نەبێت کڕنوش ببات و نوێژ بۆ ئەو ئاسمان — پەروەردگار-ە بکات کە چارەنوسەکانی سەرزەوی دابەش ئەکات و- وەکو کتێب هەڵگرەکان کەلە هیمالایاوە دێن تەئکیدی ئەکەنەوە- ئاراستەی گەڕانی گەردونیش دیاری ئەکات.

لەبەر ئەوە جەنگیز خان بەکۆی پێکهاتەی ڕوی تێئەکرد و لە پاڕانەوە ڕاستگۆکانی و خێر و قوربانیەکانیدا لێی ئەپاڕایەوە لەگەڵێدا باش بێت و بیپارێزێت و یارمەتی بدات لەچنگ گیر کردن لە جیهانی ئادەمیزاد. ئەگەر جیهانەکانی ژێر مانگ ئەوەندە زۆرن لەم دنیایەدا، وەکو دانا گەڕۆکەکان ئەڵێن، چی ئەبێت ئەگەر ئاسمان جیهانی زەوی ببەخشێت بەم، بۆ ئەوەی ئەم — جەنگیزخان — بیبات بەڕێوە و دانیشتوانەکەی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هەڵبسوڕێنێت! ئایا لەسەر زەوی لەناو ئادەمیزاددا لەو بەهێز تر و شیاوتر هەیەبۆئەم کارە.کەس دەسەڵاتی لەو زیاترنیە کە بتوانێت فەرمانڕەوایی چوارقوڕنەی دنیا بکات.لەناخی خۆیدا زیاتر وزیاتر بڕوای ئەهێنا کە مافیکی تایبەتی هەیە داوای هەر شتێك لە ئاسمانی بەرز بکات کەکەس نەیوێراوە داوای بکات!. ئەویش ئەوەیە، دەسەڵاتێکی بێ سنوری هەبێت بەسەر گەلانی جیهاندا، پێویستە مرۆڤێك هەبێت تاکە فەرمانڕەوابێت . ئەو مرۆڤەش با ئەو کەسە بێت کە بتوانێت بە زەبری هێز هەمویان ژێردەست بکات.

لەبەخشندەیی بێ سنوری ئاسمان هیچ کۆسپێك نەئەهاتە ڕێی داگیرکردنەکانی و فراوانکردنی دەسەلاتی ، هەتا ئەو بەخشندەییە فراوانتر بوایە بڕوای زیاتر ئەچەسپا کە پلەیەکی تایبەتی هەیە لای ئاسمان و ئەو هێزانەی ئاسمانیبەرز کە خەلك نایانبینێت لەگەلْ ئەودان، تاوانەکانی هەمو بوراون. چەند زۆرن ئەو نەفرەت و نزایانەی لەو هەمو ناوچانەی بە ئاگر و ئاسن ئەیکرد بەژێر پێوە لەزاری خەلکەوە بەسەر سەریدا ئەبارین ! بەلام یەکێك لەونەفرەتە هیچ و پوچانە تا ئێستا کاری نەکردۆتە سەر مەزنیی بەردەوام و سەرکەوتنی بێ سنوری.بە پێچەوانەوە تا زیاتر نەفرەتیان لێ بکردایە ئەو زیاتر گوێی نەئەدا بەو هاوارو سکالایانەی بەرز ئەکرانەوە بۆ ئاسمان، لەگەلْ ئەوەشدا چەند جارێك هەندێ ترس و گومانی قورس بە زۆرئەخزانە مێشکی:لەوانەیە ئاسمان جارێك توڕەببێت یان بوروژێت بۆ سزادانی ، لەوکاتانەدا خانای مەزن تۆزێك لەجێی خۆیدا مت ئەبو، بەخۆیدا ئەشکایەوەو پشویەکی ئەدا بەشوێنکەوتوانی و ئامادە ئەبو لەو کاتەدا گلەیی ڕەوای ئاسمان قبولْ بکات، بەلکو ئامادەش ئەبو بۆ تۆبەکردن، بەلام ئاسمان نەڕەنجاو ناڕەزایی نیشان نەداو بێ سنوریی لێ نەسەندەوە. ئەویش وەکو گەمەیەکی ژیرانە بکات، زیاتر ڕۆئەچوە ناو گیانبازی و ململانێی ئەوەی بە دادپەروەری ئاسمان دائەنرێت و ئارامیی ئاسمانی تاقی ئەکردەوە، ئاسمانیش هەر ئارام بو! لەمەوە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی ڕێگای هەمو شتێکی پێدراوە . بە تێپەڕبونی سالْ لە دوای سالْ بڕوای تەوای هێنا کە ئاسمان ئەوی هەلبژاردوەو ئەم کوڕی ئاسمانە، ئەمە تەنیا هۆ نەبو بۆ ئەوەی بڕوا بەوەبکات کە لە حیکایەتەکاندا نەبێت بڕوایان پێ ناکرێت، بڕوای بەو گۆرانیانە بو کە سوارچاکەکان لە ئاهەنگە

گەورەکاندا لەسەر پشتی ئەسپەکانیان ڕێکیان ئەخست کاتێك بەبەردەمی ئامادەبواندا ئەڕۆشتن و پێیان ئەوت ڕۆڵەی لەئاسمان- بوو، لەکاتێکدا هەزاران دەست بەنزاوە بەرەو ئاسمان بەرز ئەبونەوە، ئەمانە مەراییەکی مرۆیی بێ بایەخ بون، جەنگیزخان بە ئەزمونی تایبەتی خۆی تێگەیشتبو کە ئاسمانی پەروەردگار چاودێری و سەرپەرشتی ئەکات چونکە ئەو هەڵگری ویستی ئاسمانی بەرزە بۆ زەوی. بەواتایەکی تر ، ئەم نیازەکانی ئاسمان- پەروەردگار لەخوارەوە دێنێتەدی. ئاسمانیش پڕ وەکو ئەم دان بەهیچدا نانێت ، هێزو هێزنواندن و خاوەن هێز نەبێت کە ئەم هەمویانی تیابو، ئەگەر وانەبێت، بونی ئەم چۆن لێك ئەدرێتەوە!.

هەندێ جار خۆی سەری لەخۆی سوڕئەما لەو سەرکەوتن و بەرزبونەوە خێرایە ، وەکو هەڵۆیەکی بەرزەفڕ، بەرەو ئەو لوتکە بەرزە تۆقێنەرانەی سەرکەوتن کەسەربەگێژەوە دێنن، لەسەرگەورەیی کردنی جیهان لەلایەن هەتیوێکی (خێڵی ئارات-کەیات) ی هەژارەوە کەلەدێر زەمانەوە بەڕاو و ئاژەڵ بەخێوەکردن ئەژیان، ئەی ئەمە چۆن رویدا؟! کە پێشتر لە مێژوی وەرگرتنی دەسەڵاتی باڵادا هەرگیز ڕوی نەداوە ! لە کاتێکدا ژیان ئەتوانێت لە باشترین حاڵەتدا چارەنوسێکی پێچەوانە تر بۆ هەتیوێکی بێ دەسەڵات و بێ پشت و پەنا دیاری بکات، وەك مەیتەرێکی شارەزا کە ئەمیش لەسەرەتادا هەر وابو!.

هیچ بوارێکی تر بۆ لێکدانەوە نەماوەتەوە، ئەگەر ویستی ئاسمان – پەروەردگار نەبێت تیمۆچین-ێکی خاوەن یەك ئەسپ بۆی نەبو تەنانەت خەون بەیەك بەیداخیشەوە ببینێت کە ئەژدیهایەکی زێڕین لەسەری کڵپەی ئاگر لەدەمیەوە دەرئەکات، ئەگەر وانەبوایە پێی نەئەوترا

جـەنگیزخان و لـەژێر گومـەزی زێڕینـی چـادردا دانەئەنیشـت بـۆ زیـاتر سەلماندنی ئەوەی کە ئـەم مەسـەلەیە پڕاوپـڕ وایـە.ئـەوە ئـەو ڕاسـتیەی کە بەبەرچاوی هەموانەوەیەو گومان هەڵناگرێت: پیرۆزبایی کردنی ئاسمان لە خاقانی ئاسیا. ئەویش ئەو هەورە موعجیزەیەیە کە نجومگەرێکی گەڕۆك پەی پیێ بردو خەریك بو سەری خۆی لە پێناویدا دابنێت.

ئـەم هـەورە سـپیەی کـە ئاسمـان بـۆ کـوڕی ئاسمـانی نـاردوە بەڵگـەی پشتگیری و پیرۆزی و مژدە بەخشی سەرکەوتنی گەورەیـە لـەداهاتودا، لەو هەزاران بەشدارەی هەڵمەتەکە کەس بەخەیاڵیدا نەهاتبو کە مـوعجیزەی وا ئـەکرێت ڕوبـدات و کـەس تێبینـی ئـەو هـەورە سـپیە بێوادەیـەی نـەکردبو، کەس بەخەیاڵیدا نـەهاتبو بپرسـێت لـەکوێوە هـاتوەو بۆچـی لێرەیـە؟ . کـێ سـەرنجی ئـەو هـەمو هـەورە ئـەدات کـە لەئاسمانـدا بـەئارەزوی خـۆی مەلەئەکات؟!.تەنیا خاقانی مەزنە کەسەرکردایەتی ئەم ئۆردوە بێ ئـەژمارە ئەکات و پێشیان کەوتوە بـۆ ئـەوەی جیهـان بخاتـە ژێـر دەسـتی خـۆی، ئـەو واتای مەزنی دەرکەوتنی ئەم هەورە سپیە ئەزانێت و ئەم پێشبینیە سـەیرە سەرسـامی کـردوەو لـە نێـوان بڕواکـردن و بڕوانـەکردن بـەم دیـاردە بـێ پێشینەیەدا هەڵواسراوە.

جەنگیزخان گومـانێکی قورسـی لادروسـت بوبـو! ئایـا پێویسـتە کەسـانی تـریش هاوبەشـی بـیروڕاو تێبینییـەکانی بکـەن یـان نـا؟. چـی بکـات ئەگـەر جارێك ئاشکرای کرد و نهێنیەکەی هەڵماڵدراو هەورەکە خـۆی کـۆکردەوەو لەچاوتروکانێکدا نەما! خەڵك وانازانن شێت بوە؟. سەرلەنوێ ئەگەڕایـەوە و ورەی خۆی بەرزئەکردەوە و خۆی ئەگرتـەوە و بـڕوای ئەهێنایـەوە کـە ئـەم هـــەورە خـــۆڕایی نیـــەو لـــەپڕ ناڕەوێتـــەوە . ئاسمـــان وەکـــو بەڵگەیـــەك

بەخشـیویەتی بـەم. جـارێکی تـر خۆشـیی دایئەگرتـەوەو هەسـتی بـە سروشتێکی مەزن ئەکرد و لەزیرەکی خۆی و دروستی پەلامارە کەی بەرەو خۆرئـاوا دڵنیـا ئـەبوەوە و نیازەکـانی لەدامەزرانـدنی ئیمپراتۆریـەتێکی جیهـانی بـەزەبری ئـاگر و ئاسـن زیندوئەبونـەوە کـە ئامـانجی سـەرەکی شاڵاوەکەی بو. چاوچنۆکیەکی خۆڕسك بـو کـە هـەرگیز لـەزەبر و زەنـگ و دەسەڵات تێر نەئـەبو، تـا سنوری قەڵەمڕەوەکەی فـراوانتر بوایـە ئـارەزوی زیاتری ئەکرد.

ڕۆژانی مل نانی ئۆردوەکەی بەدوای یەکدا ئەهاتن.

هـەورە سـپیەکەش لەبەرزاییـەوە مەلـە ئـەکات و ورد ورد ئـەڕوات بـێ ئـەوەی لابـدات، بـە بەرچاوی جەنگیزخانـەوە لەسـەر پشـتی خوبـای پشـت چاڵی ڕەسەنی یـاڵی سـپی ، کلك رەش ، هـەر ئـاوا لـەدایك بـوە. شارەزاکان ئەڵێن لەم جۆرە ئەسپە هەر هەزار ساڵ جارێك دانەیـەك لـەدایك ئـەبێت ، لـەژێر ئەسـتێرەیەکی تایبەتـدا ، ئەسـپەکە بەڕاسـتی ڕەسـەنێك بـو وێنـەی نـەبو، هـی غـار نـەبو ، بـەڵام لـە ڕۆیشـتندا هـەرگیز بێـزار و مانـدو نەئەبو.خوبا هەمیشە گورج و گۆڵانە یەرغەی ئـەکرد، وەکو تاوێـك بـارانی لەپڕبێت و لێزمەی پڕمەی گـەرم بڕژێنێتـە سـەر زەوی.ئەگـەر جڵەوەکـەی نەبوایە ئەم ئەسپە لە تەکان و سمکۆڵاندا خۆی ئەتوانەوە تـا ئـەبو بـەدواین دڵۆپەی ئەوبارانە داکردوە. شیعرخوانێك لەکۆندا وتویەتی : مرۆڤـ بەسـەر ئەسپی واوە هەست ئەکات نەمرە.

جەنگیز خـان ڕازی و کامـەران بـو، لـە کاتێکدا هەسـتی ئـەکرد بـەرەو پێش ئەچێت، تامـەزرۆی هێزێکـی بـێ وێنـە ، کاروچالاکی، فـڕین بـەرەو ئامانجەکەی بو، وەکو خۆیشی خوبایـەك بێـت مانـدو بـون نـەزانێت، وەکو

ئەویش لە سمکۆڵانێکی بێ کۆتاییدا بێت، وەکو ڕۆحی و لاشەی، چۆن ڕوبارەکان تێکەڵی ئەکتر ئەبن، تێکەڵی سوری خوێنی ئەسپە ئۆقرە نەگرتوەکەی بوبن. بەڵێ ئەسپەکەو سوارەکەی هەریەکەیان شایانی ئەوی تریان بو، هێزێك بەدەنگ هێزێکەوە ئەچێت، دانیشتنی سوارەکە لەسەر زینەکە لە نیشتنەوەی هەڵۆ ئەچو. سوارچاکە ناوشان پانە گەنم ڕەنگەکە چەسپاو لەسەر زینەکەی دانیشتوەو پێیەکانی بەو پەڕی بڕواو شانازی بەخۆکردنەوە لە ئاوزەنگیەکان توندکردوە، بەسەر ئەسپەکەیەوە وەکو لەسەر تەخت دانیشتبێت وابو، لەش و لارێکی سەربەرزی ئەستونیی، بەڕوخسارێکەوە کە جگە لە دوچاوی گۆشە تەسك و ئێسکی دەپەڕیوی ڕومەت نیشانەی ڕەقیی پێوە دیار بو، وەکو لەبەرد هەڵکۆڵرابێ کە هێمای تواناو لێوەشاوەیی خاوەنە مەزنەکەیان ئەنواند لەسەرکردایەتی کردنی هێزێکی بێ ئەژمار بەرەو سەروەری و سەرکەوتن... هۆکاری سەرەکی ئەم سروش و درەوشانەوەی جەنگیزخان ئەو پەڵە هەورە سپیە بو کە وەکو گوڵبەند و هێمای مەزنیی خاوەن بایەخ بەسەر سەریەوە بو، هەمو شتەکان لەم دەرفەتەدا لەگەڵ یەکدا گونجاو و هاوئاهەنگ بون، هەورەکە ..ئاسمان.. لە پێشەنگیشەوە ، لەگەڵ دەستپێکردنی جوڵاندا ، شەکانەوەی ئالای ڕۆیشتن بەدەست میرئالاکانەوە، کە هەمیشە جەنگیز خان لەکوێ بوایە ئەوانیش لەوێ بون، ژمارەیان سیان بو، سێ ئالاو سێ میر ئالا بەهەیبەت و پڕ بڕوا و دڵبەند بەخۆیان بۆ ئەو ئەرکە شکۆمەندەی پێیان سپێردراوە ، هەرسێکیان بەسەر سێ ئەسپی شێوە وەکو بۆیان هەڵبژێرابێت. لەناوەڕاستەوە ئالا بەدەستەکە و لەهەردولاوە یاوەرەکانی بەقەمەکانیانەوە بەمەبەستی سونیتاق کردن، پەرچەمێکی ڕەشیش کەبە ئاوریشم و تاڵی

ئالْتون ئەژدیهایەکی لەسەرنەخشێنرابو و لەدەمیەوە ئاگری دەرئەکرد، لە ئەژدیهای راستەقینەی زیندو ئەچو. ئەژدیهاکە لەباری خۆهەڵدانێکی بەرزدا بو، چاوەکانی کە بەرقەوە بۆ هەمو شتێکیان ئەڕوانی، وەکو چاوی حوشتر دەرپەڕیبون و لەگەڵ هەر لەرەیەکی ئالاْکەدا بەملاولادا ئەیانڕوانی، وەکو بەڕاستی چاوی ئەژدیها بن. لە بەیانیەوە کە خاقان بێ ئەوەی ماندو ببێت بەسەر ئەسپەکەیەوە سەرکردایەتی ڕەوەکە ئەکات ، جەنگاوەرەکان لەهەمو لایەکەوە بەسواری و بەغار هاڵ و هەواڵی بۆ دێنن و ڕێنمایی پێویستی لێ وەرئەگرن و بەرمبازی و تیراندازی ئەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەبێت پەلە بکەن بۆ ئەوەی پێش وەرزی بارانی زستان و قوڕو چلْپاو لە بەربەستی سەرەکی نزیك ببنەوە و بگەنە کەناری ڕوباری ئیتیلی مەزن بۆ ئەوەی کە زستان هات و دنیا بەستی بەسەر سەهۆڵبەندانی ڕوبارەکەدا بپەڕنەوە بەرەو ئامانجە سەرەکیەکەیان: دەست بەسەراگرتنی خۆرئاوا .

ڕۆشتن هەتا خۆرئاوایەکی درەنگ بەردەوام ئەبو ئەو دەشتە لەژێر تیشکی خواری خۆر ئاوابوندا دور دور ئەکشا تا ئەو شوێنەی مرۆڤ هەستی ئەکرد ئەو پەڕی دنیایە. لەم چۆلاْییە ڕازاوەیە بە تیشکی لاوازی خۆر کە نیوەی لە پشت ئاسۆوە شاراوەتەوە، کاروان کاروان هەزاران سوار بەرەو هەواری خۆرئاوابونەکە تەکان ئەدەن، هەر هێزێك لە ڕێچکەی خۆیەوە، هەمویان ڕویان کردۆتە ڕۆژە ئاوابوەکەو لای خۆیانەوە بیر لەو ڕوبارە ڕەشانە ئەکەنەوە کە خەریکن ئەبن بەژێر تاریکییەوە. ئەسپی بەستەزمان و شەکەت تەنیا شەوان کە هێزەکە لا ئەدات بۆ پشودان سوار و زینەکانیان

لـەکۆڵ ئەبێتـەوە. بـەیانی زو زرمـەی دوبوڵبـاس♥ کـە دەهـۆڵێکی زلەیـە لەچەرمی مانگا لەهەمو هەوارگەکان دەنـگ ئەداتـەوە بـۆ ئـەوەی ئۆردوەکـە هەسـتێت و دەسـت بکاتـەوە بـە ڕۆیشـتن . لەخەوهەڵسـاندنی دەیـان هـەزار کەس هەروا ئاسان نیە ، لەبـەر ئـەوە دو بوڵباسـکوتەکان زۆر ماندوئـەبن و دەنگی دەهۆڵەکانیان هەمو ناوچەکە ئەگرێتـەوەو زرمـە و گرمـەیدەنگباران کـردن هـیچ سـەربازگەو خاڵێـك نابوێرێـت. لەوکاتـەدا خاقـان هەسـتاوە، لەوانەیـە یەکـەم کـەس بێـت لەخەوهەڵئەسـتێت بـۆ ئـەوەی بـەو بەیانیـە پایزیە ڕوناکە لەدەوری چادرەکەی (کۆشکەکەی) پیاسە بکات و بیر بکاتەوە چـی بکـات و خەیاڵـەکانی شـەو بـە مێشـکیدا هـاتون تـاوتوێ بکـات، ئینجـا فـەرمان دەربکـات، لـەو ماوەیەشـدا گـوێ بـۆ ئـەو دەهۆڵـە شـل بکـات کـە هێزەکـان بەخەبـەر دێنێـت ئەسـپەکانیان زیـن بکـەن و سـوارببن و پـێش گالیسکەکان بکەون و دەربچن . بـەم جـۆرە ڕۆژێکـی نـوێ دەسـت پێئـەکات، دەنگە دەنگی مەنجەڵ و زرمەو گرمە و تەپەتەپ تێکەڵ ئەبن و سـەرلەنوێ شەپۆلەکەی کە دوێنێ شەو وەستا بودەست پێ ئەکاتەوە.

دەهۆڵەکان زرمەیان دێت، زرمەی بەیانیان تەنیا مانای لەخەو هەستان نـەبو، بـەڵکو لەناوخۆیـدا مانایـەکی تـری هـەڵگرتبو، جـەنگیزخان بـەم دەهۆڵە هەمو ئـەو خەڵکەی ئەوروژانـد کەلـە شـاڵاوە مەزنەکـەدا لەگەڵیـدا بون، ئەوە، ئەوەی بـیر ئەخسـتەوە کـە فەرماندەیـەکی نـەترس هەیـە بـەو دەهۆڵباران کردنە خـۆی ئـەکات بـە مێشـکی جـەنگاوەرە نوسـتوەکانیدا وەك چۆن لەدەرگای داخراوەوە بچێتە ژورەوە بۆ ئەوەی پـێش هـەر بیرۆکەیـەکی تر بکەوێت - هەرچیەك بێت - کەلەوانەیە لەهەمان دەرگا بـدات، جگـە لـە

♥ لەهیچ شوێنێکی دەقە ئنگلیزیەکەدا ناوی دوبوڵباس نەهاتوە .ت.ع

وانەی کە لە خۆیەوە دەرئەچن و لەلایەن خۆیەوە یان بەویستی ئەو ئەسەپێندرێن ، چونکە خەڵك لەکاتی خەودا نە بۆ ویستی خۆیان و نە بۆ ویستی هیچ کەسێك مل کەچ ناکەن . نوستن ئازادیەکی شێتانەی بێ سەرەوبەرەو ترسناکە ئەبێت یەکەم هەناسەی نێوان خەو و بێداریی لەکار بخرێت ، هەروەها ئەبێ کەللە ڕەقانەو بەبێ ترس ئەوانەی خەو بەریان ئەدات سەرلەنوێ گرێ بدرێنەوە بە واقیعەوە ، بەخزمەتەوە ، بەمل کەچ کردنەوەوە بەبێ هیچ مەرجێك، بەکردارەوە .

ئەو گرمەی دەهۆڵە کەلە پرمەی گا ئەچو هەموجارێك بەساردێکەوە شتێکی بیری جەنگیزخان ئەهێنایەوە کە پەیوەندی بەیادەوەریەکی کۆنەوە هەبو، ئەوکاتەی گەنج بو، ڕۆژێك دو گا لەنزیکەوە شەڕە شۆقیان ئەکرد، بەوپەڕی هەڵچونەوە ، کونە لوتیان کرابوەوەو وەکو درندە ئەیانپرماند، بە سمەکانیان بەردو زیخیان فڕێ ئەداو تەپ و تۆزی جەنگێکیان بەو ناوەدا بڵاوکردبۆوە . بە ململانێکەیان سەرسام بو، تیروکەوانەکەی گرت بەدەستیەوەو — خۆیشی لە بیری نەماوە چۆن — تیرێکی نا بە برا نوستوەکەیەوە (بیکتیر) کە لەسەر ماسیەك لە ڕوبارێکدا ڕاویان کردبو بوبو بەشەڕیان ، بیکتیر درندانە وەکو گا بۆڕاندی و ڕاپەڕی و کەوتەوە سەرزەوی و لەخوێنی خۆیدا گەوزا ، تیمۆچین-یش (بەڵێ تا ئەو کاتە هەر تیمۆچینی هەتیو بو کە یەسوگای باوکی هەر بە گەنجی مردبو) لە ترسا دای بەشاخدا ، دوای ئەوەی ئەو دوبوڵباسەی نزیکی چادرەکەی بو دای بە کۆڵیدا . لەسەر شاخەکە بەیەك ئاواز و بەردەوام هەر تەپڵی لێ ئەدا، لە کاتێکدا کە ئاگۆلین —ی دایکی لەخوارەوە ئەگریا و خۆی ئەکوشت و خۆی ئەڕنی و دۆعای لەو کەسە ئەکرد براکەی کوشتوە. دوای ئەوە خەڵکەکە

بەڕاكردن كۆبونەوە ، هەمویان هاواریان ئەكرد و دەستیان ڕائەوەشاند و شتێكیان پێ ئەوت ، بەلام ئەو هیچی نەئەبیست بەردەوام و بەگەرمی تەپڵی لێ ئەدا ، لەبەر هەر هۆیەك بو كەس بۆی سەرنەكەوت.هەتا دەمەو بەیان لەسەر شاخەكە مایەوەو تەپڵی لێئەدا.. هاڕەی سەدان دوبوڵباس ی ئەم بەیانیە بەلای ئەوەوە، بەلای نركەی شێرانەیەوە، بەلای قارەمانێتی و چاونەترسیی ئەوەوە بانگەوازی جەنگە، بۆ هەمو ئەوانەی لەگەڵیدا ئامرازی هەڵمەتن ، هێمای هەستان و وشیاربونەوەو كاركردنە، بزوێنەرە بۆچونە پێشەوە لەمەبەست:داگیركردنی جیهان . هێمایە بۆ دواكەوتنیان هەتا كۆتایی ئەم هەڵمەتە- كە بێگومان لەخاڵێك ، لەجێیەك، ئەبێت ئاسۆی خۆرئاوا كۆتایی بێت، ئەوانەشی لەسەرزەوین — مرۆڤ و هەمو ئەو بونەوەرانەی ئەبیستن- ئەبێت بەدرێژیی گوێ لە تەپڵەكانی جەنگ بگرن و لەرزیان لێبێت . هەورە سپیەكەش كە ماوەیەكی زۆرە شاهیدی بیروڕا شاراوەكانیەتی هێشتا لەگەڵ هاژەی تەپڵەكانی بەیانیدا بێ دو دڵیی بەسەرسەریەوە بەهێواشی مەلە ئەكات. شەماڵە بەهێزەكە یاری بەئالای ئیمپراتۆریەت ئەكرد كە ئەژدیهایەكی لەسەر نەخشێنرابو لەدەمیەوە ئاگری فڕێ ئەدا وەكو زیندوبێت، ئەوەتا ئەژدیهاكەش بەسەر پارچەیەك قوماشەوە بەپەلە بەرەوپێشەوە ڕائەكات و لەدەمیەوە ئاگرێكی گەش فڕێ ئەدات...

ئەو ماوەیە بەیانیانیان خۆش بو، شەوانە جەنگیزخان دەرئەچو بۆ ئەوەی چواردەوری خۆی بەسەر بكاتەوەو ئەو خەوە ببینێت كە بارگەی خستوە . ئاگردانەكان لەهەمو بستێكی ئەو بیابانەدا ئەسوتان، گەش لە نزیكەوە و تەنیا تروسكاییەك لەدورەوە . هەمو ئۆردوگاكانی جەنگاوەران

و چادرگەی کاروانەکان و بنکەی مەیتەرەوانەکان و کۆمەڵگای شوان و ڕەوگەوانەکان و دەوارەکان دوکەڵی سپیان لێ بەرز ئەبووەوە .چونکە خەڵك لەوکاتەدا شۆربایان لێ ئەناو گۆشتیان ئەبرژاند ، بۆنی گۆشتی کوڵاو کە لەمەنجەڵی گەورەیان دەرئەهێنا، دڕندە برسیەکانی ئەو دەشتەی بۆ ئەوێ ڕائەکێشا ، ناوبەناو لەتاریکیەکەوە زیتەی چاوی ئەو دڕندە بەستەزمانانە ئەبینراو ئاوازی لورەیان ئەهاتە گوێ.

لەوکاتانەدا سوپا وەکو مردو لەباوەشی خەودا ڕاکشابو ، تێخوڕینی پاسەوانەکان کە بەو شەوە بەناو هێزەکەدا ئەسوڕانەوە تاکە بەڵگە بون کەوا بە شەویش ژیان بەردەوامەو بەهەمان توندوتیژیی ڕۆژ بەڕێوە ئەچێت. گوێ ڕایەڵی و خزمەتی ڕەهای بێ دودڵیی ، بۆ بەدی هێنانی ئامانجی جەنگیزخان لەدەست بەسەراگرتنی جیهاندا .(هەمو کارێك سەرەنجام ئاراستە کراوە بەرەو بەدیهێنانی تاکە ئامانجە بەرزەکە) ئەبێ ئاوا بێت. لەوساتانەدا ، جەنگیزخان بەرۆحێکی مەستەوە، دەرکی بەناخی خۆی –ناخی سەرو مرۆڤ، ئەکرد ، لە تینوێتی بۆ دەسەڵات پاراو نەئەبو، هەتا ئەو تینوێتیە زیادی بکردایە دەسەڵاتی زیاتری دەست ئەکەوت، ئالێرەوە ئەو سەرەنجامە ڕەهایە سەری هەڵئەدا ، تەنیا ئەوە ڕەوایە کە لەگەڵ ئامانجی زیادکردنی دەسەڵاتی ئەودا یەك ئەگرێتەوە ، بە پێچەوانەوە هەرچی کۆسپ بێت لەڕێی بەدیهێنانی ئەو مەبەستەدا ئەبێ تەفروتونا بکرێت و تەخت ببێت . ئیعدامەکەی سارۆزیکی لەسەر ئەمە ئەنجام درا، ئەو چیرۆکەی –کەبۆنەگبەتی- ئەبوتاڵیب کۆتیبایف دوای مێژویەکی کۆن تۆماری کرد..شەوێکیان چاودێرەکان بەسواریی ، کەرتی ڕاستی سوپاکەیان ئەپشکنی . لەدەرەوەی سنوری خێوەتگای جەنگاوەران

هەوارگەی کاروانەکان و شوان و ڕەوگەوانەکان و بەشەکانی تری کارگوزاریە ژیاریەکان هەبو، چاودێرەکان سەریان لەوشوێنانەش دا، هەمو شتێك بەدڵی ئەوان بو.ئەو خەڵکانەی بە ڕۆژ ماندوبوبون لەژێر چادرەکاندا لاڵ وپاڵ کەوتبون، زۆریشیان لەدەوری ئاگردانە کوژاوەکان تەنیا ئاسمانیان دابو بەخۆیاندا، کش و ماتیی باڵی بەسەر چادرە تاریکەکان و هەمو شتەکاندا کێشابو، سەرپاسەوانەکان کە سێ کەس بون، ئەرکەکەی خۆیان تەواوکرد، ولاخەکانیان وەستاند و باسی شتێکیان کرد و ئینجا ئەو یەکەیان کە بەرپرسیان بو، سوارێکی کەڵەگەت بو، کلاوێکی سەرکردەی (سەد-ی)♥ لەسەردا بو، بەدەنگێکی نزم فەرمانی پێدان : ئیتر بەسە بڕۆن بخەون ، بەلام خۆم بەتەنیاچاوێکی تریش ئەگێڕم . دو سوارەکە دور کەوتنەوە ، بەلام ئەوی سێهەمیان کەسەرکردەی سەد بو، سەرەتا بەگومانەوە سەیری چواردەوری خۆی کرد، ئینجا دابەزی و جڵەوی ئەسپەکەی گرت و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا ، بەبەردەمی بارخانەی کاروانەکان و جێگای پیادەکان و گالیسکەی بەرگدروەکان و چەخماخسازەکان و ئەو کۆمەڵە زینانەی‌لەئەسپەکان گیرابونەوە، ڕۆیشت و ڕوی کردە چادرێکی تەنیا کەلەکەناری چادرگەکە هەڵدرابو. ئەو کاتەی ئەو خۆی دابو بەدەم شەپۆلی خەیاڵەکانیەوەو سەری دانەواندبو، گوێی بۆ هەمو دەنگ و چپە و خشپەیەك هەڵخستبو. ڕوناکی مانگە شەو ڕواڵەتی دەم و چاوە پانەکەی‌و چاوە گەشاوە تەماویەکانی ئەسپەکەی کە بەگوێ ڕایەڵی دوای کەوتبو، بەشێك تاریك و بەشێك ڕون ئەخستە بەرچاو.

---

♥ لەهیچ شوێنێکی ئنگلیزیەکەدا جگە لە وشەی فەرمانده شتێك نیە بەناوی سەرکردەی سەد یان سەرکردەی هەزار. ت.ع

ئیردینەی سەرکردەی سەد لەچادرێك نزیك بوەوە کە وا دیار بو خەڵکێك چاوەڕوانی ئەکەن، ئافرەتێك کە دەسرۆکەیەکی بەسەرەوە بولەچادرەکە هاتە دەرەوەو لەدەرگاکە دا چاوەڕوانی ئەکرد.

-سامباینۆ♥، ئیردینە سڵاوی لە ژنەکە کرد و بەدڵەڕاوکێوە لێی پرسی:دەنگوباس چی‌یە؟

-هەمو شتێك بەدڵی تۆیە، بەئاسانی لێی بوەوە.. سوپاس بۆ خوا ، ئیتر خەمت نەبێ. ئینجا ژنەکە بەچپەوە پێی وت: -بەس داوای تۆ ئەکات ، گوێت لێیە، زۆر حەز ئەکات بتبینێت.

ئیردێنەی سەرکردەی سەد وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ منیش خەریکە سوێم ئەبێتەوە بۆلای، بۆ نەگبەتی من نۆیۆن بڕیاری دابو ئەسپەکان بژمێرن بۆیە سێ ڕۆژە نەمتوانیوە سەربدەم، لەناو ئەو هەوارانەدا وەکو شێتم لێ هاتبو.

-ئیردینە خۆت سەغڵەت مەکە، لەحاڵەتی وادا خۆت توش مەکە، لێرە بیانبینیتایە ئەتوت چی؟. ژنەکە بۆ ئەوەی دڵنیای بکات سەرێکی لەقاند و وتی:

-گرنگ ئەوەیە بەئاسانی و بێگرفت نەجاتی بو، بڕوابکە یەك قیژەی نەکردوە مەگەر ئەو بەرگەی ئەو هەمو ژانەی گرتبێت! بۆ بەیانیش لە گالیسکەیەکی سەرگیراودا جێگام بۆ چاککرد و وەکو هەر هیچ ڕوی نەدابێ، بەڕاستی ئافرەتی چاکە ، -ئینجا ژنەکە لەپڕ شتێکی بیر کەوتەوە:

♥ مەرحەبا،بەزمانی مەنگۆلی .و .عەرەبی

-ئۆی ئـەوە بـۆ لـە بـیرم چـو..ئـەو هەڵۆیـەی بەسەرشـانتەوە نیشـتەوە، هـــــەرگیزلێت دورنەکەوێتـــــەوە، کوڕەکـــــەتان بـــــەدایك و بـــــاوك گەورەبێت..شمشێری دەستت وقەڵغانیسەرت بێت..ناوی ئەنێن چی؟!.

- خوا بەدڵی تۆ بکات دادە ئاڵتون، من ودوگـوڵاٚنگ هـەتا مـاوین چاکەی تۆمان لەبیرناچێت. ناوێکی خۆشی بۆئەدۆزینەوە ، ناوپەك ناکەوێت.

جڵەوی ئەسپەکەی دایە دەست ئاڵتون، ئەویش بەڵێنی پێدا:

- مەترسـە، تادێیتـە دەرەوە مـن لێـرەدا پاسـەوان ئـەبم.بـڕۆ.دوگـۆڵاٚنگ بەتاسەوە چاوەڕێتە.

سەرکردەی سـەد تۆزێـك وەسـتا وەکـو چـی هێـزی تیایـە کـۆی بکاتـەوە ، ئینجـا لەچـادرەکە نزیـك بـوەوە ، پـەردە نمـە ♥ دادراوەکـەی لادا و سـەری دانەوانـد و خـۆی کـرد بـەناو چادرەکەدا. چـراوگێکی بچکۆلە لەناوەڕاسـتی چادرەکەدابو، لەبەر ڕوناکیەکە کزەکەی دوگۆڵاٚنگی خێزانی بینی لەوسەری چـادرەکەدا کـەوتوە وفەرویـەکی پێسـتەدەڵەکی داوە بەشـانیدا وە بەدەسـتی ڕاسـتی بەهێواشـی بێشـکەکە ڕائـەژەنێت کەسەربیشـکەیەکی خـەت خـەتی پیادرابو.

- ئیردێنــە مــن .. مــن و کوڕەکــە لێــرەین، بــەدەنگێکی کــز وەڵاٚمــی دەرکەوتنی سەرکردەی سەدەکەی لەچادرەکەدا دایەوە، خۆی ڕاست کـردەوە و بەپەشۆکاویەوە زەردەخەنەیەك گرتی.

---

♥ نمـــە:لبـــاد .هەرپارچـــەیەك لەســـوینەوەی خـــوری و بـــەرگن دروســـت بکرێت.کۆچەریەکانی خزمم ئەڵێن: کوتە نمەیەك بێنە لەسەری دانیشم یان تاکێ نمە بێنە دایخە .ت.ع

ســەرکردەی ســەدەکە تــیردان و کەوانەکــەی دانــا و تەنگەکوتــەکانی لەپێلاّوەکانی کردەوە ولەپشت دەرگاکەوە داینان . باوەشی کردەوە و بەرەو ڕوی ژنەکــەی چــو، لەســەر ئــەژنۆ دانیشــت و باوەشــیانکرد بەیەکــدا و ڕومــەتیان لەیــەك ئەخشــاند وســەریان کــردە سەرشــانی یــەکتری. تاوێــك بــەوجۆرە مانــەوە وەکــو دنیایــان لێتەســك بوبێتــەوە و تــەنیا ژێــر ئــەم خێوەتــەیان بــۆ مابێتــەوە لــەم هەناســەیەدا. هەرچی سنوری دەرەوەی ئــەم دەوارە بــو ون بــو، بــونی نــەما. زەوی بــەتاڵ بــوەوە و هیچــی تیانــەما ئەوەنــەبێت کەلــەم وروژان و ســۆزەدا ئەیبەســتنەوە بەیەکــەوە، ئــەو بونەوەرەبچکۆلەی ناوبێشکەکە، ئــەوکورە کۆرپەیــەی کەسێڕۆژە لــەدایك بوە.

ئیردێنە بێدەنگی شکاند و یەکەم جار ئەو قسەی کرد:

- تۆچۆنیت؟ تەندروستیت چۆنە؟..

ئەمانــەی لێپرســی ، لەکاتێکــدا بەنارەحــەت هەناسەســواریی خــۆی بۆئەشارایەوە...زۆرم خەم بو.

ژنەکە لەو ڕوناکیە ی کزەدا و بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

- هەموشتێك بەبێوەی تەواو بو، بیر لەوە مەکەرەوە، هەواڵی کوڕەکە بپرسە، ئەلێی هارە ئەو مەمکە ئەگرێت. زۆر لەخۆت ئەچێت.ئاڵتونیش ئەلێت لەباوکی ئەچێت .

- ئا نیشانم بدە، دوگۆلانگ باسەیرێکی بکەم .

دوگۆلانگ دانەویەوە ، پێش ئەوەی سەر بێشکەکە لابدات بەهوشیاریەوە گوێی هەڵخست بزانیت دەنگی هیچ نایەت لەدەرەوە . دنیا کش و مات بو.

سەرکردەی سەدەکە بەوردیی ڕوانیە کۆرپەکەی ، زۆری لەخۆی ئەکرد ڕوخسار و تایبەتمەندێتی خۆی لەڕواڵتی منالەنوستوەکەدا بدۆزێتەوە کەهێشتا هیچ شێوەیەکی دیاریکراوی نەبو. لەکاتێکدا سەیری منالە تازە لەدایکبوەکەی ئەکرد ، هەناسەی لەخۆی بڕیبو، هەستی کرد، لەوانەیە بۆیەکەم جاربێت هەست بە نهێنی گەورەی گەردون بکات لەزاو زێکردندا، کەئەبێتەهۆی نەبڕانەوە و بەردوامیی ژیان ، لەوانەیە لەبەر ئەمەبێت کە ئەدوا وشە هەڵی ئەسەنگاند.

- ئیتر من هەمیشە لەگەڵ تۆدا ئەبم دوگۆلانگ، لەهەرشوێنێك بیت من لەلای تۆم ، چونکە کوڕەکەم لەلای تۆیە.

- تۆلەگەڵ مـن ئەبیت؟!.ژنەکە بە پێکەنینێکی بەواتا و دڵتەنگیەوە لێیپرسی..خۆزگە وائەبو. ئەتەوێت وەکو بوزیەکان بڵێیت کوڕەکەت بەرجەستەی خۆتە؟..منیش کەسەرەتا گۆشم کرد بیرم لەوە ئەکردەوە ، ئەم کوڕەی کەسێ ڕۆژلەمەوپێش لەدنیادا نەبو، کاتێك کردمە باوەشم لەدڵی خۆمدا وتم ئەمە تۆیت لەڕۆح و جەستەیەکی تردا، ئەوەتا تۆش بیر لەوە ئەکەیتەوە.

- بیری لێئەکەمەوە بەلام یەکجار بەو شێوەیەش نا. من ناتوانم خۆم بەبوزا دابنێم.

- خۆت بەو دامەنێ.تۆبوزا نیت.تۆئەژدیهاکەی منیت.من تۆ بەئەژدیها ئەچوێنم_دوگۆلانگ بەشۆخیەوە پێی وت –من کە ئەژدیها ئەنەخشێنم لەسەر ئالاکان ، کەس نازانێت هەمویان تۆن..هەمو ئالاکان تۆیان لەسەریت.

- هەندێجارلەخەوما ئەژدیهایەك ئەچنم ، کەتەواو ئەبێت گیانی ئەچێت بەبەردا و زیندو ئەبێت- گاڵتەم پێمەکە – لە خەوەکەمدا باوەشی

پیا ئەکەم، لەیەکەوە ئەئاڵێین و ئەفڕین. ئەژدیهاکە ئەفڕێت و لەگەڵ خۆیدا ئەمبات. لەئەوپەڕی بەرزی و لەئەو پەڕی خۆشیدا ، هەست ئەکەم تۆیت..تۆ لەخەودا دوجار لەگەڵمدایت، جارێك ئەژدیها و جارێك مرۆڤ .کەخەبەرم ئەبیتەوە نازانم بڕوا بەکامیان بکەم.

ئیردێنە من پێشتر پێم وتویت تۆ ئەژدیها ئاگرینەکەمیت . من بەگاڵتەم نیە. هەر واش بوە ، من تۆ ئەنەخشێنم. ئەو ئەژدیهایانەی لەسەرئالآکان ئەیانچنم بەرجەستەی تۆن. ئێستاش من پێم وایە بەچکە ئەژدیهام بوە.

- با وابێت وەك تۆ پێت خۆشە، بەلام گوێبگرە دوگۆلآنگ ئەمەوێت پێت بڵێم- سەرکردەی سەدەکە بێدەنگ بو، دواتر قسەکەیتەواو کرد:

- ئێستا دوای ئەوەی مناڵێکمان بوە ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە دوای ئەمە چیتر؟!.

ئێستا باسی ئەوە ئەکەین، بەلآم پێش ئەوە ئەمەوێت پێت بڵێم ، بۆئەوەی بیزانیت، ئەڵێم :

- هەمیشە خۆشم ویستوی وئێستاش هەتاهەتایە خۆشم ئەوێیت و ئارەزوت ئەکەم . سامناکترین شت کەلێی ئەترسم ئەوە نیە لەشەرێکدا سەرم دابنێم، بەڵکو ئەوەیە ئارەزو و خۆشەویستیم لێدابڕێ و لێی بێبەری بم . بەدرێژایی ڕابوردو کە لەگەڵ هێزەکاندا ئەچوم بەملا ولادا بیرم لەوە ئەکردەوە چۆن خۆشەویستی تۆ لەخۆم دوربخەمەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا نەمرێت، بەڵکو لەلای تۆ بمێنێتەوە ، ڕێگا چارەیەکم نەئەدۆزیەوە، بەلآم خەونم بەوەوە ئەبینی سۆز و ئەووینت ببێت بەباڵندەیەك یان درندەیەك یان هەر شتێکی زیندوی تر بۆ ئەوەی بیدەمەوە دەست تۆ و بڵێم : ها، بگرە، ئەمە سۆز و وەفا و دلسۆزیی منە

بۆ تۆ، باهەتا هەتایە لات بێت. ئەو کاتە ئیتر لەمردن نەئەترسام . ئێستا تێگەیشتم کە کوڕەکەم لە ئەوینی من بۆتۆ کەوتۆتە خوارەوە، لەبەر ئەوە لەئێستاوە ئەوینی من لەپاڵتدایە.

- بەلاّم هێشتا ناومان نەناوە.بیرت لەناوێك کردۆتەوە؟.

ژنەکە لێی پرسی. سەرکردەی سەدەکە وەلاّمی دایەوە:

- بەڵێ.ئەگەر تۆ پێت چاك بێت، ناوێکی باشی ئەنێین- کۆنان♥ .

- کۆنان؟!.

- بەڵێ.

- خراپ نیە.ناوێکی چاکە.کۆنان .کۆنانی بچکۆلە.

- بەڵێ.جوانویەکی سێساڵ.لەترۆپکی هێز و سمکۆلاّندا، یاڵی وەك ڕەشەبا و سمەکانی وەك پۆلاّ.

دوگۆلاّنگ دانەویەوە وسەری مناڵەکەی نزیك کردەوە:

- گوێبگرە .باوکت ناوت ئەنێت.

سەرکردەی سەدەکە وتی:

- ناوت کۆنانە. گوێت لێیە کوڕم؟ ناوت کۆنانە . کەبەڕاستیش هەر وایت.

---

♥ لەبیرم دێت لەناوەڕاستی شەستەکاندا کە منال بوین جەژنان ئەچوین بۆ سینەما. یەکێك لەفیلمەکان لەبابەتی هەرقل و ماجستی و سپارتاکۆس، ناوی کۆنان الجبار بو.منالێك بو پاشاکە بەناهەق باوکی ئەکوشت،ئەویش پیرێژنێك بەخێوی ئەکردو خۆی فێری شەڕەشیرو زۆرانبازی ئەکرد و لەکۆتاییدا سوپایەکی پێکەوە ئەنا و هێزی پاشاکەیان ئەشکاند و تۆلەی باوکی ئەکردەوە و خۆی ئەبو بەپاشا .

هەردوکیان بێدەنگ بون وخۆیان دایە دەست هەیبەتی چرکەساتەکە.

شەو کپ و بێدەنگ بو بێجگە لەدەنگی ئاشنای سەگوەڕی هەوارەکەی تەنیشتیان و حیلەی چەند ئەسپێك لەدورەوە. لەوانەیە ئەسپێك بێت بەم نیوەشەوە خامۆشە ولأتەکەی خۆی بیرکەوتبێتەوە لەچیا کە پڕە لەتاڤگەی خوڕ و گژو گیا و لەوەڕی زەبەند و تیشکی خۆر.

منالەکە کە ئێستا کۆنانە خەوێکی قوولّ و هێمن خەوتبو، لەتەنیشتیشیەوە چارەنوسە کۆرپەکەی هێشتا نوستبو.بەلأم بەم زوانە خەبەری ئەبێتەوە.

ئیردێنەی سەرکردەی سەد بێدەنگیەکەی شلەقاند ، دوای ئەوەی هەناسەیەکی هەلکێشا و دەستە ئەستورەکەی هێنا بەسمێلیدا وتی:

- تەنیا بیرم لەناوی کوڕەکەمان نەکردبوەوە دوگۆلأنگ ، بەلکو بیرم لەشتی تریش کردۆتەوە، تۆ ئەزانیت ئیتر ناتوانیت لەگەلّ ئەم منالەدا لێرە بیت.ئەبێت هەتا زوە هەلبێیت.

- هەلأتن؟!.

- بەلّێ دوگۆلأنگ، هەلأتن. هەتا زوتریش باشتر.

- منیش هەر بیرم لێکردۆتەوە. بەلأم بۆ کوێڕابکەم، چۆن ڕابکەم ؟!. ئەی تۆ چی ئەکەیت؟!.

- من ئەلێم هەردوکمان بەیەکەوە ڕا ئەکەین.

- بەیەکەوە ؟!. هەرگیز شتی وا نابێت ئیردێنە.

- ئەی بەیەکەوە، ئەی چۆن؟ ئەی شێوازێکی تر هەیە بۆ ڕاکردن؟!.

- بیربکەرەوە ، ئەزانیت چی ئەلێیت؟ تۆسەرکردەی سەدکەسیت لەئۆردوی لای ڕاست.

- بیرم کردۆتەوە و باشیش بیرم کردۆتەوە .

- بۆکویۆدەربـاز ئـەبیت لەدەسـتی خاقـان. لەکویۆلەسـەر زەوی جێیـەك هەیە بتگرێتە خۆی. هۆشت بێنەوە بەرخۆت ئیردێنە.

- بیرم لەهەمو شتێك کردۆتەوە، بەهێمنی گوێم لێبگرە . سەرەتا، ئەو کاتانەی کە ئەمانتوانی خۆمان بشارینەوە، ئەوکاتانەی لەناو شارە جەنجاڵە پڕلەخـەڵك و سـواڵکەرەکاندا بـوین ، خۆمـان نەشـاردەوە.ئـەو ڕۆژگـارە لەخۆمەوە نەمئەوت:

- دوگلانگ ، باجلی شڕو وڕی سواڵکەرانە لەبەربکەین و خۆمان بکەین بـەناو ئاپۆڕەکـەدا و خۆمـان ون بکـەین وسـەری خۆمـان هـەڵبگرین و ڕوو بکەینە ئەم دنیا فراوانە.

ئالاچنەکە بە دڵشکاویەوە لێی پرسی:

-کام دنیایە ئیردێنە؟ ئەوخاکە لەکوێیە کە ئەتوانین بەکامی دڵی خۆمان تیابـژین؟!. هـەلاتن لەدەسـت خـوا ئاسـانترە لەهـەلاتن لەدەسـت خاقـان. لەبەرئەوە نەمانوێرا. تۆخۆت ئەوە ئەزانیت. کام جەنگاوەر ئـەیتوانی ئـەوە بکات؟!.

بەوجۆرە لەگەڵ نهێنیەکەماندا لەنێوان ترس و خۆشەویستیداماینەوە. تۆ نەتئەتوانی سوپاکە بەجێبێڵیت چونکە مایـەی سـەردانانت بـو، منـیش نەمئەتوانی تۆ بەجێبێڵم چونکە مایەی کۆتایی هاتنی کامەرانیم بو.ئەوەتا ئێستاش هەرخۆمان نین .کورەکەمان لەگەڵمانە.

لەگێژاوی ئـەم ترسـە تۆقێنـەرەدا تاوێـك بێدەنگیـەکی قـورس دایگـرتن. ئینجا سەرکردەی سەدەکە هاتەوە قسە:

- خـەڵك هەیـە لەشـورەییدا ڕائەکـەن، لـەبێزاری و بێدەرەتانیـدا، لەترسی سزای خیانەت ڕائەکەن تەنیا لەپێناوی ئەوەدا گیانی خۆیان ڕزگار بکەن.ئێمەش پێویستە ڕابکەین گیانی خۆمان ڕزگار بکەین لەبەرئەوەی چارەنوس کوڕێکی پێبەخشیوین. بەلاَم هەمومان هەمان باج ئەدەین .پێویست ناکات چاوەڕوانی بەزەیی و بەخشین بین. خاقان هەرگیز لەفەرمانی خۆی پاشگەز نابێتەوە.

- ئەبێت هەڵبێین دوگـۆلاَنگ تـا هەمو دەروەکانمان ڵێدانەخراوە. چارەیەکی ترمان نیە. سەر ڕامەوەشێنە. چارەیەکی ترمان نیە. کامەرانی و سەرگەردانی یەك ڕیشەیان هەیە . لەکامەرانیدا ژیاین و ئەبێت ئێستا لە لێقەومان نەترسین... ئەبێت ڕاکەین.

ژنەکە بەهێمنی وتی:

- من تێت ئەگەم ئیردێنە.بێگومان تۆ ڕاست ئەکەیت. بەلاَم من بیر لەوە ئەکەمەوە ، کامەیان باشترە، بمرین یان بەسەر زیندوبین؟!. من خۆم بەلامەوە مەبەست نیە. مردن لەگەڵ تۆدا بە خەلاَت ئەزانم.

لەدڵی خۆمدا ئەموت: ئەگەر مەسەلەکە پێویست بەوە بکات بمرم ئەوا ئەمرم، بەلاَم هەرگیز ڕێگا نادەم ئەوەی لەتۆ لێم بوە بکوژرێت .بێمێشکم یان عاقڵم گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە دەستبەردار نابم ...

-خۆت ئازار مەدە، پێویست بەوە ناکات . خۆت بەمەسەلەی ژیان و نەژیانەوە سەرقاڵ مەکە. ئێمە نەمانئەویست قوربانی بەوە بدەین کە لەسکتا بو، خۆ ئێستا لەدایکیش بوە، ئێستا ئەبێت لەپێناوی ئەودا بژین . ئەبیڕابکەین وبژین. ئێمە هەردوکمان کوڕمان ئەویست ، ئەوا ئێستا هەمانە.

- من باسی خۆم ناکەم ، بەڵکو مەبەستێکی ترم هەیە. ئەتوانی پێم بڵێیت ئەگەر من بکوژن، لێئەگەڕێن تۆ و کوڕەکەت بژین؟.

- ئەزانم. شتی وا پێویست ناکات.دوگۆلانگ زامدارم مەکە . ئێستا کەی کاتی ئەوەیە .باشترە پێم بڵێیت تەندروستیت چۆنە؟ ئەتوانیت سەفەر بکەیت؟.

لەگەڵ ئالتون دا ئەتانخەمە گالیسکەیەك، ئەویشت لەگەڵدا ئەبێت.منیش بەسواری ئەسپەکەم لەنزیکتانەوە ئەبم، بۆ ئەوەی بتوانم ئەگەر شتێك ڕویدا بەرگریتان لێبکەم...

ئالاچنەکە وەڵامی دایەوە:

- ئارەزوی تۆیە .من ئەبێت لەگەڵ تۆدا بم. لەپشتت بم ..

سەریان شۆڕکردەوە بۆ سەر بێشکەکە و بێدەنگ بونەوە.ئینجا دوگۆلانگ کەوتەوە پرسیار:

- ڕاستە ئەڵێن بەم زوانە سوپاکە ئەگاتە کەناری چایك؟.♥ئالتون ئەوەی لەخەڵك بیستوە!.

- بەڵێ. دوای دوڕۆژی تر.زۆرمان نەماوە . سبەینێ ئەگەینە ئەو ناوچانەی کە لافاوی ئەو ڕوبارە ئەیانگرێتەوە. لەوێوە سەرەتای دارستان دەست پێئەکات. دەوەن و زەبەندە ، تا ئەگاتە چایك.

- - ڕوبارێکی گەورەیە. قووڵە؟!.

- گەورەترین زێیە لەسەر ڕێگای ئیتیل.

- - ئەی زۆر قووڵە؟!.

---

♥ چایك ڕوباری ئۆراڵ-ە .و.ع

- - هەمو ئەسپێك ناتوانێت لێی بدات ، بەتایبەتی لەو شوێنانەداکە زۆر خورە.بەلأم دەوروبەرەکەی قوڕ و قوڕاوە.

- - کەواتە ئاوێکی قوڵ و تیژڕەوە؟!.

- - وەکو ئاوێنە ئارامە. ڕاستە لەهەندێك شوێندا خورە. تۆ ئەزانیت من منـاڵیم لـە دەشـتایی چـایکدا بەسـەربردوە..ئێمـە خـەڵکی ئـەوێین، گۆرانیەکانمان هەموی لەسەر چایکە کە بەشەوی مانگەشەو ئەیڵێین♥.

- لەبیرمە، جارێك گۆرانیەکت بۆ وتم هەتا ئێستاش لەبیرم نەچۆتەوە .ئەوەی کەباسی کچێك ئەکات لەدڵدارەکەی جیابوەتەوە( ئالأچنەکە بەدەم خەیاڵەوە ئەمەی بۆ پشتگیریی مێردەکەی وت)..دوایی خۆی فڕێ ئەداتە چایکەوە.

- ئەوە گۆرانیەکی کۆنە.

ـ من ئاواتێکم هەیە ئیردێنە، ئەمە لەسەر پارچەیەك ئاوریشمی سپی بنەخشێنم: ئاوێك، تۆزێك وردە شەپۆل نەبێت، ڕوبەرێکی نەژاکاوی هەیە، دەوری پڕە لە گژوگیاو پەپولە، دیمەنەکە تەنیا کچێکی ناتەواوە کە بەرگەی کارەساتەکەی نەگرتوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك ئەم نەخشەی بینی گۆرانیە دڵتەنگەکەی سەر ڕوبارە دڵتەنگەکەی بیربکەوێتەوە.

ـ دو ڕۆژی تر ئەو ڕوبارە ئەبینیت، بەوردیی گوێم لێ بگرە دوگوڵانگ، تاسبەی شەو ئەبێت خۆت ئامادەبکەیت، هەر کاتێك بە ئەسپێکی ئامادەکراوەوە هاتم ئەبێت یەکسەر بەبێشکەکەوە دەربچین، کات

♥ چیخۆڤ شانۆگەرییەکی هەیە بەناونیشانی گۆرانی چایکا. لەسلێمانی نمایش کراوە، بەلأم بەداخەوە ناوی وەرگێڕ و دەرهێنەر و ئەکتەرەکان و کاتی نمایشەکەم لەیاد نەماوە . ت.ع

هەردەمێك بێت، نابێت شێنەیی بیت، ئێستا کاتی دواکەوتن نەماوە، خۆزگە ئەمتوانی هەر ئەمڕۆ بتانبەم.. بەڵکو هەر ئائێستا، بەرەو ئەو شوێنەی کە ڕوانینم پێشم ئەکەوێت، بەلاّم دەشتەکەی دەوروپشتی ڕوتەنە، شوێنێکی تیانیە خۆمانی تیاپارێزین یان خۆمانی تیا بشارینەوە، دەوروپشتمان ئەڵێی بەری دەستە، ئێستا شەویش مانگەشەوە. ناتوانین بەگالیسکەیەك لە دەست ئەوانە دەربازبین کەدوامان ئەکەون، بەلاّم لەمەودوا، کاتێك لە چایك نزیك ئەبینەوە ناوچەیەکی زەبەند دەست پێئەکات، لەوێ شتەکان بەشێوەیەکی تر بەرێوە ئەچن.

زۆر لەگەڵ یەکتری دوان، هەندێ جار لەپڕ بێدەنگ ئەبون، هەندێ جاری تریش ئەگەڕانەوە سەر باسکردنی چارەنوسی نادیاری داهاتویان کە ئەمان لەبەر دەرگاکەیدا وەستاون و چاوەڕوانیان ئەکات. ئێستا ئەمە چارەنوسی هەرسێکیانە، لەگەڵ نۆبەرەکەیاندا. ئەویش ناچاری نەکردن زۆر چاوەڕوانی بکەن، پاش تۆزێك نوزەیەکی کردو لە بێشکەکەیدا دەستی کرد بە جوڵانەوە، ئینجا بەدەنگێك کە لە قوروسکەی توتك ئەچو دەستی کرد بەگریان. دو گوڵانگ یەکسەر کردیە باوەشیو نای بەسنگیەوە، دوای ئەوەی بەشڵەژاویەوە تۆزێك وەرچەرخا مەمکەکەی خستەدەمی، چونکە ڕانەهاتبو، ئەو سنگ و مەمکەی کە سەرکردەی سەدەکە باش ئاشنای بو، و چەندین جار لەکاتی هەڵچونە بەتینەکانیدا ماچی کردبو، ئەو سنگە سپیە نەرمەی کە لە خەیاڵی ئەمدا لەسەرپشت و بەینی هەردو باڵی قازێك ئەچو. ئێستا لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری ئەکات، گۆشەی دایکایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا بەبینینی سەرسام بو، و گەشایەوە، ئەوەندە بەلایەوە جوان بو دوای ئەوەی بیری لە شتێك کردەوە، بێدەنگ سەری بادا- ئای لەم

ڕۆژانەی دوایدا چەند ئازاری چێشت!. بەڵام ئەوەتا ئەوەی سروشت داینابو لە پاش ماوەیەکی دیاریکراو بێتەدی، هاتەدی، ئەم باوك ە و دوگوڵانگیش دایك و، کوڕێکیان هەیە. دایکەکە منالّەکە مەمك ئەدات... ئەوەتەی دنیا دروست بوە ئەم مەسەلەیە هەر ئاوابوە، گیا تۆوی گیا ئەخاتەوە- ئەمە ڕێڕەوی سروشتە. زیندەوەرەکان زیندەوەریان لێ ئەبێت، ئەمەش ڕێڕەوی سروشتە.

هیچ شتێك ناتوانێت دژی ئەم ڕەوتەی سروشت بوەستێت ئارەزوی مرۆڤ نەبێت.. کۆرپەکە بەدەنگێکی بیستراو مەمکەکەی ئەمژی، و خۆی لەو مەمکە- قازە تێروپڕە تێر ئەکرد.

دوگوڵانگ بە خۆشیەوە پێکەنی:

ـ ئاخ، ختوکەم دێت، چەند بەهێزە!. کە ئەو مەمکەی گرت ئیتر بەری نادا. وەکو بیەوێت پاساو بۆ ئەو خۆشی و پێکەنینە بێنێتەوە- ئەزانی ئەم(کۆنان)ە هەر لە تۆ ئەچێت، ئەژدیها بچکۆلەکەمان، کۆڕی ئەژدیها گەورەکە.. ئەوا چاوی هەڵهێنا، سەیرکە، سەیرکە ئیردێنە، چاوەکانی ئەڵێی چاوەکانی تۆیە. لوتی ڕێك لوتی تۆ. لێوەکانی کتومت لێوەکانی باوکی.. سەرکردەی سەدەکە بە گەرمیەوە وتی:

ـ بێگومان لەمن ئەچێت. زۆریش لەخۆم ئەچێت، ئەڵێم خوایە ئەم کوڕە لە یەکێك ئەچێت.

ـ چی؟! لەیەکێك ئەچێت؟ دوگوڵانگ بە سەرزەنشتەوە وتی.

ـ ئا، ئا، لە یەکێك، لە باوکی خۆی، بێگومان.

ــ ها بیگرە، بیکەباوەشت. ئەم بەبەیە.. سوك، ئەڵێی بەچکە کەروێشکە.

سـەرکردەی سـەدەکە بەشـڵەژاوی و وریاییـەوە کۆرپەکـەی لێـوەرگرت، لەوکاتـەدا ئـەو هێـزی بـازو و مەچـەك ئەسـتورییەی پێویسـت نـەبو، لـەو شڵەژان و نەشارەزاییەدا کە چۆن ئەو لەش و لارە لاوازە لەگەڵ ئـەو دەسـتە پانانەیـدا بسـازێنێت، نـای بەسـەر سـنگیەوە-ڕاسـتر بڵێین- بـە وریاییـەوە نوسـاندی بەدڵیـەوە و ورد ئـەبووەوە بزانێـت چـییان لەیـەك ئەچـێت، هەستێکی سۆزو ناسکیی دایگرت کە هـەرگیز بەخۆیـەوە نـەدیبو، لەخۆشـی ئـەوەی کـە ئەوانـەی بـەدی کـردوە زەردەخەنەیـەك گرتـی و بەدلگەرمیـەوە وتی: ئەزانی دوگوڵانگ، ئەمـە کەروێشك نیـە. دلّمـە لـە باوەشما. مناڵەکـە بەسەرسنگەیەوە خەوتەوە.

کاتیئەوەهاتوە سەرکردەی سەدەکە بگەڕێتەوە ناو هێزەکە.

لـە قـوڵایی ئەوشـەوەدا، ئیردێنـەی سـەرکردەی سـەد، لـەو کاتـەدا چـادرەکەی بەجێهێشـت سـەیرێکی مـانگی کـرد، بەسـەر سـارای پـایزی سارۆزیکیەوە تیشکێکی بریسکەداری بەهێزی هەیە، هەستی بە تەنیاییەکی تەواوکرد، ڕێی لەبەرنەئەچو بڕوات، حەزی ئەکرد دیسانەوەبگەڕێتەوە بۆ لای دوگـوڵانگ و کوڕەکـەیان. ئـیتر دەنگـی ئاوازەکـانی ئەوشـەوە دەشـتەکیە قوڵـە کۆتاییـان ئـەهات. شـتێکی نالـەبارو سـەرەخۆرە بەمێشـکیداهات، کـە ئەکەونــە بەرمەترسـی، ئــەوانێك کــە چــارەنوس خســتونیەتیە داوی هەڵسوکەوتی خاقـانی مەزنـەوە، ئـەو ڕۆژەی کـە لەتەکیـدا بـەرەو خۆرئـاوا کشان و، لـە سوپاکەیدا کەوتنـە خزمـەت. هـەر هەناسـەیەك بێـت، سـزای ئـەوەی کـە نابێـت کـەس منـاڵی ببێـت، وسـەنگ و سـوکی تیانیـە، ورد و خاشیان ئەکات. بەم جۆرە پەیوەندیـەکی نادروست و ناسروشـتی لـە نێوان ئەوان و حاکمی چوارقوڕنەی جیهاندا خۆی مـەلاس داوە، پەیوەندیـەك کـە

لەگـەڵ ژیـانی ئێسـتایاندا ناگونجێـت، هەریـەکێکیان ئـەوی تریـان تێـك ئەشکێنێت.

لەبەرئـەوە تـەنیا یـەك ڕێگاچـارە ڕێـی تـێ ئەچـو، هـەڵاتن، بەدەسـت هێنانـەوەی سەربەسـتی، ڕزگـارکردنی گیـانی کوڕەکـە.. لـەپڕ سـەیری کـرد ئاڵتون لەملای چادرەکەوەیە، ئاگای لـە ئەسـپەکەیەتی و تۆزێـك ئـاڵفی لـە بێژنگێکدا بۆ داناوە.

ـ چی بو، کوڕەکەتت بینی؟ ئاڵتون گورج وگۆڵانە لێی پرسی.

ـ بەڵێ، زۆر سوپاس دادە ئاڵتون.

ـ ناوت نا؟.

- بەڵێ، کۆنان.

ـ ناوێکی خۆشە کۆنان، تەمەن درێژ بێت.

ـ خوا بەنزای تۆی بکـات، ئێسـتاش دادە ئـاڵتون ئەمـەوێت شـتێك هەیـە دەستبەجێ پێت بڵێم، تۆ بەنیسبەت منەوە خوشکی گەورەمی، بەنیسبەت دوگـولانگ و کوڕەکەشـیەوە دایکێکـی دڵسـۆزیت چـارەنوس ڕەخسـاندویتی، بـەهۆی تـۆوە نەبوایـە نەمانئـەتوانی، مـن و ئـەو، لـە کاروانەکـەدا بەیـەك بگەین، ئەبوایە تاڵاوی دوریی یەکمان بچەشـتایە، کـێ ئـەزانێت، لەوانەیـە مـن و دوگـولانگ جـارێکی تـر بەیـەك نەگەینـەوە، چـونکە ئـەوەی لـە ناوجەنگدا ڕێ بکات دوجار توشی جەنگ ئەبێت.. من زۆر سوپاست ئەکەم..

ئاڵتون وتی: ئەزانم، تێئەگەم، بەڵام ئیردێنە تۆخـۆت بەدەسـتی خـۆت، خۆت توشی ئەوداوە کـرد، کـە کەسـی تێنەکـەوتوە، ئـاڵتون سـەرێکی بـاداو لەسەری ڕۆیشت:

ـ پشت بەخوا هەموشتێك بە سەلامەتی كۆتایی دێت، من ئەزانم، تۆ ئەمڕۆ لەم ئۆردوە مەزنەدا سەركردەی سەدیت، سبەینێ ئەبێت بەسەركردەی هەزار، ئەوە هەتا لە ژیاندا بیت سەروەریە بۆت، ئیتر ئەو كاتە من و تۆ باسی ئەوە ناكەین كە ئەمڕۆ باسی ئەكەین، تۆ سەركردەی سەدیت و من كەنیزەك. ئیتر قسەی تر هەڵناگرێت، تۆ مەسەلەیەكت هەڵبژاردوە كە بڕیاری ڕۆحت بوە، من ئەوەندە خزمەتی تۆم كردوە كە جڵەوی ئەسپەكەم بۆگرتوی، من وەك خۆت ئەزانی، كارەكەری دوگولانگم، ئەبێ لە كارەكانیدا یارمەتی بدەم، جگە لەوەش من بەڕۆح و گیان خۆشم ئەوێت چونكە لەوبڕوایەدام، كچی خواوەندی جوانیە، بەڵێ، بەڵێ، جگەلەوەی خۆیشی مرۆڤێكی چاكە، من مەبەستم ئەمە نیە، بەڵكو مەبەستم ئەوەیە دوگولانگ توانایەكی سیحریی هەیە و دەست ڕەنگینە.. پارچەیەك قوماش و كلافەیەك ئاوریشم دەست هەمو كەسێك ئەكەوێت، بەلام هەمو كەسێك وەكو دوگولانگ نایچنێت و ناینەخشێنێت، من خۆم ئەمە ئەزانم، ئەژدیهاكان لەسەر بەیداخەكان وەكو زیندوبن سەمائەكەن، ئەستێرەكانی دوگولانگیش وەكو بە ئاسمانەوە بن ئەبریسكێنەوە.

مەبەستم ئەوەیە هەر لە خواوەندەوە بەهرەدارە، من لەگەڵیدا ئەمێنمەوە، ئەگەر نیازتان وایە دەربازبن منیش لەگەڵتان دێم، ئەگەر هەڵبێن ئەو بەتەنیا ناتوانێكاروباریخۆی جێبەجێ بكات، چونكەهێشتا ئەوەندە لەو كاروبارانە شارەزا نەبوە.

ـ ڕاستیی مەسەلەكە ئەوەیە ئاڵتون، سبەی شەو، تۆزێك دوای نیوەشەو ئەبێ ئامادەبن، دەرئەچین، تۆو دوگولانگ و مناڵەكە لە گالیسكەیەكدا و منیش بەسواریی لە تەنیشتانەوە، ئەسپێكی زیادەش لەگەڵ خۆم دێنم،

ئەچین بۆ ئەو خاکەی کە لافاوی چایك ئەدات بەسەریا، گرنگ ئەوەیە پێش گزنگ لە شوێنێکی دور خۆمان شاردبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی بەدوامانـدا ئەگەڕێن نەتوانن شوێن پێمان هەڵبگرن، لەوێشەوە ئەچین بەلایەکی تردا.. تۆزێك بێدەنگ بون، پێش ئەوەی ئێردێنە سواری ئەسپەکەی بێت، دانەویەوە دەستەکانی ئالتونی ماچ کرد چونکە لەو بڕوایەدا بو خواوەند بۆ چاودێری ئەو و دوگولانگی ناردوە، ئەم ئافرەتە لاوازە کە لەچیاکانی چین بەدیل گیرابو، چەندین ساڵە، هەتا پیربوە هەر کارەکەربوە لە کاروانەکانی جەنگیزخاندا.

لەوانەیە مرۆڤ بیربکاتەوە: ئەبێت ئەم ژنە کێ بێت بەنیسبەت ئێردێنەوە؟!. ئەو ژنە، هاوڕێیەکی ڕێگابو، لە گێژەنی شالاوی جەنگیزخاندا بەرەو خۆرئاوا بەیەك گەیشتن، بەلام، لە ڕاستیدا، تاکە پشت و پەنای دڵسۆزی ئەم دو دڵدارە بو لەم قۆناغە شومەی ژیانیاندا.

سەرکردەی سەدەکە تێگەیشتبو ناتوانێت پشت بەکەسی تر ببەستێت، ئالتونی کارەکەر نەبێت، لەم دنیایەدا کەسێکی تر نەماوە بڕوای پێی بێت لەناو ئەو دەیان هەزار مرۆڤە چەکدارەدا، کە لەناو ئەم کۆڕەوەدا مل ئەنێن و دەست دەستە خۆیان فڕێ ئەدەنە تەنوری جەنگەوە، تەنیا ئەوە- کارەکەرە پیرەکەی کاروانەکە- کە ئەتوانێت لەگەڵیدا بوەستێت، تەنیا ئەو، کەسێکی تر نا وەك لە دوایشدا هەروا دەرچو.

کاتێك سەرکردەی سەدەکە بە سواری ئاگگوڵدوز کە ئەستێرەیەك بە تەوێڵیەوە بو لە ئۆردوگاکانی پشودان و چادرگەی کاروانەکانـدا بەتەنیشت هێزە نوستوەکاندا ئەڕۆیشت، بیری لەوە ئەکردوە کە دێتە ڕێی، و لە یەزدان ئەپاڕایەوە لەبەرخاتری ئەو مەلۆتکە بێ تاوانە یارمەتیان بدات،

چونکە لە دایکبونی هەمو کۆرپەیەکی نوێ- نیشانەی نیاز پاکی خوایە، هەر ئەو نیازەشە کە سبەینێ یەکێك لە ناو خەڵکدا وەکو خواخۆی لەشێوەی مرۆڤدا بەسەربەرزیەوە ئەوەستێ. خوا ئەو ئاسمانەیە کەس دەستی پێی ناگات و بۆی تەی ناکرێت، ئاسمان خۆی ئەزانێت چی چارەنوسێك بۆ مرۆڤ دیاری ئەکات- کێ ئەمرێ و کێ ئەژی!.

سەرکردەی سەدەکە بەسەر ئەسپەکەیەوە، چاوێکی بەو بۆشاییە پڕ لە ئەستێرەیەدا گێرا، هەوڵیدا لە خەیاڵی خۆیدا ئاسمان سوێندبدات، و هەوڵیدا بە گوێی خۆی گوێی لە وەڵامی گەردون بێت، بەڵام ئاسمان متقی لێوەنەهات و مانگ بە تەنیا بەسەر لوتکەی گومەزەکەوە ئەیڕوانی، و بێ ئەوەی ببینرێت تاڤگەیەك تیشکی وەنەوشەیی بەسەر دەشتی سارۆزیکیدا ئەڕشتەخوارەوە، کە خەو و شەوێکی پڕ نهێنی کردبویانە باوەشی خۆیان..

بەیانی گرمەی دوبوڵباس هاتەوەو ئەو ناوەیان سەرلەنوێ داگرتەوە، فەرمانیان بە خەڵك ئەدا هەستن و خۆیان ببەستن و سواری ئەسپەکانیان بن و کەل و پەلەکانیان بخەنە گالیسکەکانەوە، سوپا بیابانیەکەی جەنگیزخان بەویست و هێزی دەسەڵاتی خاقانی مەزن، بەرەو خۆرئاوا کەوتەوەڕێ.

ئەو ڕۆژە ڕۆژی حەڤدەهەمینی سوپاڕەوەکە بو، بەشێکی زۆر فراوانی دەشتی سارۆزیکی کەوتبوە پشتی سوپاکەوە، ئەو بەشە لە هەموی ناڕەحەتترو سەختربو، لە بەرەوە، دوای ڕۆژێك یان دو ڕۆژی تر ئەو دەشتانە دێتە ڕێیان کە لافاوی ڕوباری چایك ئەدات بەسەریاندا، دوای ئەوە ڕێگا تەخت و بێ گرێیە بەرەو ڕوباری ئیتیلی مەزن کە ئاوەکەی جیهان ئەکات بەدو بەشەوە- خۆرهەڵات و خۆرئاوا.

هەموشتێك وەك جاران، لە پێشەنگەوە ئالا هەلگرەکان بەفیزەوە بەسەر ئەسپە شێکانیانەوە، لەدوای ئەوانیشەوە جەنگیزخان بەیاوەریی کیزیگولّ و دەست و پێوەندەوە بە سواریی خوبای پشت چالّی هەنگاو هاوسەنگی یالّ سپی کلك رەشی دلگیر، لەگەلّ هاورێی بست بەبست- هەورەسپیەکە، وەك هەمیشە بەسەر سەریەوە، کە بەنهێنی خۆشیی بەروالّەتی ئەبەخشیّ و لە ناخشیدا کورەی ئەو گەشکەیەی ئەدەمان کە ئەگەر ئەویش نەبوایە هەر نارەحەت بو خامۆش بوایە.

هەر چۆنێك بجولایە هەورەکە لەگەلّیدا ئەگەرا، لەسەر زەویش ئەو ئۆردوە بێ ئەژمارە تا چاوبڕ بکات لەم سەر بۆ ئەو سەری داپۆشیبو، بەرەو خۆرئاوا جمەی ئەهات. ئەوە لەشکر و جەنگاوەر و کاروانی جەنگیزخانە، غەلّبە غەلّب لە هاژەی دەریایەکی هەلّچو ئەچو لەدورەوە، ئەم هەمو چەکدارە، ئەم لافاوە کاولکەرە لە دلّۆپەی خەلّك و رەوگ و کاروان و جبەخانە و تالانی و ران و گاگەلە، بەرجەستەکردنی هێزو تواناو دەسەلاتە- دەسەلات و هێزی جەنگیزخان. ئەمە هەموی ئەو پەیدای کردون، بیروباوەرو نیازەکانی ئەو هێناویەتیەکایەوە، لەو هەناسەیەدا، و بەسەرپشتی ئەسپەکەیەوە، بیری لە هەمان مەسەلە ئەکردەوە، ئەو مەسەلەیەی کە زۆر دەگمەن مرۆڤ ئەوێرێت بیری لێ بکاتەوە: ئاواتی دەست بەسەراگرتنی جیهان، دەولّەتێکی یەکگرتوی مەزن، لەژێر رۆژداو بۆ هەتا هەتایە، ئەو دەولّەتەی کە ئەبێت دوای مردنیشی حوکمی بکات، بەلام چۆن؟!.

لەرێگای فەرمانەکانیەوە کە لەسەر تاشەبەرد هەلّئەکۆلّرێن، هەتا دنیا دنیا بێت و تاشە بەرد بمێنێت، ئارەزوەکانی ئەم هەر ئەمێنێت، لە رێگای

ئەو نەخشانەوە کە لە سەریان هەڵکەنراون و فەرمان ئەدەن جیهان چۆن ببرێت بەڕێوە.

خاقان بەدەم ڕێوە بیری لەمە ئەکردەوە، مەسەلەی هەڵکۆڵین لەسەر بەرد وەکو هۆکارێك بۆ مسۆگەرکردنی نەمریی، ئەو نەمرییەی بیرکردنەوەی داگیرکردبو، خەو و خۆراك و پشوی لێ حەرام کردبو. بڕیاری دابو ئەم زستانە لەسەر کەنارەکانی ئیتیل کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکات. لەو کاتەدا کە چاوەڕوانی کاتێکی لەبار ئەکەن بۆ پەڕینەوە ئەنجومەنی زانایان و دانایان و پێشبینیکاران کۆئەکاتەوەو بیرۆکە زێڕینەکانی دەربارەی دەوڵەتی هەمیشەیی مەزن ئەخاتە بەردەستیان و فەرمان ئەدات یاساکانی لەسەر بەرد بنەخشێنن، ئەو وشانە هەمو جیهان ئەگۆڕن، ئەو کاتە هەمو جیهان لەبەر پێیدا ئەکەوێت، بەدەم ئەم بیرکردنەوەیەوە ئەجولا، هەرچی لەسەر زەویە ئەبێ لە خزمەتی ئەم ئامانجەدا بێت، هەرچیش بەرپەرچی ئەداتەوە، یان ئەبێتە کۆسپ لە ڕێگای ڕامالینەکەدا ئەبێت ڕیشەکێش بکرێت و لە کۆڵ بکرێتەوە، ئیتر هەڵبەست لە خۆیەوە ئەهات:

مانگی درەوشاوە لە ئاسمان

لەسەر لوتکە ئەڵماسیەکەی دەوڵەتە مەزنەکەم دائەنێم... بەڵێ

مێرولەیەك لەسەر زەوی

ناتوانێت لە ژێر سمی پۆلاینی سوپاکەم ڕزگاری بێت... بەڵێ

کوڕەزا و زازا و نەوەکانم

کاتێك بەهای هێزو دەسەلات ئەزانن.. بەڵێ

شەپۆلە هەڵچو و داچوەکانی مێژو لەسەر کەفەڵی ئارەق کردوی ئەسپەکانم لائەبەن... بەڵێ

ئا لەو ڕۆژەدا، پاش نیوەڕۆ، جەنگیزخانیان ئاگادارکردەوە ژنێك لە کاروانەکاندا منالّی بوە، بەوەش سەرپێچی لەحەرامکردنە بێ ئەملاولاکەی خاقان کردوە، منالێکی بوە لە باوکێك کە نازانرێت کێیە، خیبتیگۆل ئاراسان ئەم هەوالّەی پێ ڕاگەیاند، خیبتیگۆلە ڕومەت سورەکەی کە هەردوچاوەکانی هەمیشە ڕایان ئەکردو بەردەوام ئەملاولایان ئەکرد، ئەو کەسەی کە ماندوبون و ئیسراحەت نازانێ و ئاگای لەخشەی مار و مێروە، ئەمجارەش هەر ئەو یەکەم کەس بو کە هەوالّەکەی هێنا(ئەرکی سەرشانمە گەورەم، هەموشتێکت وەك خۆی پێبگەیەنم، چونکە بەرێزت ئەوەت قەدەغەکردوە).

بەم جۆرە خیبتیگۆل ئاراسان هەوالّەکەی بەدەنگێکی لرخنەوە تەواوکرد، چونکە قەلّەویی هەناسەی تەنگ ئەکرد، لە کاتێکدا بە ئەسپەکەیەوە چوبوە تەنیشتی خاقانەوە بۆ ئەوەی وشەکانی نەدات بەدەم باوەو بە ئاسانی ببیسترێن. یەکەم جار جەنگیزخان گوێی لە هەوالّەکە نەگرت و وەلآمی خیبتیگۆلەکەی نەدایەوە، چونکە بیری هەرلای تاشەبەردەکان بو، سەرەتا خۆی نەدا بەدەم شەپۆلی هەلّچوی بێزاریەکەوە ، تاوێکی باش نەیئەویست دان بنێت بەوەدا کە چاوەڕوانی نەئەکرد: ئەو کاریگەریە سرکەرەی ئەم هەوالّە هەیەتی!. جەنگیزخان بە توڕەیی و سوکایەتی پێکراویەوە بێدەنگ بو تا دلّی زیاتر تەنگ ئەبو، زیاتر ئەسپەکەی تاو ئەداو دامێنی فەروە سوکەلّەکەی کە لەپێستی سمۆرە دروستکرابو بەهەمولایەکدا با بە یەکیدا ئەدا، وەکو دوبالّی چۆلەکەیەکی تۆقێو.

خیبتیگـۆل ئاراسـانیش لـە تەنیشـتیەوە بەهـەمان ڕەوت ئەسـپەکەی تاوئـەدا، لـە بـارێکی ناڕەحەتـدابو، نەیئـەزانی چـۆن هەڵسوکەوت بکـات، جارجارە جڵەوی ئەسپەکەی توندئەکرد بۆ ئـەوەی لـە خاقـان دوابکـەوێت و لێی توڕەنەبێت، هەندێ جاریش شلی ئەکرد بۆ ئەوەی بکەوێتە لاتەنیشتی و ئەگەر هاتەزمان گـوێی لێ بێـت، بـەڵام هێشـتا هـیچ تێنەگەیشـتبو، هـۆی ئەم بێدەنگیە درێژخایەنەی گەورەکەی نەئەزانی، هەر چەند ئـەو بـەڕێزە ئـــەیتوانێ وەك هەمیشـــە بەیـــەك وشـــە بیبڕێنێتـــەوە(بیـــانکوژن) ئـــیتر دەستبەجێ لەناو کاروانەکەدا خۆی و مناڵەکەیان لەناو ئەبرد، لەبەرئەوەی پڕکێشـی کـردوەو بەپێچـەوانەی ویسـتی بـەرزی خاقـان سـکی کـردوە. ئـەم چاونەترسـەیان بـەلباد ئـەخنکان و ئـەیانکرد بـە پەنـد بـۆ ئـەوانی تـرو هەموشتێك ئەبڕایەوە.

لە پڕ خاقان بە جۆرێك لـە سەرشـانیەوە تەقیـەوە، خیبتیگـۆل بەسـەر زینەکەیەوە ڕاچڵەکی

— ئەی بۆ کـەس تێبینـی نـەکردوە ئـەم دێڵەسـەگەی کاروانـە کـە سـکی هەیە؟ یان زانیویانەو بۆیان پۆشیوە؟.

خیبتیگۆل ئاراسـان دەسـتی کـرد بەڕاڤـەکردنی ئـەوەی ئـەم مەسـەلەیە چـۆن ڕوئـەدات، بـەڵام وشـەکانی لـەرزۆك و بـێ سـەرەوبەرەبون، خاقـان بەتوندیی پێی بڕیی:

ـ بێدەنگ بە.

پاش تۆزێك بێدەنگی بە توندی لێی پرسی:

ـ مادام ژنی کەس نیە، ئەی کێیـە ئـەم ژنـەی منـاڵی بـوە؟! چێشـتکەرە، یان بەردەستە یان بێگانەیە؟.

کە زانی ئەو ژنەی منالی بوە ئەوەیە کە ئالاکان ئەچنێت، حەپەسا، چونکە پێشتر نەهاتبو بە خەیالیدا کەسێك هەیە ئەم کارەئەکات، کەسێك هەیە ئالاکان ئەبرێت و ئەیاندورێت و دوایی بەداوی ئالتونی ئەیانەخشێنێت، هەر وەکو ئەوەی هەرگیز بەمێشکیدا نەهاتوە کەسانێك هەن پێلاوی بۆ ئەدرون و هەمو جارێك چادرەکانی بۆ هەلئەدەن کە لە ژێر گومەزەکانیاندا ژیانی ئەباتەسەر، لەرابوردودا بیری لەم شتە وردانە نەکردۆتەوە، بۆچی بیریان لێ بکاتەوە؟ ئەوەنیە ئالا هەر لە خۆیانەوە دروست ئەبن و لە هەرشوێنێك هێزی لێ بێت ئەشەکێنەوە! وەکو ئەو ئاگرەی پێش ئەوەی لە چادرگەکانی پشو و تیپەکانی سوارەو شوێنەکانی پاسەوانی و خوانەکاندا بسوتێ، هەر هەبوەو سوتاوە، ئەوە تا ئێستاش ئالاهەلگرەکان لە پێشیەوە بەفیزەوە ئەرۆن و رێگا کە یان بۆ سێبەرکردوە بۆ ئەوەی بەرەو خۆرئاوا بەردەوام بێت تا ئالاکانی لەوێ هەلبکات و هەرچی ئالای تری تیایە لە خاك و خۆلی وەربێنێت و، لەو ناوەدا بکەون بۆ ئەوەی پێیان پیا بنێت و ببن بەژێر پێلاوەوە، هەرواش ئەبێت... چونکە کەس ناوێرێت لە رێیدا بوەستێت، هەر سەرپێچیەك یان بەگوێ نەکردنێك، هەر چەند بچوکیش بێت، لەلایەن هەر یەکێك لەوانەوە کە لەگەلیدا لە لەشکر دان بۆ داگیرکردنی دنیا، سزایەکی تری نیە جگە لەسزای مردن. سزا لە پێناوی گوێ رایەلیدا چەکێکە هاوتایەکی تری نیە بۆ زالکردنی دەسەلاتی تاك بەسەر کۆمەلدا.

بەلام ئەم ئالاچنە لەم کێشەیەدا بەتەنیا تاوانبارنیە، بەلکو بێگومان کەسێکی تریش هەیە، لە کاروانەکاندا بێت یان لەگەل هێزەکاندا... بەلام ئەبێ کێ بێت؟... لەم چرکەیەدا جەنگیزخان پەست بو، ئەویش بەدەم و

چاویدا دیاربو کەوەکو بەرد رەق بو، لەگەڵ ئەو ڕوانینە قورسەی لە چاوە پڵنگیەکانیەوە کە نەئەتروکان، ئاراستەئەکران یان لەو دانیشتنە بێ جوڵەیەی لەسەر زینەکەی وەکو بەری بەرەشەبا گرتبێت.

بەڵام هیچ کەسێ لەوانەی کەئەیانوێرا نزیکی بکەونەوە بۆ کاروبارێك کە نەئەکرا دوابخرێت، نەیانئەزانی هۆکاری بێتاقەتی خاقان هی ئەوە نیە کە ڕوداوێکی کاریگەری سەرپێچی کردنی ئالاچێنێك و دۆستە نەزانراوەکەی بۆ ئاشکرا بوە، بەڵکو ئەم ڕوداوە چیرۆکێکی تەواو پێچەوانەی بیرخستبۆوە کە بیرەوەریەکی تاڵ و شەرمەندەی هەرگیز لە یادنەچوی لا بەجێ هێشتبو، بیرەوەریەکە سەر لە نوێ هەڵی دایەوەو چزا بە ڕۆحیداو ئەوەی هاتەوە یاد لە گەنجیدا چەشتبوی، ئەوکاتەی هێشتا ناوی تیمۆچین بو، ئەو کاتەی کەس بە خەیاڵیدا نەئەهات ئەم هەتیوە بێ باوکە کە ناوی تیمۆچینە ئەبێ بە خاقانی پاشەڕۆژ، گەورەی چوارقوڕنەی دنیا، ئەو کاتەی خۆیشی خەونی بەوەوە نەئەدی، چونکە لاوێتی ئەوسای پڕبو لە ئازار و شەرمەزاریی.

خێڵی(میرکیت)ی هاوەواریان لە یەکێك لە پەلامارەکانیاندا بۆسەریان(بۆرتە)ی شۆخی ژنیان فڕاندبو، کەدایك و باوکی هەر بەمناڵی بۆیان مارەکردبو، بۆرتە لە مانگی هەنگوینی بوك و زاوایدا فڕێندراو چەند شەو و ڕۆژێکی پێچو تا لە پەلامارێکی بەرامبەردا توانی ڕزگاری بکات.

ڕۆژگارێکی زۆر بەسەرچوە کە هەمو هێزی بەوهێزەشەوە کە ئێستا هەیەتی و بەولەشکرە بێ ئەژمارەوە کە بەرەو خۆرئاوا ئەڕوات - بۆ ئەوەی ناوی خۆی بسەپێنێ و بۆ هەتا هەتایە ئەوەندە بەرزی بکاتەوە هیچ ناوێکی

تری نەگاتێ لەسەر تەختی سەرکردایەتی کردنی جیهان، بۆ ئەوەی هەموشتێك پەردەپۆش بکرێت و... هەمو شتێك لە بیربچێتەوە- نەیتوانیوە لەو گرێیەی دەرباز بکات.

لەوشەوەدا لە قولایی یادەوەریدا، کاتێك کە میریکیتە خوێڕیەکان، دوای سێ ڕۆژ شەڕی خوێناوی بەشپرزەیی بەملاو لادا ڕایان ئەکرد و هەوارو دەوارو تەویلەکانیان بەجێ ئەهێشت، کە لە ژێر گورزی بێ بەزەیی پشت شکێندا هەڵئەهاتن و سەرخۆیان نە ئەپەرژاو هەڵپەی ئەوەیان بو گیانە پیسەکانیان دەربازبکەن، لە تۆڵە سەندنەوە ڕزگاریان بێت و... ئەو سوێنەیان بە بالا ببڕێت کە وتراوە:

ئالا شەکاوە کۆنەکەم لە دورەوە ئەشەکێتەوە
ڕێگوزارەکەم بە خوێنی دوژمنان گوڵڕەنگ کردوە
تەپڵە چەرمەگا دەنگ تۆقێنەرەکەم لێ ئەدەم و
سواری ئەسپە کلك ڕەشەکەم بوم و
سیپاڵەکەم لە بەرکردوەو
شمشێرە مەرگ ڕێژەکەم هەڵکێشاوەو
تا دوا هەناسەم میریکیتەکان ئەکوژم
تا گەورەو بچوکی ڕەگەزی میرکیت لەناو ئەبەم
هەتا هەوارەکانیان ئەکەم بەچۆڵەوانی و کەلاوە

کاتێك کاتی جێبەجێکردنی ئەم سوێندە بە تەواوەتی هات، ئەو شەوەی کە دەنگی هاناو هاوار گوێی کەڕئەکرد... ئا ئەو شەوە لە ناو جەنگاوەرە تۆقیوە شکاوەکاندا گالیسکەیەکی سەرداپۆشراو بەدی ئەکرا، تیموچین

بەبێ هیواییەوە هاواری ئەکردو بانگی ئەکرد: بۆرتە، بۆرتە، تۆلەکوێیت بۆرتە؟!.

لە کاتێکدا بە ملاو بەولادا پەلاماری ئەدا و ئەگەڕا، بێ ئەوەی بیدۆزێتەوە تا گەیشتە گالیسکەکە، پیاوەکانی عەرەبانچیەکانیان کوشت و بۆرتە وەڵامی دایەوە: ئەوەتام لێرە، من بۆرتەم، خۆی لە گالیسکەکە فڕێ دایە خوارەوەو ئەمیش لەسەر ئەسپەکەی خۆی هەڵداو لەو تاریکیەدا دەستیان کردە ملی یەکتری.

لەو چرکە ساتەدا کە ژنە لاوە شۆخەکەی بە سەلامەتی کەوتەوە باوەشی، بۆنێکی نامۆی نادیاری کرد، کە زیاتر لە بۆنی سمێڵێك ئەچو بۆنی توتنی گرتبێت و بەلاملە نەرم و ناسك و گەرمکەیەوە مابێتەوە دوای ئەوەی ئەو سمێڵانەی لێ خشابون، ئەوە وەکو خنجەرێك وابو لە پڕ بدرێت لە جەرگی، لە جێی خۆیدا وشك بو، ولێوی خۆی گەست هەتا خوێنی لێ هانی، لە چواردەوریشی جەنگ بەردەوام بو، هەر لایەك سەرقاڵی کوشتار و لە ناوبردنی تەواوی لاکەی تربو...

ئیتر ئەم هی جەنگ نەبو، ژنە دیلە ڕزگارکراوەکەی خستە گالیسکەکەوەو بەرەودواوە گەڕایەوەو دانی بە خۆیداگرتبو ئەوە نەدرکێنێت کەوەکو پشکۆ ئەچزێت بەناخیدا.

دوای ئەوە بەدرێژایی ژیانی ئازاری ئەچێشت، ئەیزانی ژنەکەی بەئارەزوی خۆی نەکەوتۆتە دەست دوژمن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەچی نرخێك ئاوا بە سەلامەتی گەیشتەوە دەست ئەم؟!.

تاڵێك لە قژی نەوەریوە، مانای ئەوەیە بۆرتە لە ماوەی مانەوەیدا ئەشکەنجە نەدراوە، شێوەو ڕوخساریشی ئەوەی پێوە دیارە چونکە هیچ

ئاسەوارێکی بەزۆر پەلاماردانی پێوە نیە، ئیتر دوای ئەوە هەرگیز دو بەدو ڕاستەوخۆ باسی ئەم مەسەلەیان نەکرد.

ئەو ژمارە کەمەی میرکیت کە لەدوای تێکشکانەکەیان نەیانتوانی ڕابکەن بۆ وڵاتێکی تر یان خۆیان بگەیەننە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت بە بێوەیی مانەوەو هەڕەشەو مەترسیان بۆ کەس دروست نە ئەکرد، هەمویان بون بە شوان و گاوان و خزمەتکارو کارەکەر. بەڵام ئیتر دوای ئەوە کەس هۆکاری دڵڕەقی و بێ ڕەحمی تۆڵە سەندنەوەی تیمۆچینی لەمیرکیتەکان نە ئەزانی کە بو بو بەجەنگیزخانیش.

هەتادوای ئەوەش هەمو ئەو میرکیتانە کوژران کە نەیانتوانی هەڵبێن و کەسێکیان نەما بتوانێت ڕونی بکاتەوە پەیوەندیی بە بۆرتەکەیەوە چی بوە، ئەو کاتەی بەتاڵان برابو.

دواتر جەنگیزخان سێ ژنی هەبو، بەڵام هیچیان نەیانتوانی ڕزگاری بکەن لە سویێی ئەو پلارەی کە ڕۆژگار تێی سرەواند، بەو جۆرە خاقان لەگەڵ ئەو ئازارەدا ژیا، لەگەڵ خوێناوی چۆڕاوی ئەو زامەدا ئەتلایەوە، هەر چەند کەس پێی نەئەزانی و نەیئەبینی.

دوای ئەوەی(جۆچی) کوڕە نۆبەرەکەی بۆرتە لە دایکبو، جەنگیزخان دو ڕێگای لێك ئەدایەوە بەڵام هیچیانی بۆساغ نەکرایەوە وهەربەگرێکوێرەیی مایەوە: لەوانەیە ئەم کوڕە لە خۆی بێت یان لە یەکێکی تر بێت، یەکێك کە نەزانراوە، بێ ڕەوشتانە دەستدرێژی کردبێتە سەر ناموسی و بەدرێژی ژیانی برواو دڵنیایی لێ حەرام کرد.

لەگەڵ ئەوەی مرۆڤە نەناسراوەکەی تر کە ئالاچنەکە نۆبەرەکەی لێ بو، هەرگیز پەیوەندیی بە خاقانەوە نەبو، خوێنی سوڵتان هاتە کوڵ،

هەندێ جار مرۆڤ تەنیا یەك تاقە تۆزی بەسە بۆ ئەوەی دنیای لێ ببێت بە چەرمەچۆلەکەو لە چاوتروکاندنێکدا بێتەوەیەك و هەرچی تام و چێژ بێت تیایا نەمێنێت و لەبەرچاو بکەوێت...

ئەمە ئەو ئاوەژوبونەوەیە بو کە لە ناخی خاقانی مەزندا ڕویدا، هەموشتێك وەکو پێش گەیشتنی هەواڵەکەو وەکو خۆی و لە جێی خۆی مایەوە، لەپێشەنگەوە ئاڵا بەدەستەکان بەسەر ئەسپە ڕەشەکانیانەوە کێبەرکێی یەکتریان ئەکردو ئاڵا بە ئەژدیها نەخشێنراوەکانیانەوە ئەشەکایەوە، ئەویش، خوبای شێ لە ژێر زینەکەیەوە وەك هەمیشە بەرەو پێشەوە ئەڕۆیشت و لە چواردەوری و لەدوایەوە دەست و پێوەندەکانی بەسواری ئەسپی ڕەسەنەوە ئەجمان و لە دەوری خۆیشی پاسەوانە بەوەفاکانی- چەند دەستەیەك لە فەرماندەی پێنجسەدەکان لە خێڵی کیزیگۆڵ.

لەو پانتایەشدا پیا ئەڕۆیشت هەتا چاوبڕبکات لە شکرەکانی جەنگاوەران- دەستەی هێرش- کاروانەکان-جبەخانە- هێزی پشتگیریی شەپۆلیان ئەدا. بەسەر سەریشیەوە، بەجیا لەم لافاوە مرۆییە، هەورەسپیە بەئەمەکە کە لە ئاسماندا مەلەی ئەکرد، ئەو هەورەی کە لە یەکەم ڕۆژی ڕەوەکەوە شاهیدی سەرپەرشتیی گەردونی باڵا بو.

هەموشتێك وادەرئەکەوت لە شوێنی خۆیەتی، بەڵام شتێك لەم جیهانەدا لە جێی جوڵابو، گۆڕابو، لای خاقان ڕقێکی دروستکردبو بەرە بەرە ئەستورتر ئەبو. کەواتە، هێشتا ماوە ملکەچی ویست و فەرمانی ئەم نەبێت، کەواتە هێشتا کەسێك هەیە وێراویەتی شەپۆلی ئارەزوە جڵەونەکراوەکانی لاشەی بخاتە سەرو ئامانجە مەزنەکەیەوە، کەواتە،

کەسێك هەیە بە ئەنقەست فەرمانەکانی پشتگوێ خستوە، کەسێك هەیە لەناو سوارچاکەکانیدا، تامەزرۆبوە ئارەزوەکانی لەگەڵ ژنێکدا لەناو جێگادا خاموش بکات تامەزرۆتر لە خزمەتی خاقان و مل بۆکەچ کردنی بێ دودڵیی و خۆخەریککردن. ئافرەتێکی ڕیسوا هەیە، ئالاچنێك- بۆ دوای ئەو ئالاچنی تر نیە؟ ـ خۆی داوەتە بەر سك کردن، بێ ئەوەی گوێ بەقەدەغەکردنەکەی ئەم بدات، لە کاتێکدا هەمو ژنەکانی کاروانەکان خۆیان کوێرکردۆتەوە بۆ ئەوەی سك نەکەن و مناڵیان نەبێت تا ئەو ڕێگایان ئەدات!.

بیرۆکەکان لەناخیدا هەڵئەچون و گەورەئەبون وەکو گیا کێوی، وەکو دەوەنی دارستانێکی چڕ، وئەبون بە بەربەستێکی کینەو بەرچاویان تاریك ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەیزانی ڕوداوەکە بێ بایەخە و ئەکرێت گرنگیەکی تایبەتی پێبەدات، دەنگێکی تر، دەنگێکی سەپاوی بەهێزی تر، تیژتر پێی لەسەرئەوە دائەگرت سزاکەی قورس وبێ بەزەییانە بێت، یاخی بوەکان بە بەرچاوی هەمو لە شکرەوە ئیعدام بکرێن، ئەم دەنگە بەرە بەرە زیاتر دەستی ئەنایە بینی بیرۆکەکانی ترو جێی پێ لێژئەکردن.

هەتا خوباش ئەو ئەسپە پشت نەرمەی کە هەرگیز ماندو نەئەبو، و ئەو ڕۆژە خاقان لەسەر زینەکەی نەهاتە خوارەوە، هەستی بە قورسیەکی سەربارئەکرد کە وردە وردە زیادی ئەکرد، تا ڕاددەیەك ئەو جوانە ئەسپەی هەرگیز شەکەت نە ئەبو و وەکو تیر دەرئەچو شەڵاڵی ئارەقەیەك بو بوکە لە کەفیسابون ئەچو، کە لەوەو بەر هەرگیز وای لێ نەهاتبو.

جەنگیزخان بە پەستیەوە لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بو، هەر چەند وا دەرئەکەوت هێچ شتێك نەبو ڕێ ڕەوەکە تێك بدات، یان ببێتە کۆسپ لە

ڕێی بەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکەی لە مل کەچ کردنی جیهاندا، لەگەڵ هەمو ئەوانەدا شتێك قەومابو: بەردێکی ڕزیوی نەبینراو لەچینی دیواری پتەوی فەرمانەکانی دەرهاتوە، لەکاتی ڕۆیشتنیدا بیری لەمە ئەکردەوە و ئارامی لێ هەڵگیرابو وەکو تەڵەزمێك چوبێت بەژێر نینۆکیدا، تا پتر بیری لەمە بکردایەتەوە زیاتر بەسەر ئەوانەی دەوروپشتیدا ئەتەقیەوە، چۆن لە خۆیان ڕابینیوە تا ئێستا پێی نەڵێن، کە ژنەکە منداڵەکەی بوە؟ ئەی لەوەوپێش لەکوێ بون؟ بە تەمای چی بون؟ نارەحەتە بزانیت ژنێك سکی هەیە؟.

ئەگەر پێش ئێستا ئاگاداریان بکردایە مەسەلەکە بەجۆرێکی تر ئەبو، وەکو دێڵە سەگێکی بەبا تەرەی ئەکرد، بەڵام ئێستا، چی بکات؟!.

ئەو کاتەی هەواڵەکەیان پێگەیاند، نویۆنی بەرپرسی کاروانەکانی بۆ ئامادەکرا بۆ ئەوەی ڕونکردنەوەی خۆی بدات.

بە توندی لێی پرسی: چۆن ئەو ئافرەتە ئالاچنە کەس دەرکی پێنەکردوە سکی هەیە تا منداڵەکەی بو، تا خەڵکانی دڵسۆز گوێیان لە گریانی کۆرپەکەی بو؟ چۆن ڕویدا؟.

نویۆنەکە بە شێوەیەکی سەرپێیی وەڵامی دایەوە، ئەو ئالاچنەی ناوی دوگولانگە لە چادرێکی سەربەخۆدا ئەژی و تێکەڵی کەس نەبوە بەبیانوی ئەوەی سەری قاڵە، گالیسکەیەك و کارەکەرێکی تایبەتی خۆی هەبوە، کاتێك سەردانیان کردوە بە بۆنەی ئیشەوە، هەمیشە بینیویانە دانیشتوەو دەوری بە کۆمەڵە قوماش گیراوەو لە ناویاندا بەدەرەوەنەبوە و کۆش و باوەشی پڕبوە لە ئالای چنراوی ئاوریشم، خەڵك وایان زانیوە لەبەر ئەوەی حەزی لە جوانکاریە هەر بۆ جوانی ئەو قوماشانەی داوە بە خۆیدا و خۆی

پێ ڕازاندۆتەوە، لەبەر ئەوە دیار نەبوە سكی هەیە. كێ باوكی مناڵەكەیە ـ نازانین، تا ئێستا لێكۆڵینەوەمان لەگەڵ ئالاَچنەكەدا نەكردوە، كارەكەرەكە ئەڵێ من ئاگام لە هیچ نیە، لەبەرئەوە وەكو ئەوە وایە ئێمە لەو دەشتە-با-دەسگیربكەین.

جەنگیزخان بیری كردەوە ئەم چیرۆكە لە ئاستی بایەخی بالاَی ئەمدا نیە، بەلاَم مادام فەرمانی قەدەغەكردنەكە لە مەوە لە خۆیەوە دەرچوە و هەر بەرپرسێك لە ترسی گیانی خۆی سەروی خۆی ئاگاداركردۆتەوە تا گەیشتۆتە ئەم، خاقان سەیری كرد بوە بەقسەی خۆیەوە، تازە ناتوانێت پەشیمان بێتەوە، لەبەرئەوە سزادانیان مەسەلەیەكە گەڕانەوەی تیا نیە..

نزیكی نیوە شەو ئیردێنەی سەركردەی سەد، بەبیانوی ئەركێكی بەپەلەوە، وتی ئەبێت سەركردەی هەزار ببینم، ئەوە تەنیا فێڵێك بو بۆ ئەوەی لە ئۆردوگاكە بچێتە دەرەوەو هەمان شەو لەگەڵ دۆستەكەیدا رابكەن، هێشتا نەیئەزانی مەسەلەكەیان گەیاندۆتە خاقان و زانیویەتی، هێشتا نەیئەزانی كە ناتوانێت لەگەڵ دوگولاَنگ و كوڕەكەیاندا دەربازببن.

ئیردێنە بەسەركەوتویی چادرگەكانی بڕی و ئەسپێكی یەدەكی وەكو تانجیەكی ڕستكراو بە دوای خۆیدا ڕائەكێشا، گەیشتە نزیكی ئەو كاروانەی كە عادەتەن دوگولاَنگ چادرەكەی نزیكیان هەڵئەدات، لە خوا پاڕایەوەو تەنیا داوای یەك شتی لێكرد لە پڕ توشی دەستەی پشكنینە گەڕۆكەكانی نویۆن نەبێت، كە بێ بەزەییترین و كەللە ڕەقترین مرۆڤن دروست بوبن، ئەگەر سوارەیەك بەسەر خۆشی ببینن یان بیگرن بەرێكەوت شیرمەیی خواردبێتەوە ڕەحمی پێناكەن، لەجیاتی ئەسپ ئەیبەستن بە گالیسكەوە و گالیسكەوانە كە بە قامچی تێی دێت.

www.pertwk.com

ئیردێنە کاتێك سەد پیاوەکەی بە جێهێشت، بەنیازی ڕاکردن، ئەیزانی ئەگەر بیگرن توندترین سزا چاوەڕوانی ئەکات- خنکاندن بەلباد یان هەڵواسین تامردن، ئیتر ئەگەری تر نیە، مەگەر بتوانێت هەڵبێت و بگاتە ناوچە دورە دەستەکان لەولاتانی تر.

شەوانی ئەو دەشتە لەو ماوەیەدا مانگەشەوبو، چادرگە و هەوارەکان لەو ناوەدا پەرش و بلاوبوبونەوە، جەنگاوەرەکان لە پاڵ یەکدا لە پاڵ کوانوە کوژاوەکاندا نوستبون، لە ناو ئەو خەڵك و کاروانانەدا بە دەگمەن هەبو گوێ بداتە ئەوەی کێ بەلایدا ئەڕوات و بۆ کوێ ئەچێت؟.

سەرکردە ئیردێنەش پشتی بەمە بە ستبو ئەگەر نەگبەتی و چارە ڕەشیش نەبوایە ئاسان بو لەگەڵ دو گۆلانگ و کوڕەکەیاندا دەرچونایە.

لەو چرکەساتەدا گەیشتە هەواری پیشەوەرەکان زانی کارەساتێك ڕویدا، سەرکردەی سەدەکە لە ئەسپەکەی دابەزی و لەسێبەری ولاغەکاندا کە توند جڵەوەکانی گرتبون ڕەق ڕاوەستا، بەڵێ، کارەساتێك ڕویدا، ئاگرێکی گەورە نزیکی چادری ئالاچنەکە ئەگرێ و بەگرێکی حاڵ لێهاتوی شێت و وێت ئەو ناوەی ڕوناك کردۆتەوە و دە یاساوڵی سوارە بەسەر ئەسپەکانیانەوە بە دەوەری ئاگرەکەدا ئەگەرێن و بەدەنگی بەرزقسەئەکەن، ئەوانەشی دابەزیبون ژمارەیان سێ کەس بو خەریك بون ئەسپیان لەوگالیسکەیە ئەبەست کە بەنیازبو ئەمشەو لەگەڵ دوگولانگدا پێی هەڵبێت، دوای ئەوە ئیردێنە چاوی لێ بوچۆن دوگۆلانگیان لە چادرەکەی دەرهێناو منالەکەی بەباوەشیەوەبو، لەبەر ڕوناکی گڕەکە دەرئەکەوت بەپێوە وەستاوە بە عەباکەیەوە کە لە فەروی گیاندارێکی کێوی دروستکرابو، کوڕەکەی ناوە بەسنگیەوەو ڕەنگی زەردهەڵبزرکاوە و لاواز و تۆقیو، یاساوڵەکە شتێکی لێ

ئەپرسی، ئەم ئەوەندەی گوێ لێ بو دەنگێك ئەیوت"وەڵام بدەرەوە، وەڵام بدەرەوە، بەدڕەوشت، داوین پیس".

دوای ئەوە دەنگی گریان و لالانەوەو پاڕانەوەی ئاڵتونی کارەکەر ئەهاتە گوێی. بەڵێ، بێگومان دەنگی ئەوبو، هاواری ئەکرد: من چوازنم؟ بۆلێم ئەدەن؟ من چوزانم منالی لەکێبوە؟ شتی وا نەئێستا و نە لەمەوبەر لە ناو ئۆردودا ڕوی نەداوە، ئەم منالەی تازەبوە، خۆتان چاوتان لێیەتی، ئێوە ئەزانن نۆمانگ لەمەوبەر سکی کردوە، من چوزانم کەی بوەو لەگەڵ کێ بوە؟ بۆچی واشی لێ ئەکەن، بەستەزمانە زیڕەی کرد، لەبەرخاتری ئەو منالە بێ تاوانە وازی لێبێنن، ئەم ژنە خزمەتی نەکردون؟ ئالای جەنگەکانتان کە بەسەر سەرتانەوە ئەشەکێتەوە ئەم بۆی نەچنیون؟ بۆچی ئەیکوژن؟ بۆ؟.

بەستەزمان ئاڵتون، ئەتوانێ چی بکات، ئەڵێی چلێك گیایە لەژێر چەکمەکانیاندا. سەرکردەی سەدەکە خۆی غیرەتی ئەوەی نیە بچێتە پێشەوە، ئەتوانێ چی بکات بەرامبەر دە یاساوڵی پڕچەك؟ ئەتوانێ چی بکات جگەلەوەی خۆی و دوان سیانێك ڕەوانەی مردن بکات؟ ئەوە سودی چیە؟ یاساوڵەکان هەمیشە واسەرئەکەون- بەگەلەکۆمەکێ.چاوەڕوان ئەکەن یەکێك بڵێ لەل، و بەهەمویان پەلاماری بدەن و خوێنی بڕێژن و بیکوژن.

سەرکردەی سەد ئیردێنە چاوی لێ بو چۆن دوگۆلانگ و منالەکەیان سواری گالیسکەیەك کردو ئینجا ئاڵتونی کارەکەریان تێ فرێداو بەرەو کونجێکی نادیاری ئەم شەوەیان بردن.

بەوجۆرە هەموشتێك لەدەوری کوژایەوەو ئارام بۆ، شوێنەکە چۆڵ بو، دوای ئەوە لە دورەوە دەنگی وەڕینی سەگەل و حیلەی ئەسپ ئەهات، لەگەڵ هەندێ دەنگی نا ئاشکرا لە هەوارەکانەوە.

ئاگرەکانی دەوری چادرەکەی دوگوڵانگ کوژانەوە، تەنیا ئەستێرە بێ دەنگە پرشنگدارەکان لەسەرخۆ ڕوانینێکی سارد ئەیانڕوانیە ئەم چۆڵەوا نیە کپەو هەرچی جوانی و ئازار و ئەشکەنجەکانی خەباتی مرۆڤی تیابو بەرەولای خۆیان ڕایانئەکێشا، وەکو ئەوەی کە ڕویدا هەر ئەبوایە ڕوبدات....

ئیردێنەی سەرکردەی سەد هەردو دەستە سارده سڕبوەکانی ئەهێنا بە قایش و جڵەو و کەللەی ماینە یەدەکەکەدا وەکو بەدەم خەوەوە بێت، بێ ئەوەی بڕوا بە توانای خۆی بکات لە سەری داماڵی و فڕێیدایە ژێر سمەکانی ئەسپەکەیخۆی، لغاوەکە دەنگێکی سواوی لێوەهات.

ئیردێنە گوێیلەدەنگی هەناسەسوارەکانی خۆی بو، هەناسەی بەرە بەرە توند ئەبو، بەڵام هەستی بەخۆی کرد هێشتا هێزی ئەوەی تیاماوە بدات بەکەفەڵی ماینەکەدا، ئیتر پێویستی پێی نەماوەو زیادە و ئازادە، ماینەکە کردی بە چوار ناڵە بەرەو یەکێك لە هەوارەکان دەرچو.

ئیردێنەی سەرکردەی سەد وێڵی ئەو دەشتەبو، نەیئەزانی بۆکوێ و بۆچی ئەچێت، لەدوایشیەوە ئەسپەکەی ئاکجۆڵدوز کە ئەستێرەیەك بە ناوچەوانیەوە بو، گوێ ڕایەڵ بەدوایدا ئەڕۆیشت، ئەو ئەسپە جەنگاوەرە بە وەفایەی هەرگیز بەجێی نەهێشتبو، و ئیردێنەی سەرکردەی سەد هەموشەڕەکانی بەسەرپشتیەوە کردبو، بەڵام ئەم جارە نەیتوانی

بەسەرپشتیەوە ژن و منالەکەی لە گالیسکەیەکدا لەم چارەنوسە دلتەزێنە دەرباز بکات.

ئیردێنە لەخۆیەوە ملی ئەناو فرمێسکەکانی ریشەکەیان تەرئەکرد، ئەرۆیشت و تیشکی مانگ بەسەرشانە لەرزۆکە داچەکاوەکانیدا ئەمبەرەوبەری ئەکرد... روانینەکانی لەروانینی درندەیەکی کێوی ئەچون لە رەوەکەی دابرابێت. ئەبێت خۆی بەتەنیا رو بەرِوی چارەنوسی خۆی ببێتەوە لەم جیهانەدا؛ بژی ئەگەر ئەتوانیت بژیت، ئەگینا بمرە، رێگایەکی ترنیە... ئێستا چی بکات و بۆ کوێ بچێت؟ هیچ شتێکی بۆ نەماوەتەوە ئەوەنەبێت بمرێت، خنجەرێك بدات لە خۆی، لەسەر دلی، لەودلەی کە ئیتر بەرگەی نالەی ناگرێت، بەوجۆرە ئازار و کسپە وترپەی خامۆش ئەبێت، یان ئەوەتا سەری خۆی هەلبگرێت و بروات لە جێیەك هەتا ئەمرێت بەدەربەدەریی بەو ئازارەوە بتلێتەوە...

سەرکردەی سەدەکە لەپەو رو کەوت، لەبەرخۆیەوە بەدەنگێکی نەبیستراو ئەگریاو لەسەرسك خۆی رائەکێشاو هەردو لەپی دەست بەدرك ودال و دارو بەرد برینداد ئەبون، بەلام زەوی نەئەقلێشایەوە و قوتی بدات. ئینجا هەستایە سەرچۆك و دەستی خستەسەرمستوی خنجرەکەی ناوقەدی.

بێدەنگیی دەشتەکەی تەنی بو، بەبیابان و ئاسمان و ئەستیرەکانەوە، ئەسپە بە ئەمەکەکەی ئاکجۆلدوز نەبێت کە بەورەوە بەپێوە لەبەر مانگەشەوە کە لەدوایەوە، وەستابو، لەچاوەروانیی فەرمانی خاوەنەکەیدا جارجارێك ئەیپرماند...

ئەو بەیانیەو پێش ئەوەی جولان دەست پێبکات، تەپلەکان کە پێشتر لەسەر تەپۆلکەیەك کۆکرابونەوە، دەستیان کرد بە لێدانی ئاوازی

کۆبونەوەی هێزەکان. دوبوڵباسەکان بێدەنگ نەبون تا دەڤەرەکەیان پڕکرد لە دەنگدانەوەیەکی بەرەبەرە ترسناکترو ئاڵۆسکاوتر، تەپڵە چەرمەگاکان وەکو درندەیەکی کێوی کەوتبێتە تۆڕەوە ئەیانزریکان و هاواری کۆبونەوەی خەڵکیان ئەکرد بۆ ئامادەبونی ئیعدامی ئەو ئالآچنە داوێن پیسەی لەکاتی شالآوەکەدا زۆڵێکی خستۆتەوە- کەم کەس هەبو کە بزانێت ناوی دوگۆلآنگە.

لەسەر ئاوازی دەنگبارانە شەیتانیەکە کەرتەکانی سوارە بە هەمو چەکانیانەوە وەکو بۆ نمایش وەستابن ، بەشێوەی نیوبازنە بەرانبەر تەپۆڵکەکە ڕیزبون، سەد لەدوای سەد، لە ڕاست و چەپیشەوە کاروانەکان بە هەمو کەل و پەلەکانیانەوە لەگەڵ پیشەوەرەکان کە پاشکۆی هێزەکەبون، وەك چادرچی و چەخماخساز و زین درو و بەرگدرو و شاگردەکانیان لە ژن و پیاو و گەنج و هەمو تەمەنەکان کە کاتێ ژنهێنان و شوکردن و سك کردنیان بو، دەستە دەستەو ڕیز ڕیز وەستابون، ئەم ئیعدامە نمایشکرانەیە لە پێناوی ترساندن و ئاوی گوێ دادانی هەمویاندا جێبەجێ ئەکرا، تابزانن ئەوەی پڕکێشی بکات سەرپێچی فەرمانەکانی خاقان بکات ئەبێت سەری دابنێت، دەنگی دوبوڵباسەکان لەسەر تەپۆڵکە کە بەجۆرێك هاڕەی ئەهات خوێن لە دەمارەکاندا ئەیبەست، ترس هەمو کەسێکی دەستەوسان ئەکرد، لەبەر ئەوە ڕەزامەندی لەلای خەڵك لەسەر هەرشتێك کە بەئارەزوی خاقان ڕوبدات، هەر لەخۆیەوە سەری هەڵئەدا، بەڵکو دەست خۆشیشی لێئەکرا.

بەو جۆرە لەسەر ئاوازی دو بوڵباسەکان، خاقان خۆیشیان بەکەژاوەیەکی سەوز برد بۆ سەر تەپۆڵکەکە تا ئیعدامی ئەو ژنە ترسناکە ببینێت کە لە فەرمانی دەرچوەو ناوی دۆستەکەشی نەدرکاندوە،

لەناوەڕاستی ئالاکاندا کە ئەژدیهایان بە ئاوریشم لەسەر نەخشابو، لە دەمیانەوە بڵێسەی ئاگر دەرئەچو، لەسەر خاکە زەردەکەی تەپۆڵکەکە دایانبەزاند، ئالاکان لە چواردەوری بەدەم باوە ئەشەکانەوە و لە یەکەم تەنکاوی تیشکی ڕۆژدا مەلەیان ئەکرد.

ئەو ئەژدیها سامناکەی ئەو گوژمە مەزنەی دابو هێمای خاقان بو، بەلام-خاقان- خۆی هەرگیز لەوبڕوایەدا نەبو ئەو ئالاچنەی ئەم دەست ڕەنگینیەی نواندوە مەبەستی ئەوبوبێت، بەڵکو مەبەستی سەگێکی تربوە، مەبەستی ئەو کەسەبوە کە ئەژدیهایەکی بەگوڕی بێ مەترسی بوە و لەباخەڵیدا پەپکەی خواردوە، هەرگیز بە خەیاڵی کەسدا نەهاتوە ئێستا سەری لەو پێناوەدا دائەنێت.

ئەو چرکە ساتە نزیك بوەوە، تەپڵەکان وردە وردە دەنگیان بەرزترئەبوەوە بۆ ئەوەی پێش ئیعدامەکە لەپڕ بێدەنگ بن، بەو جۆرەش هاندەرئەبن بۆ ئەوەی بێدەنگیەکی کوشندە خەڵکەکە دابگرێت و کات لەگەڵ ئەو چاوەڕوانیە سامناکەدا درێژتر ئەبێتەوەو ئەمەیەت و هەڵئەوەرێت، دوای ئەوە لەپڕ بە جۆرێك زرمەی دێتەوە گوێ کەڕ ئەکات، تا بەگرمەیەکی دڕندانە ژیانێك کۆتا بکات و هەمو دیمەنەکانی تر دابپۆشێت بۆ ئەوەی لە خەیاڵە سەرخۆشەکەی خاندا هەوەسی تۆڵەسەندنەوەی کوێرانەی تێر بکات لەگەڵ لوت بەرزی و خۆشیەکی شاراوە کە ئەو نیە بەپەتی ئیعدام هەڵئەواسرێت بەڵکو کەسێکی ترە.

تەپڵەکان بێدەنگ بون، خەڵکەکە کپ و موچڕکەی پیادێت، هەتا ئەسپی ژێر سوارەکانیش وشك بون، دەم و چاوی جەنگیزخان خۆیشی جیڕبۆتەوە ئەڵێی بەردە، توند هەردو لێوی نوقاندوە، ڕوانینە مردوە

ساردو سرکەی چاوەتیژەکانی کە ناتروکێن گوزارە لە جۆرێك لـە ئـەژدیهایی ئەکەن.

کاتێـك دوگـولآنگی ئالآچـنیان لـە چـادرێکی نزیکـی شـوێنی ئیعدامەکـە هێنایە دەرەوە، تەپڵەکان بێدەنگ بون، چەند یاساوڵێکی بەهێز بن باڵیـان گرتبـو رایانکێشـا بـۆ لای گالیسـکەیەکی دو ئەسـپی، دوگـۆلآنگ لەسـەر گالیسکەکە بەپیوە وەسـتاو یاسـاوڵێکی گـەنجی زەرەتـاڵ کـە لـە تەنیشـتیەوە وەستابو، گرتبوی:

لەناوڕیزەکاندا بو بە هەرا بـە تایبـەتی ژنـەکان: ئـەوەتا، ئالآچـنەکەیە. داوێن پیسە دۆست ونەکە، بەوگەنجی و جوانیەوە ئەیتوانی ژنی دوەمـی یـا سێهەمی یەکێك لەسەرکردەکان بوایە، هـەتا ئەگـەر پیرەمێـردێکیش بوایـە- لەمـەی باشـتربو، ئـەم کارەسـاتەی بەسـەرخۆی نەئـەهێنا. بـەلآم، نـە٬٬ چونکی بـێ حورمەتـە، دۆسـتی گرتـوەو ئـەم زۆڵـەی خسـتەوە!! بـێ ئـابڕو، وەك ئەوە وایە تفێکی کردبێتـە ناوچـەوانی خاقـان، ئێسـتاش ئـەبێ بـاجی خۆی بدات، هەڵیبواسن بە کۆپانـەی حوشـترێکدا! خـانم ڕایبـواردوە! بـابڕوا ڕابوێرێت ئیتر!! ئەم بەچپە حوکم دانـە کـە بـەزەیی تیـا نـەبو تەواوکـەری زرمەی دوبوڵباسە هەراسانکەرەکەبو، ئەم دەهۆڵـە چـەرمە گایانـە بـۆ ئـەوە گرمـەیان ئـەهات و گوێیـان کەڕئـەکرد، تاچـی ڕق و کینـەو بـوغز هەیـە بیوروژێنێ بەرامبەر ئەوەی خاقان ڕقی لێ هەڵگرتوە.

ـ ئـا، ئـەوەش کارەکەرەکەیـە لەگـەڵ مناڵەکـەدا، سـەیرکەن- ژنـەکانی کاروانەکان بە لوت بەرزیەوە هاواریان ئەکرد.

ڕاست بو، ئـەوە ئـاڵتونی کارەکـەربو مناڵەکـەی پێچابو لـە پارچـەیەك قوماشەوەو کردبویە باوەشی، ئـاڵتون لەگـەڵ یاسـاوڵێکی بـازو ئەسـتوردا لـە

تەنیشتی گالیسکەکەوە ئەڕۆیشت و بەتۆقیوی و شەرمەوە بەملاولادا ئاوڕی ئەدایەوە وەکو بەکۆرپەکەی باوەشی تاوانی ئالاچنە بە مردن حوکم دراوەکە بسەلمێنێت.

بەم شێوەیە، لەم دیمەنە ترسناکەدا پێش ئیعدامەکە نمایشیان کردن، دوگۆلانگ دڵنیابو هیچ دەرویەك نەماوە: بواری بەخشین و بەزەیی پیاهاتنەوە نەماوە.

دوگولانگ ئەو کاتەی لە چادرەکەدا بو، پێش ئەوەی بیانهێننە دەرەوە بۆنمایشی ڕیسواکردن و ڕو ڕەشکردن، بۆ دواین جار منالەکەی تێر مەمك کرد، کۆرپە بەستەزمانەکە بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ بێت، قومی لە مەمکە کە ئەدا و بەدەم ئاوازی بەرزو نزمی تەپلەکانەوە خەو ئەیبردەوە، ئالتونی کارەکەری لەلایەوە بو لە خەفەتا فرمێسکی ئەڕشت و دانی بەخۆیدا گرتبو و دەستی گرتبو بەدەمیەوە نەداتە پرمەی گریان.

لەو چەند چرکەیەدا توانیان چەند وشەیەك لەگەڵ یەك بدوێن:

ـ نازانیت لە کوێیە؟ دوگۆلانگ بەچپەو بەدەنگێکی نزم لێی پرسی و لەو کاتەدا خێرا خێرا کورەکەی لەم مەمکەوە ئەگوێزایەوە بۆ ئەو مەمك، هەر چەند ئەیشیزانی ئالتون هیچ شتێك نازانێت کە ئەم نەیزانێت، ئەویش بە چاوی تەڕو بەدەم فرمێسکەوە وەلامی دایەوە:

ـ نازانم، لەوانەیە دور بێت. دوگۆلانگ ئاواتی خواست:

ـ خۆزگە وابوایە، خۆزگە!.

کارەکەرەکە بە کلۆلیەوە سەری لەقاند، هەردوکیان بیریان لەسەد شت ئەکردەوە

خۆزگە سەرکردەی سەدەکە ئێستا خۆی شاردبێتەوە یان هەڵاتبێ بۆ شوێنێکی دور و لەبەرچاو نەمابێت.

لە دەرەوەی چادرەکە دەنگی پێو قسەکردن ئەهات:

ـ دەریانکێشنە دەرەوە، ڕایانکێشن.

ئاڵاچنەکە بۆ دواجار کۆرپەکەی نا بەسنگیەوەو تێر بۆنە شیرینەکەی هەڵمژی و بەدو دەستی لە رزۆکەوە دای بەکارەکەرە کە.

ـ هەتا ئەمرێت بێ خزمەتی مەکە..

ـ خەمت نەبێت.

ئاڵتون ئیتر خۆی پێنەگیراو فرمێسك بە ئاشکرا لە چاوەکانیەوە سەری کردو بەدەنگی بەرز دەستی کرد بەگریان، لەو کاتەدا یاساوڵەکان ڕایانکێشانە دەرەوە.

خۆر بەسەر دەشتەکەدا بڵاوبوبوەوە و بەهێڵی ئاسۆدا هەڵواسرابو، سارۆزیکیش، دەشتایی تەختی مەزن- لەپشت کۆبونەوەی هێزەکان و کاروانەکانەوە کە خۆیان ئامادەکردبو دوای عیدامەکە♥ دەست بکەنەوە بەڕۆیشتن، بەهەرچوارلادا هەتا چاو بڕبکات کشابو، لەسەر یەکێك لە بەرزاییەکان کەژاوە زێڕینەکەی خاقان ئەبریسکایەوە، لەو کاتەدا لە چادرەکە هاتنەدەرەوە، دوگۆڵانگ بەتیلەی چاو ئەو کەژاوەیەی بینی کە خاقان خۆی وەکو خواوەند تیادانیشتبو، لە جێیەکدا دەستی کەسی نەگاتێ، بەدەوری کەژاوەکەشدا ئاڵاکان کە وێنەی ئەژدیهایان لەسەر نەخشێنرابو لە

---

♥ -وشەکە بەکوردی قەنارە یا لەسێدارەدان یان هەڵواسینە،بەعەرەبیش ئیعدامە،لەسایەی حوکمی بەعسی فاشیستدا کورد بەم وشەیە زۆر ئاشنایە وهەمیشە بەعیدام بەکاری هێناوە بۆیە منیش هەر وا بەکاری دێنم.

دەمیەوە گڕی فڕێ ئەداو هەموویان بەدەست و پەنجەی ئەم چنرابون بەدەم بای پێدەشتەكەوە ئەشەكانەوە.

جەنگیزخان لەژێر سەیوانەكەیدا لەسەر گردەكەوە هەموشتێكی بەڕونی ئەبینی: دەشتەكە، هێزەكە، هەوارەكان، كاروانەكان، لەبەرزایشەوە، وەكو هەمیشە، هەورەسپیە بە ئەمەكەكە بەسەر سەریەوە مەلەی ئەكرد، عیدام كردنی ئالاچنەكە ئەو بەیانیە جولانی هێزەكانی دواخست، بەلام ئەبوایە لە پێناوی جێبەجێكردنی فەرمانی دوەمدا فەرمانی یەكەم جێبەجێ بكرێت، عیدامە چاوەڕوانكراوەكە یەكەم عیدام و دواین عیدام نەبو بە بەرچاویەوە جێبەجێ بكرێت، زۆر حالەتی تری سەرپێچی بەهەمان شێوە سزادراوە، هەمو جارێك خاقان بڕوای پتەوتر ئەبو عیدامی ئاشكرا لە بەرچاوی خەڵك بنەمایەكی پێویستە بۆ ملكەچ كردنی گەل بۆ یاسایەك كەلەلایەن مرۆڤی بالاوە دائەنرێت، چونكە ئەو ترس و خۆشیە پوچەڵەی خەڵك كە عیدام ئەمی نەگرتۆتەوەو نابێ بیگاتێ وایان لێ ئەكات ئەو سزا ترسناكە واوەربگرن شتێكی پێویستە و نەك هەر پێویستە پشتگیریی دەسەلات بكرێت بەڵكو ئەبێ هانیش بدرێت و دەست خۆشی لێ بكرێت.

ئێستاش كە ئالاچنەكەیان لە چادرەكەی هێنایە دەرەوەو بە پاڵ سواری گالیسكەكەیان كرد بۆ ئەوەی بیكەن بە پەند و بەناو خەڵكەكەدا بگێڕن، خەڵكەكە وەكو پورەی هەنگ وروژابێت كردیان بە ژاوەژاو، تەنیا ماسولكەیەك لە دەم و چاوی جەنگیزخان نەبزوا، لە ژێر چادرێكدا دانیشتبو و بە ئالای شەكاوە و و كیزیگۆڵی چوارشانە كە وەكو بت

بەرمەکانیانەوە لە شوێنی خۆیاندا چەقیبون دەورە درابو، ئەم عیدامە ئاشکرایە لەسەر ئەم بنچینەیە دارێژرابو:

- با هەرچی کەسە بزانێت بچوکترین کۆسپ لە رێگای خاقانی مەزندا رێگا بە بونی نادرێت.

خاقان لە دڵی خۆیدا ئەیزانی ئەتوانێت پەنا نەباتە بەر ئەم سزا قورسە حەیابەرە دژی ئەم ژنە، ئەم دایکە خاوەن نۆبەرەیەو ئەتوانێت رەحمی پێ بکات، بەڵام ئەوە هیچ چاکەیەکی بۆ پاشە رۆژ تیا نەئەبینی- هەمو سۆزو دڵنەرمیەك هەمیشە لە کۆتایدا بەزیان ئەکەوێتەوە، دەسەڵات لاواز ئەبێت و خەڵکیش لاسارتر. نەخێر، خۆی توشی مەترسیی وا ناکات. تەنیا شتێك بێ تاقەتی کردبو ئەوەبو نەیتوانیوە بزانێت دۆستی ئەم ئاڵاچنە کێیە؟.

ئەویش، کە حوکمی عیدامی درابو بەسەردا لەسەر گالیسکەیەك بە بەردەم ریزی هێزەکان و کاروانەکاندا، بەکراسێکی سەرسنگ دادڕاوەوە ئەیانگێڕا، قژی ئاڵۆسکابو، تۆزێك لە پەرچەمە رەشەکەی کە بەتیشکی رۆژەکە قەترانی بوبو بەسەردەم و چاوە زەرد هەڵگەڕاوەکەیدا هاتبوە خوارەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوگۆلانگ سەری دانەنەواندبو، روانینێکی دڵتەنگی بێ واتا بە دەوری خۆیدا ئەیڕوانی- تازە هیچی نەماوە لە خەڵکی بشارێتەوە. ئەوەتا، ئەمە ئەو ژنەیە کە دڵدارەکەی لە ژیانی خۆی خۆشترویست و ئەوە کورە زۆڵەکەیەتی کە بەرهەمی ئەو خۆشەویستیەیە.

بەڵام خەڵك ئەیانویست بزانن، هاواریان ئەکرد:

- هێی ماین، ئەسپەکەت کوا؟ کێیە؟.

جەماوەرەکە لە ورژانی و شەڕخوازیی خۆیەوە هاواری ئەکرد، کە هۆکارەکەی هەستێکی شاراوە بو بەتاوانباریی، ئەیقیژاند بۆ ئەوەی بەزوترین کات ڕزگاری بێت لەو تاوانی بێ ئابڕوییە.

ـ ئەو بێ ڕەوشتە هەلۆاسن، هەر ئێستا عیدامی کەن، چاوەڕێی چین؟!.

بێگومان ڕێکخەرانی عیدامەکە مەبەستیان ئەمەبو، جەماوەرە خرۆشاوە کە ویستی ئالاچنەکە ڕەتبکەنەوە، لە ناو ئەوانەی دەوری خاندا جەنگاوەرێکی دەنگ نێر هاتەدەرەوە کە یەکێك بو لەسەرکردەکان، جەنگاوەرێکی ئەوەندە بەجەرگ بو ئامادەبو ئەمەش لە پێناوی خاقاندا بکات.

ڕوی کردە کاروانی ماتەمەکە، ئەو گالیسکەیەی ئالاچنە حوکم دراوەکەی لەسەربو، کە کارەکەرەکە لە تەنیشتیەوە ئەڕۆیشت و منالەکەی بەباوەشەوە بو.

ـ ڕاوەستن!.

ڕایوەستاندن و بەدەنگێکی بەرز ڕوی کردە تیمەکانی جەنگاوەران.

ـ با هەمو گوێتان لێ بێت، ئەبێت ئەم جانەوەرە بێ ئابڕوە ئەم زۆڵەی لە کێ بوە لە باخەڵی کێ دا نوستوە، ئێستا پێمان بڵێ:

ئەم جەنگاوەرانە باوکی کوڕەکەتیان تیایە؟.

دوگۆلانگ بە نەخێر وەلامی دایەوە، لەناوەڕیزەکاندا دەنگە دەنگێکی دڵنیایی بەرپابو گالیسکەکە لەسەدێکەوە ئەچو بۆ سەدێکی تر و سەرکردەی سەدەکان هاواریان ئەکرد.

ـ لای من نیە، لەوانەیە ئەو کوڕە ئازایە لە سەدەکەی تۆدابێت.

لەو کاتەدا دەنگ نێرەکە داوای لە ئالآچنە ئەکرد، ئاماژە بۆ ئەو جەنگاوەرە بکات کە باوکی کوڕەکەیەتی، ئەگەر بەرچاوی کەوت.

جارێکی تر گالیسکەکەیان لە بەردەمی ڕیزێك ئەسپ سواردا ڕاگرت، هەمان پرسیاریان دوپات کردەوە:

- داوین پیس نیشانمان بدە، کێ ئەوەی پێکردیت!.

لەناو ئەم ڕیزەیاندا، بەسەرکردایەتی یەکێك لە کەرتەکان، سەرکردەی سەد ئیردێنە لەسەر ئەسپەکەی ئاکجۆڵدوز کە ئەستێرەیەك بە تەوێڵیەوە بو، وەستابو نیگاکانی دوگۆلآنگ و ئیردینە یەکیان گرت، لە گێژاوی ئەو غەڵبە غەڵب و بەیەکدا هاتنەدا کەس تێبینی ئەوەی نەکرد چەند بەناڕەحەتی نیگایان لەسەر یەکتری لابردو ڕویان وەرگێڕا، کەسیش بەوەی نەزانی چۆن دوگۆلآنگ ڕاچەنی و پەرچەمە شۆڕەکەی لەسەر ناوچەوانی لادا، کەس سەرنجی نەدا چۆن لەپڕ بۆ هەناسەیەك ڕوی گەشایەوە و لە جێی خۆیدا کوژایەوە، بە تەنیا ئیردێنە بو کە ئەیتوانی بزانێت ئەو نیگا یەکگرتنە لەو یەك هەناسەیەدا چەندی خۆشی و ئازار بە دوگۆلآنگ بەخشی.

دوگۆلآنگ دوای ئەوەی هۆشی هاتەوەو دەسەلآتی بەسەرخۆیدا پەیدا کردەوە، وەلآمی دەنگ نێرەکەی بەتیژی دایەوە:

- نەخێر، باوکی منالەکەم لە ناو ئەمانەشدا نیە.

دیسانەوە کەس تێبینی ئەوەی نەکرد ئیردێنە سەری کەوت بەپێشدا، بەلآم لەم هەناسەیەدا بە ویستی بەهێزی خۆی گرت و نەیهێشت وادەربکەوێت دڵی وەکو مەنجەڵ ئەکوڵێت.

جەللادەکان لەم کاتەدا ئامادە باشیی خۆیان تەواوکردبو، سێ کەس بەجلی ڕەشەوە قۆڵیان لێ هەڵکردوە، حوشترێکی دو گۆشتکۆپان یان هێنایە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە، ئەوەندە لۆق درێژو بەرزبو، سەری ئەسپ سوارێك بەسەر ئەسپەکەیەوە ئەوجا ئەگەیشتە ژێرسکی، کۆچەریەکانی ئەم ناوچەیە هەر لەکۆنەوە ئەم شێوەیان بۆ عیدام کردن بەکارهێناوە چونکە ئەو دەشتە کرکە درەختی تیانیە: شێوەکەش ئەوەیە جوتێك تاوانبار بە پەتێك لەنێوان هەردو دوگۆشتە کۆپانەکەوە هەڵئەواسن یان ئەگەر یەك تاوانبار بو تاکەی تری فەردەیەك لێی بەکێشی تاوانبارەکە پیا هەڵئەواسرێت. ئێستاش فەردە لەکەی هاوکێشی دۆگۆلانگ ئامادەیە.

جەللادەکان بە هەرا هەراو داردەست حوشترەکەیان یخ دا، هەتا چۆکی داداو چوار پەلە ئێسقان ئەستورەکەی لە ژێر خۆیدا نوشتانەوە، بەم جۆرە قەنارەکە ئامادەبو.

تەپڵەکان جارێکی تر ژیانیان تێگەڕایەوە، هێواش هێواش زرمەیان ئەهات تا لەچرکەی گونجاودا بیکات بەگرمە و بروسکە بۆ ئەوەی خەڵکەکە بوروژێنێت و نقەشیان لێ ببڕێت.

سەرکردە دەنگ نێرەکە جارێکی تر ڕوی کردەوە ئالاچنەکە، ئێستا هەر بۆ خۆشیی دواین جار پرسیارت لێ ئەکەم، تۆ، ئەی بێ ڕەوشتە بێ مێشکەکە، گومانی تیا نیە ئەمریت، مناڵەکەشت دوای خۆت ناژی! قسەی قۆڕمەکە، مەعقولە نەزانیت کێ سکی پڕکردویت؟ لەوانەیە خۆت ماندوبکەیت بیرت بکەوێتەوە..

ـ نازانم کێ بو، ئەوە زۆر دەمێکە، لەم ناوچەیەشدا نەبوە.

لەدەشتەکەدا قاقایەکی پیاوانەی بێ ڕێزو قریکەیەکی ژنانەی لوت بەرز دەنگی دایەوە، سەرکردەکە وازی لە پرسیارکردن نەهێنا.

ـ ئەمە یانی چی- ئەی لە بازاڕبو، لەوشوێنەی لێی گیرایت؟.

دوگۆلانگ بێ حساب بۆ کردن وەلامی دایەوە.

ـ بەڵێ لە بازاڕ.

ـ دوکاندار بو یان ڕێبوار؟ یان یەکێك لە دزەکانی بازاڕ؟

ـ نازانم، دوکاندار بو یان ڕێبواریان دزێکی بازاڕ. دوگولانگ بەدوایدا وەلامی دایەوە، دیسانەوە قاقا و قریکەی پێکەنین دەنگی دایەوە.

ـ بۆ ئەو جیاوازی چییە، دوکاندار‌بوبێت یان ڕێبوار یا دزێکی بازاڕ؟.

گرنگ ئەوەیە لە بازاڕ پەندەکەی داوە.

لەپڕ لەناو ڕیزەکانی جەنگاوەرانەوە دەنگێك بەرزبوەوە، یەکێك بەهەمو هێزی خۆی هاواری کرد:

ـ من باوکی ئەو منالەم، بەڵێ، منم، ئەگەر ئەتانەوێت بزانن.

هەمو بەجارێ بێدەنگ بون و هەمو بەجارێ حەپەسان... ئەمە کێیە؟!!.

ئەمە کێیە لەم دواچرکەیەدا بەدەم بانگەوازی مەرگەوە چو... نەیهێشت نهێنی ئالاچنەکە بۆ هەتا هەتایە ببێت بە ژێر لەوە.جلەوەکەی ئاکجۆلدزی تونکردو هەستایە سەر ئاوزەنگیەکان و ڕوی کردە جەماوەرەکەو دوبارەی کردەوە:

بەڵێ، منم، ئەوە کوڕمە، کوڕەکەم ناوی کۆنانەو دایکی ناوی دوگۆلانگ و منیش ئێردێنەی سەرکردەی سەدم.

لەگەڵ ئەم وشانەدا لە ئەسپەکەی دابەزی و دای بەلاملی ئاکجۆڵدزدا و ئەسپەکە بۆی دەرچو، سەرکردەی سەدیش بەدەم ڕۆیشتنەوە چەك و قەڵغان و پێویستیەکانی لە خۆی دائەماڵی و بەهەمو لایەکدا فڕێی ئەدا، ڕوی کردە ئالأچنەکە کە جەللادەکان هەردو دەستیان گرتبو. خۆی کرد بەناو ئەو کشیو ماتیەی دەورەی دابو، هەمو سەیری ئەو مرۆڤەیان ئەکرد کە بەویستی خۆی و بەپێی خۆی ئەچو بەپیری مەرگەوە.

کاتێك ئیردێنە گەیشتەلای دڵدارە بۆ عیدام ئامادەکراوەکەی باوەشی پیاکردو لەبەردەمیدا ئەژنۆکانی نایەسەر زەوی و ئەمیش دەستی خستەسەر سەری و بەو جۆرە جارێکی تر ڕوبەڕوی مردن یەکیان گرتەوە.

لەو چرکەیەدا تەپڵەکان لێیاندا، بەیەك دەنگ و بەیەك خرۆشی مەزنەوە گرمەیان هات وەکو گاگەلێك گورگ تێی نابێت.

تەپڵەکان بەو بۆڕاندنە داوای گوێڕایەڵیەکی گشت گیری و هەڵچونی ئارەزوی گشتیی یان ئەکرد. خەڵك لەپڕهاتنەوە سەر خۆیان، هەر کەسێك گەڕایەوە ڕیزی خۆی، دەنگی فەرمانکردن بەرزبوەوە- خۆتان ئامادەبکەن بۆجوڵە، بۆ دەست پێکردنەوەی ڕۆیشتن، تەپڵەکان داوایانکرد: هەمو ئامادەبن، هەر یەکێك ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، جەللادەکان بەپەلە کەوتنە خۆیان، سێ یاساوڵی تر بۆ یارمەتی جەللادەکان دەرپەڕین سەرکردەی سەدەکەیان دابەزەویدا و لە پشتەوە دەستیان بەست، هەمان شتیان لەگەڵ ئالأچنەکە کرد و هەڵیانگرتن بۆلای حوشترە یخ دراوەکە، بەپەلە گوریسێکیان بە نێوان هەردو گۆشت کۆپانەکەدا هەڵدا، ئەڵقەیەکی قەنارەکەیان کردە ملی سەرکردەی سەدەکەو ئەلقەکەی سەرەکەی تریشیان کردە ملی ئالأچنەکە، بەخێراییەکی سامناك و لەژێر زرمەی تەپڵەکاندا

حوشترەكەیان هەستاندە سەرپێ، ئەم ئاژەڵە نەیئەویست هەڵسێت وملی نەئەدا، بەقسەی نەئەكردن، كاوێژی ئەكردو ئەیملێچان و بەتوڕەییەوە جیڕەی دانەكانی ئەهات، بەڵام بەزەبری لێدان و تێلا ناچاریان كرد بە بەرزیە بەپێوە بوەستێت.

بەو جۆرە بەهەردو لاتەنیشتی حوشترەكەدا بەیەك گوریس، دولاشەی ئەو دومرۆڤەی تا مردن لە پێناوی یەكتریدا، یەكترییان خۆش ویست هەڵواسران و شۆڕبونەوە، تا گیانیان دەرچو بەیەك ئاواز لرخاندیان.

لە هەراو هوریاو گرمە و زرمەی تەپڵ و كەڕەنادا كەس ئاگای لەوە نەمابو چۆن كەژاوەی خاقانیان لەسەرگردەكە داگرتوە، خاقان شوێنی عیدامەكەی بەجێ هێشت- ئەوەندەی بەسە، سزاكە ئامانجی خۆی هێنایەدی، بگرە زیاتریش- ئەو نەناسراوەشی دۆزییەوە كە دڵی ئالاچنەكەی بردبو و چێژی ناوجیگای گۆڕیبوەوە بەخان و هەمو فەرمانەكانی، كەسەركردەیەك بو، یەكێك بو لەسەركردەی سەدەكانی.

لەبەرچاوی هەمو خەڵك ئاشكرابو، و ئەوسزایەی وەرگرت كە شایانی بو، لەوانەیە لای خاقان تۆڵە سەندنەوە بێت لەو نەزانراوە كۆنەی كە هەرگیز نەناسراو، ڕۆژێك لە ڕۆژان لە باخەڵی بۆرتەی خێزانیدا بو، ئەو بۆرتەیەی كاتێك نۆبەرەكەی بو، هەرگیز خاقان دڵی نەچوە سەری و بەدرێژیی ژیانی خۆشی نەویست.

تەپڵەكان زیاتر هاڕەیان ئەهات و بەدڵگەرمیەوە ئەیان نركاند، لەگەڵ گرمەیاندا حۆشترەكەش بەلاشەی هەڵواسراوی هەردو عاشقەكەوە كە گوریسێك ملی هەردوكیانی بەستبوەوە بەیەكەوەو لە نێوان هەردو گۆشت كۆپانەكەیەوە ڕایەڵ كرابو- ئەسوڕایەوە .

سەرکردەی سەدەکە و ئالاچنەکە بێ گیان و هەناسە بەم دیودیوی حوشترەکەدا تەکەیان ئەهات- وەکو قوربانیەك لەبەردەم تاراجی خوێناوی گەورەی دوا ڕۆژی جیهاندا.

تەپڵەکان بێدەنگ نەبون، بەڵکو ئەو ناوەیان دەنگباران ئەکرد و گیانیان سڕئەکرد، پەردەیەکی واق وڕمان و گوێ کپ بونیان ئەدا بەسەر هەمولایەکدا. لەو ڕۆژەدا هەموکەسێك ئەیتوانی بەچاوی خۆی ببینێت چی سزایەك ئەدرێ ئەگەربە پێچەوانەی ویستی خانەوە بجوڵێتەوە کە بەبێ دودڵیی بەرەو ئامانجەکانی ئەڕۆیشت..

جەللادەکان و یاساوڵەکان بە حوشترە قەنارە گەڕۆکەکەیانەوە بەناو هەمو هێزەکان و کاروانەکاندا گەڕان، کاتێك لاشەکانیان لە چاڵێکدا ئەشاردەوە کەپێشتر بۆیان ئامادەکرابو، تەپڵەکان هێشتا لێیان ئەدا تاڕاددەیەك تەپڵ کوتەکان عارەقیان لێ ئەتکا..

لەم کاتانەدا هێزەکان نیشتنەوە سەر ڕێ و ئۆردوەکەی جەنگیزخان، سوپای دەشتاییەکان، بەرەو خۆرئاوا جولان، تیپی سوارەکان، کاروانەکان، دابەستەکانی بۆ سەربڕین، سازنگەکانی چەخماخسازی و سازنگەکانی تر کە لەسەر گالیسکە دابەسترابون، و هەر بابەتێکی تر پەیوەندی بەم لەشکرەوە هەبێت، تادوا جەنگاوەر، بەپەلە کەوتنە خۆیان، پەلەیان بو ئەم ناوچە شومەی دەشتی سارۆزیکی بەجێ بێڵن، هەمو بەپەلە کەوتنەڕێ، یەك مرۆڤی سەرلێشێواو نەبێت، نەیئەزانی بە تەنیا ڕوبکاتە کوێ، لەشوێنێکدا کە کەسی تر نەیئەوێرا تیابێت، ئەویش ئالتونی کارەکەربو، منالەکەی بەباوەشەوە بو، لەپڕ لە بیری هەمو خەڵکەکە چوەوە و لێی دورکەوتنەوە، وەکو تەریق ببنەوە لەوەی هێشتا ماوە، هەمو

واخۆیان نیشاندا کە چاویان لێی نیە، هەمو لێی دورکەوتنەوە وەکو ئاگر بێت و بەربێتە گیانیان، بەلای ئەوانەوە بونی نەما.

لەپڕ دەوری کپ بو، نەدەنگی تەپڵ و نەهات و هاوار و نەئالاّ.. هیچ شتێکی لێ نەما... جێ سمی وڵاخ و خۆڵە پەتانێیەکی پڕ تەرس و شیاکە نەبێت کە شوێنەواری ئەوەیە خێڵێك بەویدا تێپەڕیوە، ئەو شوێنەوارەی کە لە دەشتی سارۆزیکیدا زۆر نامێنێتەوە...

ئاڵتون کە هەمولایەك لەو تەنیاییە کەڕەدا بەجێیان هێشت، بەناو ئاگردان و کوانوەکانی دوێنێدا ئەگەڕا بەڵکو پاشماوەی خواردنێکی فڕیدراو، سوتاوی دەست بکەوێت، هەرچی ئێسقان و پاشماوەی خۆراك بو ئەیخستە ناو هەمبانەکەی دابوی بەشانیدا، بەڕێکەوت کەوڵە مەڕێکی دۆزیەوە، ئەویشی خستە بن دەستی بۆ ئەوەی شەو بۆخۆی و مناڵەکەی دابخات کە ئێستا بەزۆر بوە بەدایکی.

ئاڵتون لە ڕاستیدا نەیئەزانی چی بکات و کام تولە ڕێ بگرێت، چی دێتە ڕێ، لە کوێ بۆ پاسارێك بگەڕێت و چ دەرخواردی ئەو مناڵەبدات. هێشتا ئومێدی مابو موعجیزەیەك ڕوبدات، مادام ڕۆژ بە ئاسمانەوە ماوە، : لەوانەیە لە پڕ بەختی بکرێتەوە، لەوانەیە پەناگایەك بدۆزێتەوە- دەوارێکی ون بو و بەجێماوی کۆچەری.

ئەو کۆیلەیەی بێ ئەوەی مەبەستی بێت ئازادکراو باری قورسی قەدەری درا بە کۆڵدا، بەو جۆرەبیری ئەکردەوەو ئاواتی ئەخواست، ئەم مناڵە بەم زوانە برسی ئەبێت و شیری ئەوێت و لەتاوا لەبەرچاوی لەبرسا ئەمرێت و ئەمیش دەسەڵاتی هیچی نیە، ئەو لەمە ئەترسا.

تاکە تروسکایی هیوا کە ئاڵتون بەهیوای بو ئەوەبو لەو دەشتەدا خەڵك ببێنێت، کە هەندێ جار ئەبو برێك خەڵك لەم بیابانەدابن، ئەگەر ئافرەتێکی بەشیریشیان تیابێت کورەکەی ئەداتێ و ئەمیش ئەبێت بەکارەکەرێکی گوێڕایەڵی..

ئافرەتە سەرلێشێواوەکە ئەو دەشتەی گرتەبەر، بەنەشارەزایی ئەخولایەوە، تاوێك ڕوی ئەکردە خۆرهەلآت و تاوێك ڕوی ئەکردە خۆرئاواو، دوایی ئەگەڕایەوە بەرەو خۆرهەلآت.. ئەسوڕایەوەو ئەم منالەی بەباوەشەوە بو بێ ئەوەی پشوبدات، ڕۆژگار نزیکی نیوەڕۆبوەوە، منالەکە ئۆقرەی نەئەگرت و لەبرسا بەردەوام ئەگریا و ئەگریا و خۆی توندئەکرد لە سەنگی... ژنەکە جارێکی تر منالەکەی کردەوە بە مەلۆتکە و ملی ڕێی گرتەوەبەر و بەدەم ڕیوە ڕایئەژەند.

لەپڕ منالەکە دایەوە زریکەو بێدەنگ نەبو هەتا شین هەلگەڕا، ئالتون وەستاو بەدەم گریانەوە هاواری ئەکرد

- فریام کەون، فریام کەون، ئاخر من چی بکەم؟!.

ئەوە دەشتە کاول بوە هەتا چاوبڕبکات نە دوکەڵێك دیاربو نەئاگرێك، بەهەر چوار لادا ئەیڕوانی، چاوی لەسەر شتێك نە ئەگیرسایەوە.. دەشت بێ سنورو... ئاسمان بێ سنور.. شتێك نابینێت، پەڵە هەورێکی سپی بچکۆلە نەبێت کە بە هێمنیی بەسەرسەریەوە ئەگەڕێت...

منالەکە بەدەم گریانەوە لە برسا خۆی لول ئەدا، ئالتونیش ئەپاڕایەوەو وڕێنەی ئەکرد:

- دەچێت لێبکەم، کلۆڵی سەرەخۆرە؟ تۆ هێشتا حەوت ڕۆژنیەلەدایك بویت، تۆ بۆ ئەم نەگبەتیە هاتیتە دنیاوە.. چیت بدەمێ، بێ دایك و

باوك؟چاوت لێ نیە هیچ شتێکمان لە دەورنیە، من و تۆ بەتەنیاین لەم دنیایەدا، تەنیا من و تۆی بەستەزمان و ئەم تۆزە هەورە سپیە بەئاسمانەوە..هەتا چۆلەکەیەك بەم ئاسمانە بەرینەدا نافڕێت، هەورێکی سپی ئەگەڕێت و هیچی تر... بۆ کوێ بچین؟ چیت دەرخوارد بدەم؟ بەجێیان هێشتین، فڕێیان داین، دایکو باوکتیان کوشت و کردیانن بە ژێرخۆڵەوە، خەڵك جەنگی بۆچییە؟ بۆچی هێزێك بەتەپڵ و ئاڵاوە پەلاماری هێزێکی تر ئەدات؟ ئەو خەڵکە زاڵمە بەدوای چیدا و ێڵن.. ئەی خۆیان بۆکوێ ئەچن، ئەی بچکۆلە؟..

ئاڵتون دەستی کردەوە بەڕاکردن بە دەشتەکەداو توند مناڵەکەی ئەنا بەسنگیەوە، ڕای ئەکردەوە هەر بۆ ئەوەی نەوەستێ، هەر بۆ ئەوەی شتێك بکات، بۆ ئەوەی لە سوێی ئەم مەرگەساتە بەزیندویی شەق نەبات... بەلاّم مناڵەکە هیچی نە ئەزانی، ئەگریاو هەنسکی ئەدا، ئەو ئەوەندەی ئەزانی شیری ئەوێت، شیری گەرمی دایك.

ئاڵتون بەبێ دەسەلاّتیی لەسەربەردێك دانیشت، بەدەم گریانەوە یەخەی کراسەکەی دڕیو مەمکی خۆی نایە دەمی مناڵەکە، ئەو مەمکە پیرو چرچانەی کە پێشتر مناڵیان بەخۆیانەوە نەدیوە.

ـ ها، بگرە، بۆ ئەوەی دڵنیابیت، ئەگەر شیرم تیابوایە نەمئەدایتێ نۆشی کەیت؟! ئەی بێ دەرەتان! بەڵکو بڕوابکەیت و ئیتر ئەوەندە ئازارم نەدەیت، نازانم بڵێم چی، خۆتۆ لێم تێناگەیت، من قسە لەگەڵ کێ ئەکەم!. مەمکی وشك چی لێ ئەکەیت! ئۆف نیبۆ، ئەم سزایە چیە منی پێ سزا ئەدەیت.

هەر ئەوەنـدە مەمكەكە گەیشـتە دەمـی منالّەكـە یەكسـەر بێـدەنگ بـو، دەسـتی كـرد بەمـژینی و هـەمو توانـای خـۆی خسـتەگەڕ بـۆ ئـەم خێـرە چاوەڕوان كـراوە، لێوەكـانی ئەنوقانـد و ئـەكردەوەو چـاوەكانی لـە خۆشـیدا ئەبریسكانەوە.

ـ باشە؟ ئالّتون بەگلـەیی و شـەكەتیەوە بـە منالّەكـەی وت- بـڕوات كـرد؟ ئێسـتا ئـەزانیت تـەڕایی نایەتـە دەمـت و لـەپڕ ئەدەیتـەوە گریـان و زریكـە، لەوجا خراپتر، ئەتوانم لەم دەشتە وێرانـە خاكـەدا چیت بـۆ بكـەم؟ ئێسـتا ئەلّێیت: ئەمخەلّەتێنێت، كـێ بڕوائـەكات مـن تـۆ بخەلّـەتێنم؟ هـەمو ژیـانم بەكۆیلەیەتی بەسەربردوە بـەلاّم هـەرگیز كەسـم نەخەلّەتانـدوە، كـە منـالّ بوم دایكم ئەیوت لە هۆزەكـەی ئێمـەدا لەچـین كەسـی تیانیـە یـەكێكی تـری خەلّەتانـدبێت، ئێسـتا تۆزێـك هێـور ئەبیتـەوەو دوایـی ڕاسـتیە تالّەكـە تێئەگەیت.

ئالّتون بەم جۆرە قسەی لەگەلّ خۆی و منالّەكـەدا ئـەكردو خـۆی ئامـادە ئەكرد بۆ تەسلیم بون بە چارەنوسی چاوەڕوان كراویان.

بەلاّم سەیری لێهات منالّەكە نایـەوێت مەمكـە وشـكەكە بەربـدات بـەلّكو بەپێچەوانەوە... زیاتر قومی لێئـەداو لـە خۆشـیدا دەم و چـاوە بچكۆلەكەی زیاتر ئەگەشێتەوە...

ئالّتون بە ئەسپایی گۆی مەمكەكەی لە دەمی كۆرپەكە دەرهێنـا، ئینجـا بێدەنگ هەناسەیەكی هەلّكێشا كەبینی شیرێكی سپی لێ دێت، لە حەپەسـان و سەرسوڕماندا خستیەوە دەمـی منالّەكـە، دیسـانەوە دەری كێشـایەوە، بـۆ ئەوەی جارێكی تر شیرەكە ببینێتەوە، شیری تیایە!! لەو كاتەدا هەستی كرد بە ئاشكرا لێشاوێكی گەورەی هێز بەهەمو گیانیدا ئەگەڕێ.

ـ ئۆی خوایە- ئالْتون بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت هاواری کرد- شیرم تیایە؟!! شیری ڕاستەقینە، گوێت لێیە بەبە؟ ئیتر ئەبم بەدایکت، تۆ ئیتر نامرێت، پەروەردگار بەهانامانەوە هات ، منالْە لێقەوماوەکە، ئا، کۆنان، دایك و باوکت تۆ بخەنەوە و لەسەر تۆ لە قەنارەبدرێن، ئەی فریشتە سوپاسی ئەو هێزە بکە ئەم موعجیزەیەی هێنایە دی- من شیرم تێبێت لەبەرتۆ...

ئالْتون لەسەرسامیی ئەوەی ڕویدا بێدەنگ بو، هەستی بەگەرمایەکی زۆرئەکرد، چەند دلۆپە عارەقێك لە ناوچەوانی تکان، ئالْتون کە سەیری چواردەوری خۆی ئەکردو لەو بۆشاییە بێکۆتاییەی ئەڕوانی هیچ شتێکی نەئەدی، مرۆڤێك یان گیانلەبەرێکی نەئەدی، هیچی نەدی ڕۆژنەبێت وەکو ئاگر ئەگرێت و پەڵەیەك هەوری سپی تەنیا بەسەرسەریەوە لەگەڵیدا ئەخولێتەوە .

منالْەکە تێرشیربو، و خەوی لێکەوت، لەشی شل بو، و بەسەر بالْیدا نوشتایەوە، هەناسەی ڕێك وپێك تر هاتوچۆی ئەکرد، ژنەکەش هەموشتێکی لەبیرچوەوە، هەرچی چەشتبو، و بەسەر هاتبو، حەسایەوە، خۆی دایە دەست ئەو خۆشیەی کە هەرگیز لەوەوپێش بە خۆیەوە نەدیوە، ئەو خۆشیەی کە دایکەو منالْی بەبەرەوەیەو شیری ئەداتێ، بەوە هەولْی ئەدا خۆی لە گرمەگرمی دوبولْباس ڕزگاربکات کە هێشتا لە گوێیدا ئەزرنگایەوە.

لەگەڵ چێژو خۆشیەکەدا ڕۆیشت و بۆی دەرکەوت ئەوە یەکگرتنێکی پیرۆزە لە نێوان زەوی و ئاسمان و شیردا....

لەم كاتانەدا ڕۆیشتن بەردەوام بو... لەشكرە بیابانیە مەزنەكە بەو جۆرەی فەرمانی پێكرابو بەرەو خۆرئاوا ئەكشا، بەسەركردایەتی داگیركەری جیهان، بەهەمو پێكهاتەو كاروان و كەرتەكانیەوە...

جەنگیزخان بەسەر ئەسپە بەوەفاكەیەوە كە نە كول ئەبو نەهیلاك ئەبو، ئەو ئەسپە تۆوەی كە ڕەنگی وەكو چارەنوسی بەڵەك بو- یاڵێكی سپی و كلكێكی ڕەش، بەرەو پێشەوە ئەڕۆیشت، لەدەوری پاسەوان و دەست و پێوەندەكانی و لە پێشەنگیشەوە كۆمەڵێك هەڵگری ئاڵای شەكاوە كە بە ئەژدیها نەخشێنرابون، بڵێسەی ئاگریان لە دەمیانەوە فڕێ ئەدا.

زەوی لە ژێر سمی ئەو هەمو ئەسپەدا ئەیناڵاندو خۆی دەرئەكێشاو پاشەكشەی ئەكرد، زەوی بەرەو دواوە ڕایئەكرد، بەڵام كەمی نەئەكرد، هەتا ئەهات زیاتری ئەكردو ئەوسەری دورئەكەوتەوە و ڕوبەرەكەی فراوانتر و بەرین تر ئەبو و بەرەو ئاسۆی بێكۆتایی درێژئەبوەوە، نە ئەم سەری هەبو نە ئەو سەر، خان بۆخۆی بە بەراورد لەگەڵ مەزنی و بێ سنوری زەویدا تەنیا گەردیلەیەك لم بو ئەیویست هەموشتێك هی ئەوبێت، ئەوەی ئەبینرێت و ئەوەی نابینرێت. حاكمی هەر چوارقوڕنەكەی دنیایە، بۆیە پەلاماری جیهانی دابو، و سەركردایەتی ئەم ئۆردوەی ئەكرد...

خاقان وشك و نەدو بو، وەك ئەبوایە وابوایە، بەڵام كەس نەیئەتوانی بۆی بچێت لە قوڵایی ناخی خۆیدا بیر لەچی ئەكاتەوە... كەسیش هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نە ئەهات كە هەرگیزاو هەرگیز چاوەڕوان نەكراوە، كەچی ڕویدا- كاتێك خاقان سەری ئەسپەكەی وەرگێڕاو ئاوزەنگی لێداو بەرەو دوا هەڵی كردە غار، ئەوەندە خێرابو ئەوانەی لە دوایەوە بەرەو خۆرئاوا ئەڕۆیشتن بە حاڵ خۆیان بۆ لا ئەدرا ڕێگاكەی بۆچۆڵ بكەن و

خۆیـان پیانـەدا، خاقـان بەشـڵەژاویەوە بـێ سـود بـە ئاسمانـدا ئـەیڕوانی، دەستە لەرزۆکەکەی کردبو بەسێبەر بۆ چاوی.

نـەخێر، پەڵـە هەورەسـپیەکە نـە بـەجێماوە و نـە لـە ڕێگا دواکـەوتوە، بەڵکو هەر نەماوە، نەلە پێشیەوەو نەلە دوایەوە دیارنەماوە...

پەڵـە هەورەسـپیەکەی بـێ ئـەوەی دوابکـەوێت بەدرێـژی ڕێگا چـەتری سەری بو... تیاچو و دیار نەما، جارێکی تر دەرنەکەوتەوە، نە ئەو ڕۆژە و نەڕۆژی دوایی و نە دە ڕۆژی تر، هەورەکە وازی لە خاقان هێنا... هەورەکە پشتی کردە خان.

جەنگیزخان کاتێك گەیشتە دەریای ئیتیـل تێگەیشت نیبـۆ و ئاسمـان ڕویـان لێ وەرگێـڕا و ناتوانێـت لـەوە زیـاتر بـڕوات... نـە پەڕییـەوە و لـەوە زیاتر پێشڕەویی نـەکرد. کوڕەکـانی و نـەوەکانی نـارد ئـەورووپا داگیر بکـەن، خۆی گەڕایەوە بۆ ئوردوس بۆ ئەوەی لەوێ بمرێت و لەشوێنێکدا بنێـژرێت کەس نەیزانێت..

***

شەمەندەفەرەکان لەم ناوچەیەدا لـە خۆرئـاواوە بـەرەو خۆرهـەڵات و لـە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا ئەڕۆیشتن...

لـە ناوەڕاسـتی شـوباتی1953دا لـەناو شـەمەندەفەرەکانی گواسـتنەوەی ڕێبوارانـدا کـە بـە دەشـتی سارۆزیکیدا لـە خـۆر هەڵاتـەوە بـەرەو خۆرئـاوا ئەڕۆیشتن، شەمەندە فەرێك کە فارگۆنێکی زیادەی لە پێشـەوە لێ بەسـترابو ئەڕۆیشـت، ئـەم فارگۆنـە بـێ ژمارەیـە راسـتەوخۆ بەسـترابو لـە فـارگۆنی کەلوپەل بارکردنەکە، دیوی دەرەوەی هیچی وای پێوەنەبو لـە فارگۆنـەکانی

تری جیابکاتـەوە، ئەمـە، تـەنیا، لـەدیوی دەرەوە، وابـو، بـەڵام لـەناوەوە- بەشێکی ئەم فارگۆنە تایبەتیە، نوسینگەی پۆستەبو، نیوەکەی تریشی کە بەتەواوی لە نوسینگەی پۆستەکە دابڕابو، ژورێکی زیندانکردنی گەڕۆك بو بۆلێکۆڵینـەوە، تایبـەت بـو بـە گواسـتنەوەی ئـەو تاوانبارانـەی بایـەخێکی تایبەتیان هەبو لای دەزگاکانی ئاسایشی دەوڵەت، ئـەبو تالیـب کوتیبـایڤیش بە گوێرەی ئەو کێشەیەی کە یەکێك لە لێکۆڵـەرە گـەورەکان- تەنسـیقبایڤ-، لە یـەکێك لـە ژورەکـانی عەمـەلیاتی ئاسایشـی دەوڵـەت لـە کازاخسـتان بـۆی داڕشتبو، یەکێك بو لەوانە.

ئێستا ئەوە ئەبوتالیبی تیایـە، کـە لەگـەڵ خـودی تانسیقبایڤدا لـە ژێـر پاسەوانیی کردنێکی توندا، ئەیگوێزنەوەو شارانی ئەگێڕن بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی تردا ڕو بەڕوی بکەنەوە.

تانسـیقبایڤ سـەلماندی کەمانـدو نابێـت و وازناهێنێـت لـە هەوڵـدان بـۆ گەیشتن بەو ئامانجەی دیـاریکردوە- بۆیـە بـەدەم ڕێگاشـەوە لـە لێکۆڵینـەوە بەردەوام بو، ئەرکی تانسیقبایڤ ئەوەیە ئەو تۆڕە تێکـدەرە بدۆزێتـەوە کـە دەزگا تایبەتیەکانی دوژمن دروسـتی کـردوە لـەو کەسـانەی لـە بـارودۆخێکی گوماناویـدا لـە دیلێتـی لـە ئـەڵمانیا ڕایـانکردبو، و گەیشـتبونە یۆسـلاڤیا و پەیوەنـــدی ڕاســـتەوخۆیان دروســـتکردبو، نـــەك تـــەنیا لەگـــەڵ لادەرە یۆگۆسلاڤیەکاندا، بەڵکو لەگەڵ ئیستخباراتی ئینگلیزیشـدا دەسـتیان تێکـەڵ کردبـو، و شـانە شـانە ئـەو تـۆڕە هەڵبوەشـێنێت، ئـەبێت دوژمنـەکانی دەسـەڵاتی سـۆڤیەتی بدۆزرێنـەوە، کـە بـەکریّ گـیراون و بـۆ ماوەیـەك توانیویانـە خۆیـان بشـارنەوە، ئـەویش لـە ڕێگـای لێکۆڵینـەوەی چـڕوپڕو بـەراوردکردنی قسـەکانیان و بەڵگـە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆکان، لـە

هەموشیان گرنگتر- لە ڕێگای دەستکەوتنی شای بەڵگەکانەوە کە ئیعتیراف کردنی گومانلێکراوەکانە بە تاوانەکانیان و پەشیمان بونەوە لەوەی کردویانە.

هەمو ئەمانە هاتبونەدی- ئەبوتالیب کۆتیبایف لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ناوی نزیکەی دەکەسی لە دیلەکۆنەکان بیرکەوتبوەوە کە لە یۆگۆسلاڤیاوە جەنگابونەوە. هەر لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتبو زۆربەیان هێشتا لە ژیاندان و لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا ئەژین، ئەوانەش گیرابون و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، ناوی چەند کەسێکی تری وتبو ، کەلیستی ناوی خیانەتکارەکانی یۆگۆسلاڤیای فراوانترکردبو.

بەکورتی- کێشەکە خوێنی تێگەڕاو چوە قۆناغێکی جدیەوە، بە هاندان و دەست خۆشکەریی سەرکردایەتی باڵا کە پشتگیریی لەو بیرۆکەیە ئەکرد، خۆپاراستن و دۆزینەوەی ڕاوکەی بێگانە هیچ کاتێك نابەجێ نیە، لە حاڵەتی سەرکەوتنی ئەم کێشەیەدا لە سایەی دوبەرەکیی نێودەوڵەتی داگیرساوی نێوان حیزبی شیوعی و یۆگۆسلاڤیادا و لەسایەی بڕیاری ستالین بە بێبەریی کردنی تیتۆ لە پەیڕەوانی ئەو ئایدۆلۆجیایە، کێشەیەکی بەپیت ئەبێت و قازانجی باشی لێئەکەوێتەوە و(بەروبومێکی) باشی ئەبێت، نەك بە تەنیا بۆ ڕائید تانسیقبایڤی خاوەنی کێشەکە بەڵکو بۆ زۆر لە دۆستان و برادەرانی لە شارەکانی تر، ئەوانەی بۆ هەمان ئامانج بایەخێکی تەواویان بەو مەسەلەیە ئەدا- هەمو ئەیانویست بەسود وەرگرتن لە مەسەلەکە پلەیان بەرز بکرێتەوەو گیرفان پڕبکەن، لەبەرئەوە هەماهەنگی و بیرۆڕا گۆڕینەوەیان لە نێواندا بو، بەهەرحاڵ، ئەو ئەفسەرانە دابەش بوبون بەسەر شار و شارۆچکەکانی وەك چکالۆڤ(ئۆرینبورگی کۆن) و

کۆیبیشۆڤ و سارانۆڤ، ئەو شارۆچکانەی کە ئەبو تالیب کۆتیبایڤیان بۆ ئەبرد لە پێناوی ڕو بەڕوکردنەوەو لە یەکدانی لێکۆڵینەوەکان، لەم شارانەدا زۆر بەگەرمیی چاوەڕوانی هاتنی تانسیقبایڤیان ئەکرد.

تانسیقبایف کاتی بەفیرۆ نەئەدا، حەزی لەکاری خێراو چڕوپڕ بو، ئەوەشی بەسەردا تێپەڕنەبو بو، گواستنەوە لە شوێنی گرتنەوە چی کاریگەریەکی لەسەر بەندکراوەکە هەیە، کاتێك بەخەفەت و دڵتەنگیەوە لەشیشەکانی پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە سەیری ئەو شارانە ئەکات کە بەخێرایی شەمەندەفەرە کە ئەدات بەلایانـدا. تانسیقبایف ئەیزانی کۆتیبایف لە ناخی خۆیدا چی ئازارێك ئەچێژێت، لەبەر ئەوە هەوڵی ئەدا، چەند بۆی بکرێت، بەزمانێك کە جێی متمانە بێت، وای تێبگەیەنێت، ئەم- وەکو لێکۆڵەرێك- نایەوێت توشی هیچ زیانێك بێت، چونکە تاوانەکەی کۆتیبایف- وەکو ئەم بۆی ئەچێت- تاوانێکی قورس نیە، چونکە ئاشکرایە، بێگومان، ئەو کەسەی بەرپرسی یەکەمە لەو تۆڕەی بەکرێگیراوان کە دەزگا تایبەتیەکانی دوژمن بۆ کاتی پێویست ڕایەڵیان کردوە لەولاتدا، ئەم نیە، ئەبو تالیب کۆتیبایف نیەو ئەگەر کۆتیبایف هاوکاری لێکۆڵینەوە بکات خائینە سەرەکیەکە بدۆزنەوە، لەوەش گرنگتر، ئەگەر دەستنیشانی بکات و بەڵگەی حاشا هەڵنەگری لەسەر پێشکەش بکات لەکاتی ڕو بەڕوبونەوەکاندا، ئەتوانێت تاوانەکانی سەرشانی سوك بکات، بەڵکو ئەوەندەی سوك بکات پێنج ساڵ یان حەوت ساڵ زیاتر نەبات بگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵی، بەهەرحاڵ، ئەگەر هاوکاری بکات لێکۆڵینەوەکان بابەتیانە ئەنجام بدرێن، توندترین سزا- کە ئیعدامە، لە خۆی دورئەخاتەوە، بەپێچەوانەشەوە تا زیاتر خۆی گێل بکات و مەسەلەکە بشێوێنێت و ڕاستیەکان ئاوەژوبکات و

عینادی لەگەڵ دام و دەزگاکانی تەمێکردنـدا بکات، سـەرەنجامەکە لەسـەر خـۆی فورسـتر ئـەکات و خێزانەکـەی سـەرگەردانتر ئەکات، دوریـش نیـە لەدادگاییـەکی داخـراودا تاوانبـاری بکـەن کەبـەر پرسـی یەکـەم، ئـەوە... هەنگاوێکی سەرکەوتوی تر، لە پیلانەکەی تانسیقبایف، ئەوەبو وا لەگیراوە کە بگەیەنێت، ئەگەر هاوکاریی بکات ئەو حیکایەتانەی سارۆزیکی کە نوسیویەتی، بە تایبەتی(داستانی تالآنکراوکە) و(ئیعدامێك لە سارۆزیك) هاوپێچی دۆسیەی کێشەکە ناکرێت، بەلآم ئەگەر ئەبوتالیب هاوکاریی نەکات، ئەوا تانسیقبایف خۆی پێشنیارئەکات بۆ دادگا ئەو تێکستانەی ئەبو تالیب نوسیونی وەکو پڕوپاگەندەیەکی نەتەوەیی دەمارگیر سەیربکرێت، کە بەحیکایەتی کۆن و فۆلکلۆر پەردەپۆشکراون، (داستانی تالآنکراوکە) بانگەوازێکی کۆنە بۆ ژیانەوەی زمانێکی کۆنی لە بیرکراوی باو وباپیران، کە کەس پێویستی پێی نیەو بەرهەڵستی کردنی یەکگرتنی گەلانە، و(ئیعدامێك لە سارۆزیك) تاوانبارکردنی دەسەڵاتی باڵای بەهێزە و تێکشکانی بنەمای زاڵکردنی بەرژەوەندی دەوڵەتە بەسەر بەرژەوەندی تاکدا و هاوسۆزییە لەگەڵ تاك پەرستیی بورجوازیانەی بۆگەنـدا و ناڕەزاییە بەرامبەر هێڵی یەکسانیی گشتی، واتە ناڕەزاییە بەرامبەر ملکەچکردنی کۆمەڵ بۆ ئامانجێکی یەکگرتو، ئەمەش بەدەرنیە لە هەڵوێست وەرگرتنی سلبیانە بەرامبەر سۆشیالیزم، ئاشکراشە هەر لادان و دەرچونێك لە بنەماکانی سۆشیالیزم سزاکەی توندوتیژ ئەبێت.. خۆڕایی نیە یەکێك گوڵە گەنمێك لە پەرێزی کۆمەڵگا بەبێ ڕێپێدان هەڵبگرێت دە ساڵ لە کەمپەکاندا زیندانی بکرێت، ئەی ئەوەی چەندان گوڵ لە خەرمانی ئایدۆلۆجیا هەڵبگرێت، حوکمی چیە؟! ئەم جۆرە لێکدانەوەیە وا لە دادگا

ئەکات بەگوێرەی مادەی یاسایی تر بیر لە تاوانبارکردنی زیاتر بکاتەوە. بۆ ئەوەی قەناعەتی زیاتر بە ئەبوتالیب بکات، تانسیقبایف چەند جارێك و بەدەنگی بەرز دەرهاویشتەو لێکدانەوە وردەکانی خۆی بۆ ڕوداوەکانی سارۆزیکی ئەدابەگوێیدا، کە لە خۆڕا نەبو- وەك هەمو جارێ دوپاتی ئەکردەوە- کە بو بە یەکەم گومان و هۆی گرتنی ئەبو تالیب و کردنەوەی دۆسیەی کێشەکە، ئەوا ڕۆژی دوەمەو شەمەندەفەرەکە هەر ئەڕوات، هەتا لە سارۆزیکی نزیکتر بوایەتەوە ئەبوتالیب زیاتر ئەشڵەژاو تێك ئەچو کاتێك لە پەنجەرە شیش بەندەکەوە ئەیڕوانیە ئەو ڕوبەرە فراوانە ئۆقرە نەگرتوە.

لەو سەعاتانەدا کەلێکۆڵینەوەیان تیانەبو دوای ئەو هەمو ئامۆژگاریە بە ئازارە و هەڕەشە تۆقێنەرانە، ئەبوتالیب، بەتەنیا لەگەڵ خودی خۆیدا ئەمایەوە، بە بەندکراوی لەژوری گلدانەوە ئاسنە گوللە نەبڕەکەیدا، ئەویش هەر زیندان بو بەتەواوی وەکو ژێر زەمینەکەی ئەڵما-ئەتا، پەنجەرەکانی ئێرەش وەکو ئەوانەی ئەوێ شیش بەندبون کە لەوان باریکترو نەرمترنەبون، لێرەش چاودێرێکی دڵڕەق لە کونی دەرگاکەوە سەیری ئەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەیان سەفەرەو شوێن گۆڕینە و، سەرەنجامیش لێرە ڕزگاری بو لەو تیشکە تیژە دڕندەیەی بە درێژایی ڕۆژ لە سەقفەکەوە ئەیدا لە چاوەکانی، لە هەمو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە تروسکەیەکی هیوای گیان پڕوکێن، کە هەر نەکوژابوەوە، جار بەجارێك ئەگەشێتەوەو جار بەجارێکیش خامۆش ئەبێت- ئەو هیوایەی کە ئەگەر بۆ چاوتروکاندنێکیش بێت مناڵەکانی و ژنەکەی لە خاڵی(بۆراناوا)ببینێت.

چونکە هەمو ئەم ماوەیە نەیتوانیوە نە نامەیەك نە هەواڵێکیان بۆ بنێرێت و نە تاکە دێڕێکی لەوانەوە پێگەیشتوە، ئەبوتالیب لەو کاتەوە بەئۆتۆمۆبێلێکی قەپاتی بەندیخانە گوێزایانەوە بۆ وێستگەیەکی دەوروبەری ئەلما- ئەتا و فڕێیان دایە ژورێکی ژێر چاودێریی لە فارگۆنێکی تایبەتی شەمەندەفەرەکەدا هەناوی بەم ئومێدو دڵە ڕاوکێیانە ئەکولا، هەر ئەوەندە بە ئاراستەی ڕێڕەوی شەمەندەفەرەکەدا زانی بەرەو سارۆزیکی ئەڕوات ناخی دەستی کرد بە گینگڵ و قوڵپدان: خۆزگە بەرچاوی ئەکەوتن، ئەگەر بۆ چاوتروکاندنێکیش بوایە، خۆزگە زەریفەو منداڵەکانی بدیایە و دوای ئەوە چی ئەبو بابوایە، بەلام بەمەرجێك چاوێکی پێیان بکەوتایە، بۆ یەك چرکە بیبینینایە... سۆز و ڕەحمی تا ئەو ڕاددەیە هەڵچوبو بواری هیچ بیرکردنەویەکی تری نەئەدا ئەوەندە نەبێت لە خوا ئەپاڕایەوە ئەو کاتەی بەخاڵی بۆراناوادا تێئەپەڕن ڕۆژبێت و نەکەوێتە شەو، بۆ ئەوەی دنیا تاریك نەبێت و شەمەندەفەرەکە کاتێك بە بنکەکەدا بڕوات زەریفەو منداڵەکان لەدەرەوەبن لەبەرچاوی و لە چاودێرگەکەدا نەبن.

تەنیا ئەوەندەی لە چارەنوس ئەویست، کەم و زۆر، بەلام ئەگەر بە ئاوەزەوە بیربکەینەوە، ئەوە چی لەسەرچارەنوس ئەکەوێت، کەشتەکانی بە ئارەزوی ئەم ڕیزبکات، ئا بەم جۆرە و بەجۆرێکی تر نا؟ بۆ زەریفە و منداڵەکان لەو کاتەدا لە دەرەوەنەبن، بامنداڵەکان یاری بکەن، و زەریفەش جل بدا بە تەنافەکەدا و جاربەجارێك ئاوڕ بداتەوە بۆ ئەو شەمەندەفەرانەی بەوێدا تێئەپەڕن، با منداڵەکان لە پڕ ڕاوەستن و سەیری پەنجەرەی شەمەندەفەرەکان بکەن، با ئەوە بێتەدی کە زۆرکەم دێتە دی، شەمەندەفەرەکە بۆ چەند دەقیقەیەك لەوێستگەکە بوەستێت- ئالێرەدا

گیانی ئەبوتالیب هاتە کوڵ و ئاواتی ئەخواست ئەم کامەرانیە بێتەدی، یان، باشتر وایە نەیەتەدی، چونکە بەرگەی ئەم تاقیکردنەوە سامناکەی نە ئەگرت، ئەمە بێتەدی ئەمرێت، جگەلەوەی بەزەیی بە مناڵەکانیشدا ئەهاتەوە- چی یان لێدێت ئەگەر باوکیان بە بەندکراوی لە پشت پەنجەرەشیش بەندەکەوە ببینن. ئەزانێ ئەیکەن بەچی قورپێوانێك؟!....

نا، باشتر وایە نەیبینن.....

بۆ ئەوەی خۆی بە هێزتر بکات، بۆ ئەوەی مێشکی چارەنوس بئاخنێ و قەناعەتی پێبکات بەزەیی پیایدابێتەوە، بۆ ئەوەی هەمو ئەو ئاواتانەی پەنگیان خواردبوەوە بێنەدی، کەوتبوە لێکدانەوەو خەملاندن، بەلەبەرچاوگرتنی هێماکانی هێڵە ئاسنەکەو وێستگەکانی سەری، هەمو ئەگەرە جیاوازەکانی ئاراستەی شەمەندەفەرەکەی لێك ئەدایەوە، گرنگ دیاریکردنی ئەو کاتەیە بە خاڵی بۆراناوادا ڕەت ئەبن، بەلاّم گومان و دڵەڕاوکێ بەرۆکیان بەرنەئەدا، هەتا ئەو کاتانەش کە حسابەکان بە دڵی ئەم بون.

ئەمە شەمەندەفەرە! دوائەکەوێت و بەرنامەی گەشتەکەی تێك ئەچێت و لەوکاتەدا ناگاتە ئەویّ!!. زۆرجار لەوکاتانەدا بەفرێکی زۆرئەباریت، ئەمە ڕوئەدات، لەوەش دڵشکێنتر ئەوەیە شەمەندەفەرەکە بەشەو بە خاڵەکەدا بڕوات، کاتێك زەریفە و منالەکان نوستون و پێشبینی ئەوەناکەن باوکیان چەند مەترێك دور لەماڵەکەیانەوە بەلایاندا سەفەرئەکات. نەئەکرا پێشبینی ئەم ئەگەرە نەکات، لەبەرئەوە ژانەکانی ئەبو تالیب زیاتربون و هەستی بەلاوازیی و بێدەسەلاّتی تەواوی خۆی کرد کە هەمو جەمسەرەکان بەستراون بەرێکەوتێکی ڕەهاوە...

شتێکی تر کە ئەبوتالیب زۆر لێی ئەترساو ئەپاڕایەوە ڕونەدات، ئەوەبو لێکۆڵەرە چاو هەڵۆکە لەو کاتەدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکات کە بەخاڵی بۆ راناوادا ئەڕۆن.

چەندین کۆسپ و مەترسیی بە شێوەیەکی ڤێزەون ئەبونە هۆی ئەوەی ئارەزوە ڕاستگۆکانی مرۆڤێك نەیەنەدی، کە هیچی ناوێت ئەوە نەبێت چاوێکی بەماڵ و مناڵەکەی بکەوێت- ئەوە نرخی زەوتکردنی سەربەستیە، هیچ شتێك نەبو دڵی خۆی پێخۆش بکات و ئومێدی لادروست بکات کە ئاواتەکەی دێتەدی ئەوە نەبێت پەنجەرەی شەمەندەفەرەکە ئەکەوتەلای ڕاستەوە، واتە بەسەر ئەولایەدا ئەیڕوانی کە خاڵی ئەو چاودێرگەیەی تیایە ماڵ و مناڵەکەی ئەمی تیا ئەژی لە دەشتی بۆراناوا.

ئەم هەمو بیرکردنەوانە، ئەم هەمو ترس و گومانە، ئەبوتالیبیان ڕائەکێشا بۆ گێژەنی موعانات و چارەنوسی خۆیان لەبیر ئەبردەوە، بەتەواوی لە گێژاوی پێشبینیە نا بەدڵەکاندا ون بو بو، ئیتر بیری لە خۆی نە ئەکردەوە، نەیئەویست بچێتە قوڵایی ئەوەی چی بەسەردێت، هیچ حسابێکی بۆ هەڕەشەکانی ئەو تۆمەتە شەیتانیانە نەئەکرد کە بەرەو ڕوی کرابونەوەو لەلایەن تانسیقبایڤەوە بەسەریدا سەپێنرابون و بەردەوام داوای لێئەکرد کە دانیان پیابنێت بۆ ئەوەی بەوپەڕی بێ ئابڕویی و نامرۆییەوە بگاتە ئامانجە داڕێژراوەکەی — ئاشکراکردنی تۆڕێکی بەکرێگیراوی دوژمن- کە هەر خۆی چنیبوی- کە گوایە لە ساڵانی جەنگەوە هەیە و ئەم هەوڵ ئەدات بیدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە ناوی ببات و ئاسایشی دەوڵەت بپارێزێت.

تانسیقبایڤ کە نە لە خواو نە لەشەیتان ئەترسا، حسابی بۆ هەمو شتێك کردبو و هەر لە سەرەتاوە بڕیاری خۆی دابو، وەکو خوا و

شـەیتانیش، تـەنیا جێبـەجێکردن مـابو، بـەم لێکدانـەوەو بڕیارانـەوە سەفەری ئەکردو ئەبوتالیب کۆتیبایڤی لە فارگۆنی زینداندا ئەگواستەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ خـەڵکی تـردا ڕو بـەڕویان بکاتـەوە و دوایـن خـاڵ بخاتـە سەردواین پیت.

ئەبوتالیب داوای هیچی لە خوا نەئەکرد یەك شت نـەبێت، هـیچ شـتێك نەبێتـە ڕێگـر کوڕەکـانی ئیرمیـك و داوڵ لـە پەنجـەرەی شـەمەندەفەرەکەوە ببینێت ئەگەر بۆ هەناسەیەکیش بێت و بۆ دواجار بـۆ هـەتا هەتایـە چاوی بە زەریفەبکەوێت، لەوە زیاتر هیچی لـە ژیـان نەئەویست، تێگەیشت لـەو ڕۆژەوەی لــەدایکبوە ئــەوە لەنێوچــەوانی نوســراوە و ئــەو چرکەســاتە بەختیاریە دواچرکەساتی بەختیاریی ئەبێت لە ژیانیداو ئـیتر هـەتا هەتایـە جـارێکی تـر ناگەڕێتـەوە نـاو خێزانەکـەی، لـە بەرئـەوەی ئـەو تۆمەتـەی تانسیقبایف بـۆی هەڵبەسـتوە- بـەم بـێ دەسـەڵاتی و مـاف پێشـێلکراویە کـە هاوتای بێ دەسەڵاتی و ماف پێشێلکراوی تانسیقبایڤە لەبەردەم دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەردا هیچی لێ بەدی ناکرێت، مردن نەبێت، مردن لە کەمپەکاندا.

ئەبو تالیب گەیشتە دەرئـەنجامێك کـە دەربازگـەی نیـە: ئـەم نێچیرێکە کەوتۆتـە دەسـت تانسـیقبایف و ئـەویش برغویەکـە لـە سیسـتمێکی تـەمێ کردنــی تونــد دژی ئــەو دوژمنانــەی خــەون بــەڕاگرتنی بزوتنــەوەی سۆشیالیسـتی جیهانیـەوە ئـەبینن، و ئەبنـە کۆسـپ و تەگـەرە لـە ڕێگـای سەرکەوتنی شیوعیەت لەسەر زەوی، ئەو سیستمی تەمێکردنەی کـە لەگـەڵ بێهۆدەییدا ئەبێت بەردەوام هێزو توانای خۆی نوێ بکاتەوە.

ئەم مامەڵە سیحریە، ڕو بەڕوی هەر کەسێك بکرێت، هـیچ ڕێگایـەکی پەشـیمان بونـەوەی نیـە و کۆتـایی نایـەت بـە یـەکێك لـەم سـزایانە نـەبێت:

گوللـه بـارانکردن یـان بێبـەری کـردن لەسەربەسـتی مـاوەی بیسـت سـاڵ، پانزەسـاڵ یـان دەسـاڵ، ئـیتر کۆتـایی تـری بـۆ دانـەنراوە، نێچـیرەکەو تەمێکارەکـە- هـەردوکیان بـە هـەمان پلـە تێگەیشـتون، ئـەم شـێوازە، کـە دەسـتی کـرد بـەکارکردن، نـەك هـەر ئەوەنـدە ئەبێتـە پاسـاو بـۆ ڕەفتـاری تەمێکارەکـە، بـەڵکو- لـەوەش زیـاتر- ناچـاری ئـەکات پەنابباتـە بەرهـەر هۆکارێك بۆ ڕیشەکێش کردنی دوژمـن، توشـکراوەکەش، کە وەك قوربـانی خراوەتە بەرچەپۆکی دڕندەی دادگای خوێناوی، ناچارئەکات ئەو حوکمـەی ئـەدرێت بەسـەریدا قبـوڵی بکـات و بـەڕەوای بزانێـت چـونکە ئـەرکێکی نیشتمانیە، ئەبێ جێبەجێ بکرێت.

ئەمەیە کەڕویداوە و ڕوئەداتەوە.

شـــەمەندەفەرەکە بەدەشـــتی ســـارۆزیکدا ئـــەڕوات و پێچـــکەکانی ئەخولێنـــەوە، تانسـیقبایڤ و نێچـیرەکەی هـــەردوکیان لـــە فارگۆنێکـــدا سـەفەرئەکەن بـۆ ئـەوەی هەریەکـەیان لـە شـوێنی خۆیـەوە و بەشـێوەیەکی هاوبـــەش خزمـــەتێکی کارگـــەران بکـــەن، دۆزینـــەوەی تـــۆڕی دوژمنـــە ئایدۆلۆجیـە شـاراوەکان، چونکە بـەبێ ئـەو سۆشـیالیزم خـۆی ڕاناگرێـت و هەڵئەوەشێت و لە مێشکی جەماوەردا ئەسرێتەوە، لە بەرئەوە پێویست بـو هەمیشە لە بەربەرەکانیدا بیت لەگەڵ یەکێکیاندا و هەندێکیان بدۆزێتەوەو لەناویان بەریت...

شـەمەندەفەرەکە هەرئـەڕوات، ئـەبوتالیب لەبەرئـەوەی نەیئـەتوانی بەهیچ جۆرێك چارەنوسی خۆی بگۆڕێت، بەناچاری تەسلیمی چارەنوسـی شومی خۆی بو، چونکە بەشەڕێکی ئەزانی گەڕانەوەی نەبو، ئێستا کرۆکـی ئەوەی ڕوی ئەدا ئەوەندە بەبێ دەسەڵاتی و بێزاریەوە قبوڵی ئەکرد هاوشـان

بو لەگەڵ ئاستی ئەو لاوازی و ملکەچیەی لە سەرەتادا بەرگریی پێ ئەکرد، ئێستا وردە وردە قەناعەتی زیاتری ئەکرد ئەگەر بۆی بلوێ جارێکی تریش لەم دنیایەدا لەدایك بێتەوە هەر ناتوانێت خۆی لە کەوتنە بەر شاڵاوی ئەو هێزە نائینسانیە نادیارە بپارێزێت کە لە پشت تانسیقبایڤەوەیە، قەناعەتی هێنا ئەو هێزە لە جەنگ کوشندەترە و لەدیلیی وەڕسکەرترە، چونکە ئەوە جەنگێکە ماوەی دیاریکراوی نیە، شەڕێکە لەوانەیە، لەو کاتەوە دنیا دروست بوە بەردەوام بێت، لەوانەیە ئەبوتالیب کۆتیبایڤی مامۆستای سەرەتایی یەکێك بێت لە ڕەگەزی مرۆڤ کە نرخی ئەوە ئەدەن شەیتان بەدەستە پاچەیی- بەهۆی تەمەڵیەوە- لە سوچێکدا خۆی مت کرد، تا مرۆڤ لەسەر زەوی دروست بو، ئەو مرۆڤەی کە تاکە بونەوەرە بەتەنیا لە ناو هەمو بونەوەرەکانی زەویدا لەگەڵ شەیتاندا گونجاو ڕۆژ لەدوای ڕۆژو سەدە لە دوای سەدە تۆوی سەرکەوتنی شەڕ لەسەر زەوی ئەچێنن، تانیسقبایڤ بەم مانایە بەلای ئەبوتالیبەوە هەر لەسەرەتاوە هەموسیفاتەکانی شەیتانی تیابو، لەبەر ئەوە ئەوەتا لەیەك شەمەندەفەردا و لەیەك فارگۆنی تایبەتیدا لە پێناوی یەك مەسەلەی زۆر بەبایەخدا بەیەکەوە سەفەرئەکەن.

کاتێك هاوڕێکانی تانسیقبایڤ لەسەر ئاستی ناوخۆ پێشوازیان لێ ئەکرد، لە خۆشەویستیدا بێت یان نابەدڵ، جۆرەها کەل و پەلی سەفەر و خواردنەوەیان پێشکەش ئەکرد، بۆ ئەوەی خۆیانی لێ نزیك بکەنەوە، ئەبوتالیب ئەمەی پێخۆش بو- چونکە ماوەی جەللادەکەی بۆ لێکۆڵینەوە لەتەکیدا کەمترئەبوەوە، باچێژ لە ڕێگا کە وەربگرێت، لە وێستگەی قزڵ ئۆردا هاوڕێکانی تانسیقبایڤ پێشوازیەکی گەرمیان لێکرد، هاوڕێکانی هەر سینی بو سەریان ئەخست بۆ فارگۆنەکەی، هەڵمیان لێ هەڵئەستا و

بەدەسرۆکەی سپی داپۆشرابون، لە ڕاڕەوەکەدا، لەبەردەم دەرگاکەی ئەبو تالیبدا پاسەوانەکان ڕایانئەکردو داوەتەکانیان وەرئەگرت، یەکێکیان لەسەر سامیدا بەچپە وتی:"کازی کابیرگا! سەیری ئەوبۆنە! لەم شارەدا شتی وا دەست ناکەوێت، ئەمە گۆشتی دەشتە".

ئەو تالیب لە نێوان شیشەکانی کەلەبەری دەرگاکەیەوە چاوی لێ بو تانسیقبایف هاتەدەرەوە، پاڵتۆکەی دابو بەشانیدا، لەسەر شۆستەی وێستگەکە وەستا هاوڕێکانی ڕەوانەبکات، هەمویان بەشێوەی بازنەیەك وەستابون، وەکو هەڵبژێرابن، قەڵەو، کورتە باڵا، ناوشانپان، کڵاوی فەروی ئستراخان یان لەسەردابو، دەم و چاویان لوس و ڕومەتەکانیان سور، زەردەخەنە ئەیگرتن و دەستیان بە ئاماژەی گرنگ بە کار ئەهێناو بۆ پشتگیریی یەکتری ئەیاندایە قاقا، لەوانەیە نوکتەیەکی نوێیان بۆ یەکتری کردبێت- هاڵاو لەدەمیانەوە دەرئەچو تێکەڵ بەهەوا زوقماویەکە ئەبو، پاژنەکانیان، بێگومان، لەسەر بەفرە تەنکەکە بائەداو ئەیانپلیشانەوە.

میلیشیای وریا[♥]، نەیانئەهێشت کەس لێیان نزیك بێتەوە.

لەپێشی شەمەندەفەرەکەوە، تەنیشت فارگۆنە تایبەتیەکە، تاقمەکەی تانسیقبایف وەستابون، هەر خۆیان بون، دڵخۆش، دڵنیا، کامەران، هیچ کامێکیان هەرگیز ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبو نزیك ئەوان مرۆڤێك لە ژوری زینداندایە کە بەهەوڵی ئەوان گیراوە- نە دزە، نەدەستدرێژی ناموسی کردوە، نە پیاوکوژە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئینسانێکی شەریفە، ڕێکوپێکە، جەنگ ودیلیی ژیاوە، هیچ بیروباوەڕێکی تری نیە

[♥] (لە یەکێتی سۆڤیەت بەهێزی پۆلیسیان ئەوت میلیشیا — و.ع)

خۆشەویستیی ژن و منداڵەکەی نەبێت، مرۆڤێکە ئەم خۆشەویستیە بەمانای سەرەکیی ژیان ئەزانێت، بەڵام ئەم جۆرە مرۆڤە بۆ ئەوان پێویستە بۆ ئەوەی فرێی بدەنە ژێر زەمینێکەوە تا گەلی چەوساوە کامەران بژی..

دوای قزڵ ئۆردا ئەوناوچە خۆشانە دەرکەوتن کە شارەزایان بو، بەرەو ئێوارە ئەچو ڕوباری سیرداریا بە هێواشی پێچی ئەخواردو لە چاڵاییە بە بەفرداپۆشراوەکاندا ئەبریسکایەوە، لەپڕ لەگەڵ خۆرئاوابوندا، دەریای ئاراڵ لە ناوەڕاستی بەفری ئەو دەشتەدا دەرکەوت، لەسەرەتاوە جارێك هێڵە خوارەکانی قەرەم و قامیشەکان دەرئەکەوتن و جارێك کەنارەکانی ئاوەشینەکە و جارێکی تر دورگەیەك دەرئەکەوت کە ڕایئەگەیاند هەتا ئەوێ دەریایە، ئیتر ئەبوتالیب شەپۆلەکانی کەناری ئەدی هەتا لی تەڕی گوێی هێڵە ئاسنەکە ئەهاتن، سەرسوڕهێنەرە مرۆڤ لەیەك کاتدا بەفرو لم و بەردی کەنارو دەریای شین کە با ڕایئەژەنێت ، لەگەڵ برکەیەك حوشتری تاڵە لە نیوەدورگەیەکی بەردیندا ببینێت- ئەمە هەموی لە ژێر ئاسمانێکی بەرزدا کە پەڵە پەڵە هەوری سپی پیا دابەشکراوە.

ئەبوتالیب بیری کەوتەوە یەدیگای♥ هاوڕێی لەدایکبوی ناوچەی دەریای ئاراڵەو قازانگاب♥ لەرێی کرێکارەکانی شەمەندەفەری بارەوە لە ماسیگرەکانی ناسیاویەوە ماسی دەریای ئاراڵی بەدیاری پێئەگەیشت، کە زۆر حەزی لێی بو، دڵی گوشراو ئازار ئەوەندەی تر گینگڵی پێدا؛ بۆ ئەوەی بگاتە خاڵی بۆراناوا، زۆری نەماوە- هەر سەفەری ئەمشەوە، بەیانی نزیکی

---

♥

♥ ئەمە ئەو دوکەسەن کەدواتر ئەبن یەقارەمانی ڕۆمانی (ئەوڕۆژەی لەسەدەیەك زیاتر درێژە ئەکێشێت) ت.ع

سەعات دە یان تۆزێك درەنگتر شەمەندەفەرێكی نەفەرهەڵگر كە فارگونێكی تایبەت بە پێشیەوەیەتی ئەلورێنێت و ئەو زەویە لوش ئەدات ئەكەوێتە كە ناری ماڵە بچوكەكان كە رەشەبا رەونەقی نەهێشتون، بەپاڵ عەمار و تەویلەی حوشتر كە بە درکەزی و خرنوکە دەوریان گیراوە، تا لەچاو ون ئەبێت و بەخێرایی هێڵەكان بەجێ دێڵێت بچن بەگژیەكدا.

ئەو شەمەندەفەرانە زۆرن كە لە رۆژهەڵاتەوە بەرە و رۆژئاوا و لە رۆژئاواوە بەرە و رۆژهەڵات ئەرۆن، بەڵام بڵێی دڵی زەریفە خەبەربدات ئەو بەیانیە ئەبو تالیب لە یەكێكیاندایە بەرەو خۆرئاوا و بە بەردەمیاندا ئەڕوات؟! كە لە ژوری گرتنی فارگۆنێكی تایبەتدایە! یان منداڵەكان لە ناخی خۆیاندا هەست بەشێكی نامۆ و پەلكێشكەر بكەن ئالەوكاتەدا رایانبكێشێت سەرنجی هەموشەمەندەفەرەكان بدەن؟ ئەی پەروەردگار، بۆ ئەبێت خەڵك ناچاربن بەم شێوە نارەحەت و پر ئەشكەنجەیە بژین؟.

خۆری شوبات بەرەو ئاوابون ئەچو تا لەو دورە خامۆش بێ وبكوژێتەوە و ببێت بەهێڵێكی ئاگریی كاڵ كە زەوی لە ئاسمان جیائەكاتەوە، ئەوا ئێستا دنیا تاریك بو، شەو وردە وردە باڵ بەسەر زەویدا ئەكێشێت، لەئاسۆیەكی ئەنگۆرەیدا شتەكان بەخێرایی تێكەڵی یەك ئەبن، روناكیی ویستگەكان داگیرسان، شەمەندەفەرەكە ئەكشێ و خۆی لول ئەدا و خۆی ئەكات بەناو تاریكایی شەوی ئەو دەشتەدا... ئەبوتالیب لەتاو ئازار و ئەشكەنجە و بیركردنەوە چاوی لێك نەنا، دوای ئەوەی دەرگای ژورە گوللە نەبرەكەی لێ داخرابو، شوێنێكی بۆخۆی بۆ نەئەدۆزرایەوە، ئەم سوچ هەڵی ئەدا بۆ ئەو سوچ و ئەم قوژبن نەیئەگرتە خۆیی و ئەیگرتە قوژبنەكەی بەرانبەری، هەناسەی هەڵئەكێشاو، بێ ئەوەی پێویستی پێی بێت داوای

ئەکرد بیبەن بۆ سەر ئاو دەست تاپاسەوانەکەشی بێزارکرد، لە کاتێکدا دەرگاکەی بۆ ئەکردەوە چەند جارێك تێبینی دایە: ئەوەچیە کابرای گیراو، بۆجێ بەخۆت ناگریت؟ شتی وانابێت، بێدەنگ دانیشە .

بەلام ئەبوتالیب لەوە بێ دەسەلات تربو بتوانێت خۆی بێدەنگ بکات، لەبەر ئەوە بە تکاوە ڕویکردە پاسەوانەکە:

گوێم لێبگرە، پاسەوان، تکات لێ ئەکەم، شتێکم بدەرێ خەوم لێ بکەوێت، بەشەرەفم ئەگینا ئەمرم، ئێوە بەمردویی منتان بۆچیە؟ بەسەرۆکەکەت بڵێ، بەمردویی بەکەڵکی چی دێم؟ بەڕاستمە، ناتوانم بنوم.

شتێکی سەیربو پاسەوانەکە لە ژورەکەی تانسیقبایف دوحەبی ئارامبەخشی بۆ هێنا(ئەبوتالیب بەیانیی ڕۆژی دوایی زانی هۆی ئەو بەقسەکردنە چی بو)، دوای ئەوەی نیوەشەو حەبەکانی خوارد، وەنەوزی ئەدا بەلام نەیئەتوانی بنوێت، لە ژێرکاریگەریی تەقەتەقی پچڕپچڕی شەمەندەفەرەکەو هاژەی با لەدەرەوە، بەخەیاڵ، لە پێش شەمەندەفەرەکەوە ڕائەکات، بەماندویی ڕائەکات، هەناسە بڕکێیەتی، تۆقیوە لەوەی بکەوێتە ژێر پێچەکانی شەمەندەفەرەکە، شەمەندەفەرەکەش بەهەمو هێزی دوای کەوتوە، لەوشەوە پڕ جنۆکەیەدا خەیاڵی ئەکرد بەڕاستی بەسەرهێڵە ئاسنەکەدا لە پێش شەمەندەفەرەکەوە ڕائەکات، مەسەلەکە ئەوەندە ترسناك بو، ئەوەندە لە ڕاستیی ئەچو، تینوی بو، قورگی وشك بوبو، شەمەندەفەرەکە بە گلۆپەگەرمە داگیرساوەکانیەوە، بەخێرایی نیشتبوەسەری، بەرپێی کردبو بە مانگەشەو، ئەمیش بەنێوان هەردو هێڵە ئاسنەکەدا ڕایئەکردو بەدڵە ڕاوکێوە

ئەیرِوانیــە کەشــە ســاردو رِەشــەباکەو ئەپاڕایــەوەو هــاواری ئــەکردو بەچواردەوری خۆیدا ئەیرِوانی و بانگی ئەکرد:

زەریفــە، داوڵ، ئێرمیــك، ئێــوە لــەکوێن، مــن باوکتــانم وەرن بــۆلام، کوان؟ وەلامم بدەنەوە.

بــەلام کــەس وەلامــی نەئەدایــەوە، لەپێشــیەوە تاریکەشــەوێکی ئەنگۆستەچاوە، لە دوایشیەوە شەمەندەفەرەکە خەریکە ئەگاتە سەری و جیقــی دەردێنێــت، توانــای ڕاکــردن و خۆشــاردنەوە و دەربــازبونی لــە شەمەندەفەرە هارەکە نەمابو، کە بەرە بەرە لێی نزیك ئەبوەوە... لەبەر ئەوە باری گرانتربو-ترس و بێ دەسەلاتی جوڵەیان بڕی، قاچەکانی ڕایان نەگرت و کەوت و... هەناسەی نۆرەی ئەکرد...

بەیانی زو ئەبو تالیب بەرامبەر پەنجەرە شیش بەندەکە دانیشتبو، ڕەنگ زەرد و دەم و چاو ئاوساو، چاکەتەکەی دابو بەسەر هەردو شانیا، سەیری دەشتەکەی ئەکرد، دنیا ساردبو، هێشتا دەرەوە تاریك بو، بەلام زەوی وردە وردە دەرئەکەوت، ڕوناکیی خەریك بو زاڵ ئەبو، ئەم بەیانیە بەڵێنی داوە نارِەسەن بێت، لەوانەیە بە فریش ببارێت، هەر چەند چەند پەڵەیەك تروسکایی لێڵ بە ئاسمانەوەبو، بەڵێ، خاکی سارۆزیکی دەرکەوت وەك هەمو زستانێك بەفر گرتویەتی و ئاشکرایە بۆ هەرکەسێك لێی بڕوانێت بەهۆی هەڵکەوتەی خاکەکەیەوە، لەبەرزایی و نشێو و ناوچە نیشتەنیەکانی، لەگەڵ پاشماوەی کلافەدوکەڵی گەشتەکانی پێشوتر لەسەر هەندێك لەسەربانەکان، سەربانەکانی تریش بەدوکەڵی زستانەی لولە زۆپاکانیانەوە دلگیرئەهاتنە بەرچاو.♥

---

★ جاری یەکەم لێرەدا وەستابوم کەدەستنوسەکەیان لێسەندم.

بـەم زوانـە ئەگاتـە وێسـتگەی قومبیـل، دوای ئـەوەش بەنزیکـەی سـێ سەعات ئەگاتە خاڵی بۆراناوی، ئەتوانین بڵێین نزیکە. یەدیگای و قازانگاب لەبۆنە پێویستەکاندا وەکو شایی و شین، بەسواری حوشتر ئەگەیشتنە ئـەم ناوچـانە... ئێسـتاش ئـا ئـەوە زەلامێکـە بەسـواری حوشـترێکی خورماییـەوە، بەم بەیانی زوە، کلاوێکی زلەی پێستەرێوی لەسـەردایە، ئـەبوتالیب خـۆی نوساند بەشیشەکانی پەنجەرەکەوە، بـەڵکو یـەکێك بێـت لـە ناسـیاوەکانی... چی ئەبێت ئەگەر ئەم سوارە یەدیگای بێت بەسواری حوشترەکەی(قـەرەنار) بـۆ ئێشـێك هاتبێـت بـۆ ئـەم نـاوە؟ سـەفەری سـەد کیلۆمـەتر بـۆ ئـەو چـیە بەسواریی حوشترێکی لـۆق درێـژیی وا، کـە لۆقەئـەکات ئـەڵێی زەڕافەیـە لـە شوێنێکی ئەفەریقادا بەتیژیی ڕائەکات.. بەجۆرێك لـە جۆرەکـان ئـەبوتالیب بـێ ئــەوەی ئاگــای لــە خــۆی بێــت، خــۆی وا ئامادەئــەکرد وەکــو لــە شــەمەندەفەرەکە دابــەزێت، پێکــانی بەپــەرۆ داپێچــاو شــتومەکەکانی کۆکردەوە و کردیە تورەکەکەی، پێڵاوەکانی کردەپێی و دانیشت، چاوەڕوان بو، بەڵام زۆر دانەنیشت کە پاسەوانەکە ڕێگایـدا دەم و چاوی بشوات، کـە هاتـەوە ژورەکـەی دامـابو کاتەکـەی بەچـی بباتەسـەر؟ شـەمەندە فەرەکـەش دەشــتی ســارۆزێکی ئــەبڕی... ئــەبو تالیــب دانیشــتبو دڵخۆشــیی خــۆی ئەدایـەوە... هـەردو دەسـتی خسـتبوە نێـوان هـەردو ئـەژنۆ نوقاوەکەیـەوە، شتێکی زۆرکەم بیری لای ئەوەبو لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە بکات...

شـەمەندەفەرەکە حـەوت دەقیقـە لەوێسـتگەی قومبیـل وەسـتا، بـە هەموشتەکانی ئێرە ئاشنابو، هەتا شەمەندەفەرەکانیش- شەمەندەفەرەکانی باروشــەمەندەفەرەکانی نەفــەر کــە بەرامبــەر شــەمەندەفەرەکەی ئــەم لەوێستگەکەدا وەستابون پێش ئـەوەی هەریەکـە بەئاڕاسـتەیەك بـلاوەی لـێ

بکەن- هەمویان لای ئەبوتالیب شیرین و خۆشەویست بون چونکە تاوێك لەمەوبەر بەخاڵی بۆراناویدا تێپەڕیبون، کە ژن و مناڵەکانی ئەمی لێ ئەژی، ئەوە بەس بو بۆ ئەوەی هەتا دڵی بەو ئاسنە ڕەقەش بکرێتەوە.

شەمەندەفەرەکە دیسانەوە جولایەوەو ڕێگای گرتەوەبەر، لەوکاتەدا بەتەنیشتی پیادەڕێی وێستگەکەدا ئەڕۆیشت، تا لێی دەرچو ئەبوتالیب توانی چەند دەم و چاوێکی ئاشنا ببینێت، ڕواڵەتی خەڵکانی دانیشتوی ناوچەکە، بەڵێ، بەڵێ، بێگومان ئەیانناسێت، ئەوانە خەڵکی قومبیلن، ئەو خەڵکانەش بێگومان دانیشتوانە کۆنەکانی خاڵی بۆراناوا ئەناسن وەکو قازانگاب و یەدیگای و کەس و کاریان، سابیتجانی کوڕی قازانگاب کە ئێستا لە پەیمانگای باڵا ئەخوێنێت، لە قومبیل قوتابخانەی تەواوکرد...

شەمەندەفەرەکە هێڵە ئاڵۆسکاوەکانی وێستگەکەی بەجێ هێشت و بەرە بەرە خێراتر و خێراترئەبو، ئەبوتالیب بیریکەوتەوە چۆن جارێك لەگەڵ مناڵەکان هاتن بۆ ئێرە کاڵەك و شوتی بکرن، هاتەوە بەرچاوی کە هاتن دەرەختی جەژنی سەری ساڵ وشتی تر بکرن.... ئەبوتالیب دەمی نەبرد بۆ ئەو چاییەی بۆیان دانا، هەمو بیری هەرلای ئەوەبو کە زۆریان نەماوە- دوسەعات و تۆزێك، ئیتر ئەگەنە خاڵی بۆراناوا، ئەبو تالیب زۆر ئەترسا ئێستا دابکاتە بەفر یان بۆرانێك هەڵبکات، ئیتر زەریفەو مناڵەکان لەماڵ نەیەنە دەرەوە و، لەدوریشەوە نەیانبێنێت... (خوایە- ئەبو تالیب لە دڵی خۆیدا ئەپاڕایەوە- باجارێ بەفرنەبارێت، تۆزێك دوایبخە، دوایی کات زۆرە ئەوەندە ببارێت بە ئارەزوی تۆ، تکات لێ ئەکەم، گوێم لێبگرە).

ئەبوتالیب کە هەردو دەستی خستبوە نێوان هەردو ئەژنۆ نوقاوەکەیەوە، خۆی مت کرد بۆ ئەوەی بە ئارامتربێت و مێشکی

کۆبکاتەوە، هەوڵیدا خۆی بڵاوە پێ نەکات بۆ ئەوەی ڕیگا لەو ئاواتە نەگرێت کە لە قەدەری خواستوە: بینینی ژن و مناڵەکانی لە پەنجەرەی فارگۆنەکەوە، هەتا ئەگەر بینیشیان...؟.

بەیانی کاتێك لە ژێر چاودێریدا لە ئاو دەستەکان دەم و چاوی شۆرد، لە ئاوێنە سەوزباوەکەدا کە لەپشت دەستشۆرێکی ژەنگاویەوە هەڵواسرابو، سەیرێکی خۆی کرد، یەکەم شت تێبینی کرد ڕەنگی زەردبوە وەکو ڕەنگی مردو، هەتا کە دیلیش بو ئەوەندە ڕەنگی زەردنەبو، سەری سپی بوە، چاوەکانی وەکو جاران نەماون- نیشتون، لە دەردو بەلادا کوژاونەتەوە، چرچی قوڵ کەوتۆتە نێوچەوانی.. کە هێشتا هەربیری لەپیربون نەکردۆتەوە... ئەگەر داوڵ و ئیرمیك ببینن، ئەگەر زەریفە چاوی پێی بکەویت نایناسنەوە، لێی ئەترسن، بەڵام بێگومان دوایی دڵخۆش ئەبن. ئەم تەنیا ئەوەی ئەویت بگەڕێتەوە ناوخێزانەکەی و لە پاڵ ژن و مناڵەکانیدا هەست بە ئارامی بکات و وەکو جارانیان لێ بێتەوە... ئەبو تالیب کە لەپەنجەرەکەوە ئەیڕوانی بیری لەمە ئەکردەوە، ئەمە شوێنێکی ترە کە شارەزایەتی-گردۆڵکە گردۆڵکەیەو بەینەکانیان شیوەڵە، جارێکیان ئاواتی ئەوەی ئەخواست مناڵەکانی بۆراناوا بێنێت بۆ ئێرە بۆ ئەوەی لە گردێکەوە ڕاکەن بۆ گردێکی تر، بەدەم قاوقیژی خۆشیەوە، وەکو لە شەپۆلێکەوە بچن بۆ شەپۆلێکی تر.

لەو چرکەیەدا بە ڕوونی دەنگی کلیلی کردنەوەی دەرگای ژورەکەی هات، دەرگا کە کرایەوە، دو پاسەوان بەرامبەری وەستان، پلە بەرزترەکەیان فەرمانی پێ کرد.

- وەرە دەروە بۆ لێکۆڵینەوە.

www.pertwk.com

ئەبو تالیب بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، پرسیاری کرد.

ـ لێکۆڵینەوەی چی؟ بۆچی؟..

پاسەوانەکە بەسەر سوڕمانەوە لێی هاتە پێشەوە- ئەم کابرایە تەواو نیە!:

ـ چۆن لێکۆڵینەوەی چی؟ کەری تۆ؟ وەرە دەرەوە.

ئەبو تالیب بەبێ دەسەڵاتیی سەری دانەواند، ئەگەر ئەیتوانی ئێستا پەلاماری پەنجەرەکەی ئەداو بە بەردێك ئەیشکاند، بەڵام پەنجەرەکە شیشبەندە... ئەبێت دوایان بکەوێت، کەواتە بەختی نەبو، کەواتە ئەو ئاواتەی نایەتەدی ئەوەی چاوەڕوانی بو لە پەنجەرەکەوە بیبینێت.

ئەبوتالیب بەشێنەیی لە جێگەی خۆی هەڵسا وەکو بارێکی قورس بە کۆڵیەوە بێت و لەگەڵ پاسەوانەکەدا بەرە و ژورەکەی تانسیقبایف چو، وەکو بۆ بەر پەتی سێدارەی بەرن، بەڵام هێشتا تاقە تروسکەیەك هیوای مابو: هێشتا سەعات و نیوێکی ماوە بۆ بۆرانـاوا، بەڵکو لێکۆڵینەوە زوتر تەواو بێت، ئەم تەنیا هیوایەی ماوە، ماوەی نێوان ئەم و ژورەکەی تانسیقبایف چوار هەنگاو زیاتر نەئەبو، بەڵام ئەبو تالیب زۆر ڕۆیشت تا ئەو چوار هەنگاوەی بڕی، بۆلای ئەوەی کە لە چاوەڕوانیدابو.

ــ وەرە ژورەوە کۆتیبایف، با قسەبکەین، با کاربکەین، بۆت هەیە دابنیشیت ئەوە بۆ منیش و بۆ تۆش ئیسراحەتترە.

تانسیقبایف بە جۆرێك ئەدوا کە توندوتیژی ڕواڵەت و دەنگی بپارێزێت، لە کاتێکدا دەستی ئەهێنا بە ڕیشەلوسە تازە تاشراوەکەیدا کە بۆنی عەترێکی بەهێزی لێ ئەهات، لە هەمان کاتیشدا بەوردی ئەیڕوانیە

ئەبوتالیب. پاسەوانەکان لەو دیو دەرگا داخراوەکەوە وەستابون، ئامادەبون لەگەڵ یەکەم بانگ کردندا خۆیان بکەن بە ژوردا.

نەئەکرا ئەو چاو هەڵۆیە بکوژێت، چونکە هیچ نەبوپێی بکوژێت، نەپەرداخێك، نە شوشەیەکی بە تاڵ! هەر چەند تانسیقبایف هەر کاتێك ویستبێتی ئەو شتانەی بۆ ئامادەکراوە، چونکە بە بۆنی ڤۆدگاو مەزەی ژورەکەدا دیاربو، شەمەندەفەرەکە وەکو خۆی ئەڕۆیشت و جەرگی دەشتی سارۆزیکی شەقار ئەکردو ماوەکە بۆ خاڵی بۆراناوا کورتتر و کورتترئەبووەوە، تانسیقبایف پەلەی نەبو، دۆسیەکەی ئەم دیودیو ئەکرد و هەندێك پارچە کاغەزی ئەخوێندەوە، بەڵام ئەبوتالیب لە توانایدا نەما، بەو چەند دەقیقەیە ماندو و بێزار بو- ئای ئەم بانگ کردنە بۆ لێکۆڵینەوە چەند ناوەخت بو.

بە تانسقبایڤی وت:

ـ جەنابی ئەفسەر من ئامادەم.

تانسیقبایف بەسەر سوڕمانەوە چاوی هەڵبڕی:

ـ ئامادە؟! بێ ئەوەی لە ماناکەی دڵنیا بێت لێی پرسی- ئامادەی چیت؟!

ـ ئامادەی لێکۆڵینەوەم، ئامادەی پرسیارو وەڵامم..

تانسیقبایف دەنگی خۆی باریك کردەوە ، ئەو سەرکەوتنەی لە ناخیدا هەستی پێکرد، شاردیەوە:

ـ ئا! ، ئاوا؟! خراپ نیە، ئەمە شتێکی باشە کۆتیبایف.

بەڕاستی خراپ نیەو شتێکی باشە تاوانبارێك، وەکو ئەڵێن، بەپێی خۆی بێتە پێشەوەو ئامادەی لێکۆڵینەوەو پەشیمان بونەوە بێت... ئەمە

ئـەوە ئەگەیـەنێت شـتێکی پێیـە بیڵێـت، شـتێکی پێیـە بـۆ ئـەو کەسـەی بدرکێنێت کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەکات، خۆی دیارە.

تانسـیقبایف تێگەیشـت ئـەمڕۆ ئـەبێت لێکۆڵینەوەکـە بـەم جـۆرە بـەڕێوەببات، ئـەبێت زمـانی هەڕەشـەبگۆڕێت بـە زمـانێکی دۆسـتانەی درۆزنانە، ڕوی تێکردەوە:

ـ کەواتە هەستت بە تـاوانی خـۆت کـردوەو ئەتـەوێت یارمـەتی دەزگای لێکۆڵینـەوە بـدەیت لـە بنـەبڕکردنی دوژمنـانی دەسـەڵاتی سـۆڤێتی، هـەتا ئەگەر یەکێك لەو دوژمنانە خۆیشت بیت، گـرنگ ئەوەیـە بـەلای منـیش و بـــەلای تۆشـــەوە بەرژەوەنـــدی بـــاڵای دەســـەڵاتی ســـۆڤێتی لەســـەر و هەموشـتێکەوەیە، ئـەوە لـە دایکمـان و لـەباوکمان بـۆ ئێمـە پێویسـت تـرە، بێگومان بۆ هەر کەسێك لە شوێنی خزمەت کردنی خۆیەوە. ئەم تێبینیـەی بە لە خۆڕازیبونەوە وت و بەردەوام بو:

ـ من ئەمزانی تۆ پیاوێکی ئاقڵیت کۆتیبـایف، هەمیشـە ئومێـدی ئـەوەم ئـەکرد مـن و تـۆ زمـانێکی هاوبـەش بـۆ ئاخـاوتن بدۆزینـەوە... دەی بـۆ بێدەنگیت؟!!

ئەبوتالیب بەزارێکی نادیار وتی:

ـ نازانم.کاتێـك بـە تیلـەی چاوسـەیری دەرەوەی پەنجـەرەی فارگۆنەکـەی ئەکرد، زیاتر لەسەری ڕۆیشت.

ـ نازانم تاوانی من چیە.

شەمەندەفەرەکە بەخێرایی و بە هەڵپە بـەرەو پێشـەوە ئەچـو، دەشـتی سـارۆزیکیش لـە ژێـر ئاسمـانێکی تـرش و تاڵـدا بـەرەو ڕوی ئـەو بـەرەو دوا

ئەکشایەوە بەخێراییەك کە مرۆڤی توشی سەرەخولێ ئەکرد، وەکو فیلمە سینەماییە بێدەنگەکان.

- لە فارگۆنێکی تایبەتدا، گاڵتە نیە، شتی وا لە خۆیەوە ڕونادات، لە ژورێکی تایبەتدا تەنیا بە مەبەستی گواستنەوە ناتگوێزنەوە ، کەواتە تۆ کەسێکی گرنگیت لەو مەسەلەیەدا کە ئێمە لێی ئەکۆڵینەوە، شتێکی زۆر هەیە ئەوەستێتە سەرتۆ، لەبەر ئەوە ئەبێت کارێکی چاك بکەیت، بیربکەرەوە، باش بیربکەرەوە، ئێستاش گوێ بگرە چیت پێ ئەڵێم:

ئەم ئێوارەیە درەنگ ئەگەینە ئۆرینبورگ، واتە چکالۆڤ، لەوێ خەڵکێك چاوەڕوانمانە، ئەوێ یەکەم و یستگەمانە، تۆ ئەزانیت دوان لە هاوکارەکانت لەوێ ئەژین:

ئەلیکساندەر ئیڤانۆڤیچ بۆبۆف و حەمید سیفۆلینی تەتەری، هەردوکیان گیراون، ئەویش- لەسەر ئیفادەی تۆ، هەردوکیان دانیان پیاداناوە کە بەیەکەوە دیل بون لە باڤاریاو بەیەکەوە هەڵاتون، لەبارودۆخێکی نادیاردا.. بەڵام بۆ بێجگە لە تاقمەکەی ئێوە کەسی تر نەیتوانی ڕابکات، ئەوە دوایی ئەیزانین، دوای ئەوە گەیشتنە یۆگۆسلاڤیا، هەردوکیان دانیان پیاداناوە کە چاوتان بە نێردەی ئینگلیزکەوتوە، بەچاکی ئەزانیت ئەمە یانی چی؟ ئەمانە تۆ لە یاداشتەکانتاندا نوسیوتن، ئەوەش بڵێین بەشێوەیەکی بە بایەخ نوسراوە، ئێمە ئەزانین بۆبۆف بەکرێ گیراوەکەیەو سیفۆلین ئاڵشت و دەستی ڕاستیەتی.. کۆتیبایف تۆ ڕۆڵی سەرەکیت نیە لە بەکرێگیراویەکەدا، لەبەرئەوە حوکمی تۆ سوك ئەبێت ئەگەر یارمەتی لێکۆڵینەوە بدەیت.

www.pertwk.com

ـ بەکرێگیراویی چی؟! من لە نۆ سەدوچل و پێنجەوە کە جەنگ گۆتایی هات نەمدیون.

ـ ئەوە گرنگ نیە، هەرگیز گرنگ نیە، مەرج نیە ئێمە یەکتریی ڕو بەڕو ببینن، کەسێك لە نێواندا هەبوە، پیاوێکی باشی وەکو یەدیگای جانگیلدین، بۆ نمونە، سەفەری نەکردوە بۆ ئۆرینبورگ یان شوێنێکی تر؟ ئەوەی گومانی تیانیە ئێوە لە ڕێگای کەسێکی ترەوە پەیوەندیتان بەیەکەوە هەبوە، بیربکەرەوە.

ئەبوتالیب خۆی بۆ نەگیرا:

ـ ئەگەر بڵێم یەدیگای بەسواری حوشتر چوە بۆ ئۆرینبورگ.. تۆ ئەوەندەت بەسە؟!.

ـ گەڕایتەوە سەر قسە بێ ماناکانت کۆتیبایڤ! زۆر بەداخەوە، من مامەڵەیەکی باشت لەگەڵدا ئەکەم بەڵام تۆ گوێم نادەیتێ، خۆ گێل کردن لە ئازاری زیاتر هیچت پێ نابەخشێت، یەدیگای!، تۆ خەمت نەبێت، ئەگەر بمانەوێت ئەیگرین، خۆی و حوشترەکانیشی، ئەگەر ئەشتەوێت دەستی بۆ نەبەین، لەکاتی ڕو بەڕو بونەوەو لێکۆڵینەوەدا ئەملا و لا مەکە.

شەمەندەفەرەکە شوتێکی درێژی بەهێزی بۆ شەمەندەفەرەکەی بەرامبەری لێدا، دەنگەکەی زۆر قورس و بەهێز بەدڵی ئەبوتالیبدا گوزەری کرد، کاتی گەیشتنە خاڵی بۆرانیاوا بەرە بەرە کەمتر ئەبێتەوە، چونێتی بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکەی هەڵۆچاو ئەبوتالیبی تۆقان، چونکە هیچ شتێك نیە لەم وڵاتەدا بەلای ئەم هێزەوە موستەحیل بێت، بەڵام ئەوەی لەم کاتەدا ئەبوتالیبی ئازار ئەدا تانسیقبایڤ ئێستا ئارەزو و پشویەکی درێژی هەیە بۆ قسەکردن، نایەوێت لێکۆڵینەوەکە کۆتایی بێنێت.

ــ کەواتــە ئاوایــە!. تانسـیقبایف بــێ دەنگیەکـەی شـکاند، کاغـەزەکانی لەبەردەمیدا لابردو چاوێکی هەڵبڕی بۆ ئەبوتالیب:

- من دڵنیام ئێمە لە یەکتری ئەگەین، ڕزگاربونی تۆ لێرەدایە، ڕو بەڕو بونــەوەی ئۆرینبــۆرگ دیـاری ئـەکات، بەهــەرحاڵ: یـان یارمــەتیم ئــەدەیت کارەکەم تەواوبکەم، یان ئەوەی لـە دەسـتم بێت ئەیکـەم . بـۆ ئـەوەی هـەتا هەتایە پەشیمان بێت کـە بیسـت و پێـنج ساڵەکە، یـان لەوانەیـە زیـاتریش حــوکم ئــەدرێیت، خـۆت ئـەزانی چـی و چـۆن.. ئێمــە ئەگەینــە خــودی ئەو(تیتۆ)یەش کە ئەو هەمو ساڵە خزمەتتان کردوە، جوزێف ستالین خۆی سەرپەرشتی ئەم مەسەلەیە ئەکات، کەس بێ سزا دەرناچێت.. بـێ بـەزەیی ڕەگ و ڕیشەتان هەڵئەکێشین، تۆ سوپاسی خوابکە ئازیزم کە مـن نامـەوێت توشـــی کێشـــەت بکـــەم. لەبـــەر ئـــەوە پێویســـتە پیـــاوەتی منـــت لەبەرچاوبێت..تێئەگەیت مەبەستم چیە؟.

ئەبو تالیـب بێـدەنگ بـو، لـە عـەقڵی خۆیـدا دەقیقـەکانی گەیشـتنە بـۆ راناوای ئەژمارد.. کەواتە ناتوانێت ماڵ و مناڵەکەی ببینێت، هەتا ئەگەر لە پەنجەرەکەشەوە بێت، ئەو بیرۆکەیەی کە مێشکی ئەهاڕی.

ئەبو تالیب سەری لە قاند، بێگومان ئەیزانی مەبەستی چیە.

ـ ئێ، دەبا هەر لە سەرەتاوە وات بکردایە.

تانسیقبایف سەر لە قاندنەکەی ئەبو تالیبی بەڕەزامەنـدیی لێکدایـەوە، هەسـتایە سـەرپێ و لـە ئـەبو تالیـب نزیـك بـوەوە، هـەتا دەستیشـی خسـتە سەرشانی.

ـ من ئەمزانی تۆ پیاوێکی بێ مێشك نیت، و ڕێگای ڕاستت گرتۆتەبـەر. کەواتە ڕێکەوتین.گومانت لە هیچ شتێك نەبێت.من چیت پێ ئـەڵێم وابکـە.

گرنگ ئەوەیە لە کاتی بەرەو ڕوکردنـەوەدا نەشـڵەژێی، بچۆ نـاو چاویان و چیت ئەویٚ بیڵێ، وەك خـۆی : -بۆبـۆف- بـەکرێگیراوە، لـە سـاڵی1944ەوە لەلایەن ئیستخباراتی بەریتانیاوە بەکارهێنـراوە، پـێش ناردنـەوەیان لەگـەڵ خـودی تیتـۆدا ئامـادەی کۆبونەوەیـەك بـوە، ئـەرکی درێژخایـەنی پـێ سپێردراوە، لە حاڵەتەکانی پشێوی و ئاژاوەدا، ئەوەندە بەسە.

ئێستاش سـەبارەت بـەو سیفۆلینە تەتەریـە، ئـا، بـەمجۆرە، سـیفۆلین جێ متمانەی بۆبۆفە، ئەوە هەموشتێکە، ئەوەندە بەسە. باقیەکەی لەسەر ئێمەیە، ئیمزای بکەو مەترسە، هەرگیز توشـی هـیچ نابێـت، مـن دەسـتت نابڕم، ئێمە وایـن.گفتوگۆمـان لەگـەڵ دوژمنـدا کورتـەو- لـەناویان ئەبـەین، بەڵام دۆستانمان هاوکاریان ئەکەین، چاومان لێیان ئەبێت.

باپێــت بڵــێم، ئەوەشــت لــەیاد نەچــێت، گەمــەکردن لەگــەڵ منــدا زۆرخراپە!... ئەوە بۆ وا ڕەنگت زەردبوەو

عارەقت کردۆتەوە، نەخۆشیت؟!.. هەوای ژورەکە بێتاقەتی کردویت؟!.

ـ بەڵێ، تەواونیم. ئەبوتالیب هەوڵیدا زاڵ بێت بەسـەر ئـەو ژانـە سـەرو هێڵنـج دانەدا، وەکو بەخواردنێکی ترشاو ژەهراوی بوبێت.

ـ مـادام وایـە زیـاتر ناتهێڵمـەوە، بـڕۆ بـۆ ژورەکـەت و هـەتا ئۆرینبـورگ پشــوبدە، بــەڵام لــە ئۆرینبــورگ ئــەبێت وەکــو گــوێزی ســاغ وابیــت، تێگەیشــتیت؟. هــیچ دودڵــی و ڕاڕاییــەك لەبەرەوڕوکردنــەوەدا نــەبێت، هـیچ(بـیرم نیـە، نـازانم، لـەبیرم چۆتەوە) و لـەو جـۆرە شـتانە نەبیستم- هەرچـیت هەیـە هەڵیڕێـژەو وەك خـۆی بیخـە بەردەسـت، بـیرت لای هـیچ شتێکی تر نـەبێت، مەترسـە، باقیەکـەی لەسـەر ئێمـە، ئێسـتا خۆمـان بـە نوسـینەوە سـەرقاڵ ناکـەین، بـڕۆ پشـو بـدە. دوای بەرەوڕوکردنـەوە کـە لـە

ئۆرینبورگ ئەوراقەکان ئیمزائەکەین، تۆش ئیفادەکەت ئیمزائەکەیت.خۆی ئاوا ئەکرێت.بەڵام ئێستا برۆ، من وام داناوە لەسەر ئەمانە رێکەوتین.

بەم قسانە تانسیقبایف ئەبوتالیبی ناردەوە بۆ زیندانەکەی.

لەم دەقیقەیەدا ئەبوتالیب وای هەستکرد ژیانێکی نوێ لە خاڵێکی نوێ وە دەستی پێکرد هەستی کرد شەمەندەفەرەکە خێراییەکەی زیاترکرد، لەو دیو پەنجەرەکەوە ئەو شوێنانەی شارەزایانە بەدوای یەکدا رائەکەن، تەنیا چەند دەقیقەیەکی ماوە بۆ خاڵی بۆراناوا، ئەبێ هێوربێتەوە، ئەبێ دان بەخۆیدابگرێت و چاوەروان بێت، ئەبێت ئامادەبێت بۆ هەر کۆتاییەك دێتەرێی، بەڵام پێش ئەوە شەمەندەفەرەکە ئەبێت هێواشی بکاتەوە.

(ئەم شەمەندەفەرە ئەبێت خاوی بکاتەوە) ئەبوتالیب بیری کردەوەو لە هێزێکی نادیار پارایەوە، کەچی لە پڕ هەستی کرد، یان ئەهاتە بەرچاوی، شەمەندەفەرەکە هێواشی ئەکاتەوە. ئەو شتە وردانەی بەخێرایی بە مێشکدا تێئەپەرین و ماندویان ئەکرد، وەستان.

لە دڵی خۆیدا وتی: ئومێد ئەکەم هەموشتێك بەدڵی من بێت. تۆزێك حەسایەوە، ئیتر تەنگە نەفەس نەبو، خۆی نوساند بە پەنجەرەشیش بەندەکەوەو چاوەروانی ئەکرد، شەمەندەفەرەکە بەراستیی لە خاڵی بۆراناوا نزیك ئەبوەوە، ئەو شوێنەی کە نەگبەتی و کلۆڵی ئەبو تالیبی لێ فرێدایە دەرەوە، ئەو شوێنەی کە لەگەڵیدا راهات و ئومیدی ئەکرد مناڵەکانی تیا گەورەبن، دور لە شەقی زەمانە، بەڵام لە چارەنوسی نەنوسرابو ئەمانەی بۆ بێتەدی، ئەوەتا خێزانەکەی کەوتونەتە بەرشەقی کوێرانەی زەمانەو ئەمیش لە زیندانێکی پۆڵاینی بچوکدا بەلایاندا تێئەپەرێت.

ئـەبو تالیـب زۆر بـەگرژی و وردی لەشـتەکانی ئـەودیو پەنجەرەکـە ورد ئـەبوەو، وەکـو بیـەوێت ئـەو شـتانە وابچەسـپێنێ هـەتا مـردن، هـەتا دوا هەناسەی، هەتا دوا سۆمایی چاوەکانی لەبیری نەچنەوە و یادیان بکاتـەوە، هەمو ئەو شتانەی پـێش نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژەی زسـتان لـە ڕۆژەکـانی شـوبات ئەهاتنــە بەرچـاوی:کۆمەڵــە بــەفر، ڕێچـکەکانی نزیـك هێڵــە ئاسـنەکە، دەشتاییەکە کە لە هەندێ شوێن بەفردایپۆشی بو هەندێ شوێنی تـری ڕەش بـو. هـەمو ئەمانــەی وەکـو کۆمــەڵێك سروشـی پـیرۆز بـە دڵێکـی بـەتین و پڕسکاڵا و پاڕانەوەو خۆشەویستیەوە تۆمار ئەکرد، ئـا ئـەوە گردۆڵکەکەیـە، ئەوە شیوەکەیە، ئەوە ئەو ڕێچکەیەیە کـە لەگـەڵ زەریفـەدا پیـا ئەڕۆیشـتن هێڵـە ئاسـنەکە چـاك بکەنـەوەو کەرەسـتەکان بەشـانیانەوە بـو، ئـەوە ئـەو تەلاَنەیە لەبەر ئاوایدا کە هاوینان منالاَنی بۆ راناوا لەگەڵ داوڵ و ئیرمیکـدا ڕائەکەن و ئەچن یاری لێ ئەکەن... ئەوە بڕکەیەك حوشترە، ئەوەش دوانـی ترە لەولاوە بەجیا، یەکێکیان قەرەناری یەدیگایە، لەدورەوە دیارە، هێشـتا بەهێزە، پاڵی داوەتەوەو لەسەرخۆ کاوێژئەکات.

ئەوەچیە-لەپڕ دەستیکرد بە بەفربارین، بەدەم باکـەوە پروشـەئەکات، بێگومان لەودیو پـەنجەرەکـەوە، ئاسمـان هـەر لـە بەیانیـەوە هـەورە، مانـای ئەوەیـە کەشـەکەی بـاش نیـە، خۆزگـە بـەفر یـەك تـۆز چـاوەڕوانی ئـەکرد، هەریەك تۆز، ئەوا گەوری حوشـترەکان دەرکـەوتن و ئـەوە یەکـەم ماڵـە کـە دوکـەڵ لەلولـەی زۆپاکەیـەوە بـەرز ئەبێتـەوە، ئەوەئیشـارەتی لادانەکەیـە، شەمەندەفەرەکە ئەگوێزێتەوە بۆ سەرهێڵێکی لاوەکی و پێچکەکانی لەسـەر مقەسـتی لادانەکـە زیکـە زیکیـان دێـت، ئـەوە ڕێگاوانەکەیـە بـە ئاڵاکـەی دەسـتیەوە لەبـەردەمی ژورەکەیـدا، ئـەوە قازانگابـە، دەم و چـاوی ئـارەقی

کردۆتەوە ئەڵێی تویکڵەداره، ئۆی خوایه! ئەوه ژورەکەی قازانگاب بەجێما، شەمەندەفەرەکە بەردەوامه بەکەناری ئاواییەکەدا ئەڕوات: ئەوه ماڵەکانە، ئەوەسەربانەکانە، ئەوه پەنجەرەکانە، یەکێك خۆی کرد بە ماڵێکدا، ئەبوتالیب تەنیا پشتی دی، ئەوه یەکێکە باوەشێك تەختەو ئاسنی پێیە، شتێك بۆ مناڵەکان دروست ئەکات، یەدیگایە، بەڵی خۆیەتی، یەدیگای بەچاکەتە بۆرە لۆکەکەیەوە، قۆڵەکانی هەڵکردوەو کچەکانی دەوریان داوه، ئێرمیکیشیان لەگەڵە، بەڵێ ئەوه، ئێرمیك گیانە، بە قوربانت بم، کوڕه خۆشەویستەکەم، ئەوه تا نزیك یەدیگای وەستاوه، ئەوه دانەویەوە وشتێکی لە زەویەکە هەڵگرت، ئۆخەی خوایه! ئاوڕی دایەوە، دەم و چاویم بینی، ئەی داوڵ کوا؟ زەریفە لە کوێیە؟ ئەوه ئافرەتێکی دوگیانە ئاواوه ئەڕوات- ئەوه ساولیەی ژنی بەڕێوەبەری کەمپەکەیە، ئا!، ئەوه زەریفەیە چارۆکەکەی داوەبەشانیا، زەریفە و داوڵ، دەستی کوڕەکەی گرتەوە بۆلای مناڵەکان و یەدیگای کە خەریکی چاکردنەوەی شتێکن، بەیەکەوە ئەڕۆن و نازانن ئەوه‌ئەبوتالیبە- وەکو مەنجەڵ ئەکوڵێت و دەستی گرتوە بەدەمیدا بۆ ئەوەی نەداتە پرمەی گریان، بۆ ئەوەی وەکو گا نەبۆڕێنێت و بەبێ کەسی و بێدەسەلاتی هاوارنەکات(زەریفە خۆشەویستەکەم، داوڵ، داوڵ گیان کوڕم، ئەوه منم، بابە! بۆ دواجار چاوم پێتان ئەکەوێت، خواتان لەگەڵ، داوڵ، ئێرمیك، خواتان لەگەڵ لەبیرتان نەچێت، من ناتوانم بەبێ ئێوه بژیم، من بەبێ ئێوه ئەمرم، دور لە جگەر گۆشەکانم، دور لە ژنە خۆشەویستەکەم، بەخواتان ئەسپێرم.

ئەوەی لەم چەند هەناسەیەدا بە پەلە پەل بەرچاوی کەوت، هەموی یەك لە دوای یەك ئەهاتنەوه بەرچاوی ئەبوتالیب، هەر چەند دەمێك بو

شەمەندەفەرەکە خاڵی بۆرانـاوای بـەجێ هێشت بـو، کـە زۆر دەمێـك بـو چاوەڕوانی بو، دەمێك بو لە دەرەوەی پەنجەرەکە بەفر تێی کردبو، شەن وکەوی ئەکرد، هەموشتێك لە دواوە بەجێما، بەڵام کات- لای ئەبوتالیب کۆتیبایڤ لە جێی خۆیدا وەستا، لەچوارچێوەی ئەو بۆشاییەدا پیاتێپەڕی، لەو بڕگەیەی ئەو ڕێگایەدا وەستا کە هەمو مانا و خۆشی و ناخۆشی و کارەساتەکانی ژیانی ئەمی گرتبوە خۆی.

نەیتوانی لە پەنجەرەکە دوربکەوێتەوە، هەر چەند بەهۆی بەفرەکەوە ڕوانین بۆ دەرەوە هیچ مانایەکی نەمابو، پەنجەرەکە وشك بوبو، زۆر بەلایەوە ناڕەحەت بو کە ناچارە - هەر چەند هێشتا تەسلیمی ئەو زوڵمە دەستکردە نەبوبو- ملکەچی ئەم چارەنوسە نامۆیە بو، لە چاوتروکاندنێکدا بێدەنگ بە بەردەمی ژن و منداڵەکانیدا بڕوات، وەکو بونەوەرێکی کەڕولاڵ، ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە سەربەستی زەوت کردوە ناچاری ئەوەی کردوە، لە جیاتی ئەوەی دابەزێت و بە ئاشکرا ڕابکات بۆلای ماڵ و منداڵەکەی کە خەریکە سویی ئەبێتەوە بۆیان، ئەبێت بەلاوازی و ڕیسواکراوی لە پەنجەرەوە سەیریان بکات و لە تانسیقبایڤی قبوڵ بکات وەکو سەگ مامەڵەی بکات و فەرمانی پێ بدات لەسوچێکدا بکەوێت و جوڵەی لێوەنەیەت.

ئەبو تالیب بۆ ئەوەی دڵخۆشیی خۆی بداتەوە و خۆی هێوربکاتەوە، سوێندێکی خوارد، نەیدرکاند، بەڵام نەیشکاند..

ئەبوتالیب پێکی تاڵ و شیرینی ئەو چاوپێکەوتنی سەرە ڕێیەی تامەست بون نۆشی، ئیتر توانای لەوە زیاتری نەبو، تەنیا یەك شتی بە دەستەوەمابو، ژیانەوەو زیندوکردنەوەی هەموشتەکان سەر لە نوێ،

بەوردیی و دانە دانە، بەجۆرێك ببینرێت: سەرەتا چۆن قازانگابی دی، بەتەواوی وەکو خۆی، هەمان ئالای گرتوە بە دەستە عارەقاویەکەیەوە، لە شوێنی هەمیشەیدا..لە ژیانیدا چەند شەمەندەفەر لەم سەرەوە ڕۆیشتوە بۆ ئەوسەر و چەند لەو سەرەوەهاتوە. دوای ئەوە خانوەکانی خالّی بۆرانـاوا چۆن ڕەت ئەبون، گەوری ئاژەڵەکان، دوکەڵی سەردوکەڵکێشەکان، دوای ئەوەش چۆن خەریك بو هاوارێکی بێ سود لەدەمی دەرچێ و دەستی گرت بەدەمی خۆیدا، کاتێك کە ئێرمیکی لە ناو منالّەکاندا بینی نزیکی یەدیگای کە لەوکاتەدا شتێکی بۆ منالّەکان دروست ئەکرد، نزیکی ئەو مرۆڤە بەوەفایەی کە هەمو ژیانی بە تەنیا وەکو بەرد خۆڕاگربو. ئیرمیك پارچەیەك تەختە یان شتێکی تری ئەدایە دەست یەدیگای. لەو چەند چرکە کەمەدا ئەوەی بینی ڕون و ئاشکرابو، یەدیگای گورج و گۆڵ لەناو منالّەکاندا هەڵئەسوڕێت، کەتە، لەش پڕ، ڕەشتاڵە، بەچاکەتێکی بۆری قۆڵ هەڵکراو، و جزمەیەکی قوماشەوە، کوڕەکەی ئەمیش بەکلاوە کۆنەکەی و پێڵاوە بەرگنەکانیەوە، زەریفەو داوڵیش ئەچون بۆ لایان. بەستەزمان زەریفەی کۆست کەوتو، لە دورەوە چاوی لێی بو، ئەو دیمەنە نزیکانە وا چونە دڵیەوە هەرگیز لە یاد ناچنەوە: چارۆکەکەی کە دابوی بە شانیداو قژە ڕەشە درێژە چین چینەکەی دەرخستبو بەڕەنگە زەردەکەیەوە، ئەوەندە کاریگەربون حەزت ئەکرد بیخۆی، لەگەڵ کراسەکەیدا کە هەندێ لە قۆپچەکانی کرابونەوەو بەجوتێ جزمەی ئەستورەوە، کە ئەم خۆی بۆی کڕیبو- دانەویبوەوە بەسەر کوڕەکەیدا- وەکو شتێکی پێ بڵێت، هەمو ئەمانە لە ماڵئاواییە نا بەدڵەکەدا، دوای چاوپێکەوتنەکە، لەگەڵ ئەبوتالیبدا مانەوە...

هیچ شتێك نەمابو، هەتا هەتایە، جێگای ئەم شتانەی بۆبگرێتەوە کە لەکیسی چون...

بەدرێژی ڕیگا بەفر ئەباری و بۆرانەکە گێژولولی ئەدا، لە یەکێك لەوێستگەکانی پێش ئۆرینبورگ شەمەندەفەرەکە سەعاتێکی تەواو دواکەوت، ڕێگاکە بەفرگرتبوی، پاکیان ئەکردەوە... دەنگی خەڵکەکە ئەبیسترا کە ئیشیان ئەکرد و جنێویان ئەداو ئاخ و ئۆفیان بو لە دەست ئاو و هەواو دنیا. دوای ئەوە شەمەندەفەرەکە جولاو لە گێژەڵوکەو بۆراندا نوقم بو، هێواش هێواش خۆیان ئەکرد بەشاری ئۆرینبورگدا، درەختەکانی گوێ ڕێگاکە قوچ چوبون بە ئاسماندا، ڕەش، بەگەڵاو لقە بەیەکداچوەوە بێدەنگەکانیان، وەکو درەختی وشکی سەرقەبرانێك. شارەکە بەڕونیی نە ئەبینرا.

ئەوشەوە زۆر لە وێستگەی لێك ترازانی فارگۆنەکان وەستان. فارگۆنە تایبەتەکە لە شەمەندەفەرەکە جیاکرایەوە، ئەبو تالیب لە بەیەکدادانی فارگۆنەکان و هاوارکردنی کرێکارەکان و شوتی شەمەندەفەرە ئێشکگرەکانەوە ئەوەی زانی، دوای ئەوە فارگۆنەکەیان ڕاکێشا بۆ شوێنێك، لەوانەیە ڕاکێشرابێت بۆ سەرهێڵی یەدەك.

کاتێك فارگۆنەکە لە شوێنی تایبەتی خۆیدا دانرا، شەو درەنگ بو بو، دواپاڵ و دوا هاوار بو (زۆر باشە، داینێ) فارگۆنەکە لە شوێنی خۆیدا جوڵەی لێ بڕا وەکو بەسترابێتەوە.

گەورەی پاسەوانەکان دەرگای ژورەکەی کردەوە و فەرمانیدا بە ئەبوتالیب:

ــ تــەواو ئامادەبــە، وەرە دەرەوە و مەمانخــەرە درەنــگ، خێراکــە، نوستیت؟!.

وەرە هەوایەکی پاك هەڵمژە.

ئـەبوتالیب لەســەرخۆ هەسـتایە سـەرپێ و ئەوەنـدە لێـی نزیـك بـوەوە خەریك بو پێوەی ئەنوسا، بەپچڕ پچر لێی پرسی:

ـ من ئامادەم، بۆ کوێ؟!.

ـ ئەگەر ئامادەیت وەرە، بەڵام بۆکوێ؟ ئەوە پاسەوانەکان ئەتبەن.

پاسـەوانەکە ئـەبوتالیبی هێنایـە دەرەوە بـۆ داڵانەکـە، بـەڵام لـەپڕ بـە تورەیی و سەرسوڕمانەوە ڤێڕاندی بەسەریدا و وەستاندی:

ـ ئەی کەل و پەلەکانت!.. تۆلێرە ئەمێنیتەوە.. یان نازانم چی؟ نازانیت بۆکوێ ئەچیت؟ بۆچی شتەکانت لەگەڵ خۆت هەڵناگریت؟ یـان بـە تـەمای حەماڵێکت بۆ بێنم؟ بگەڕێوە شڕوشاتاڵەکانت بێنە.

ئـەبوتالیب گەڕایـەوە و تورەکـە فڕێدراوەکـەی هـەلگرت، کـە هاتـەوە دەرەوە خەریك بو لە ڕاڕەوەکەدا خۆی بـدات بـە دوان لـە پیـاوانی ئاسایشی ناوخۆدا، کە بەپەلەو شپرزە لە ڕاڕەوەکەدا ئەهاتن و ئەچون.

ـ بوەسـتە.پاسـەوانەکە ئـەبوتالیبی لـە دیوارەکـە جـوتکرد- بـا هـەڤاڵان تێپەڕبن.

کـە لـە زیندانەکـە هاتـە دەرەوە ئـەبو تالیـب ئاگـای لێ بـو چـۆن ئـەو دوکەسە لە دەرگای ژورەکەی تانسیڤبایڤیان داو دەنگیـان ئەگەیشتە گـوێی ئەبو تالیب کە بەدەنگێکی لە رزۆکەوە وتیان:

ـ هـەڤاڵ تانسـیقبایف، خۆشـحاڵین کـە بەسـەلامەتی گەیشـتی، زۆر چاوەڕێمان کردیت، دەمێکە لێرەین، لای ئێمە بەفریش ئەبارێت، بەداوای لێبوردنەوە ڕێگامان بدە خۆمانت پێ بناسێنین، ئەی هەڤاڵی ڕائید.

کۆمـەڵێك چـەکداری تایبـەت بـە پاسـەوانیی- سـێ کـەس بـە کـڵاوی ڕەسمیەوە و بەجلی سەربازیەوە - لە خوارەوە لەسەر شۆستەکە چاوەڕوانیان ئەکرد گیراوەکە دابەزێت تا بـە نـاو هێڵەکانـدا بیبـەن بـۆ نـاو ئۆتـۆمبێلێکی داخراو.

ـ دابەزە، گێژە گێژی چیتە؟!.

یەکێك لە پاسەوانەکان پەلەیان لێکرد، ئەبو تالیب بێدەنگ دابـەزی و پاسەوانێك قۆڵی کردبو بە قۆڵیدا لەسەر پلیکانـەکانی فارگۆنەکـە، هەواکـە ساردبو، بەفرەکـە وردە وردە ئـەباری، دەسـتی بەسـەر قـەراغی محاجـەرە ئاسـنە تەزیوەکـەدا خلیسـکانە خـوارەوە، تاریکـایی لـەم وێسـتگە نامۆیـەدا بڕۆجێکتـــەر و گڵـــۆپی گـــەورە کردویانـــە بەچـــراخان و لەگـــەڵ تەونێکیجاڵجاڵۆکە لەڕێگای ئاسـن کەزریانەکـە کردبـونی بـەژێر بـەفرەوە و لەگەڵ لایت و شوتە بەرز و نزمەکانی شـەمەندەفەرە ئێشـکگرەکاندا تێکـەڵ بوبون.

گەورەی پاسەوانـەکان بە فەرماندەی پاسەوانە تایبەتەکانی وت:

ـ گیراوی ژمارە 98 تان تەسلیم ئەکەم.

فەرماندەی پاسـەوانە تایبەتـەکان بـە دەنگێکـی بـەرز وەکـو دەنگدانـەوە وەڵامی دایەوە:

ـ گیراوی ژمارە98 م لێوەرگرتن.

گەورەی پاسەوانـەکان وەکو ماڵئاوایی بە ئەبوتالیبی وت.

ـ برۆ لەگەڵیان، بزانە بۆ کوێت ئەبەن.

ئینجا هەر لە خۆیەوە

- لەو بەرەوە سواری ئۆتۆمبێلت ئەکەن و ئەتبەن...

ئـەبو تالیـب کـە بەپاسـەوانە تایبەتـەکان دەورە درابـو، بەناوهێڵەکانـدا ئـەڕۆی، کوێرانـەو بـێ بەرنامـە بـەناو بـەفرو ئاسـن و کۆتکـە تەختەکانـدا هەنگاوی ئەنا، ئـەوانی تـر هـەمویان خۆیـان لـە بەفرەباریوەکـە ئەپاراسـت، ئەبو تالیب تورەکـەی کـەلو پەلەکـەی دابوبەشـانیدا .. شـوتی شـەمەندەفەرە ئێشکگرەکانی شەو لە هەمولایەکەوە لورەی ئەهات.

هـاوڕێ ئورینبۆرگیـەکانی تانسـیقبایف کـە هـاتبون لـە ژورەکـەی خـۆی پێشوازی بکەن و لەگەڵ خۆیـان ببیـەن بـۆ ئوتێـل، نەهاتنـە خـوارەوە، لـە ژورەکەی تانسیقبایف مانـەوە بەبۆنـەی گەیشـتنیەوە بەسـەلامەتی ئاهـەنگ بگێڕن، برادەران پێشنیاریان کرد هەر لە ژورەکەی خۆیدا بخۆن و بخۆنـەوە بە تایبەتیش کەشەو درەنگی کردوە و ئێستا کاتی ئیشکردن نیە. کێ لاریـی لەوە هەیە؟ لـە کـاتی قسـەکردندا تانسـیقبایف بـۆی ڕونکردنـەوە: ئـەتوانین بڵـێین مەسـەلەکە بەباشـی ئـەڕوات و بەرەوپێشـەوە ئەچـێت و ئـەتوانێت دڵنیابێـت لـەوەی بـەرەو ڕوکردنەوەکـە کـە لەئـەڵما- ئـەتا وە لـە پێناویـدا هاتون سەرکەوتو ئەبێت.

هەڤالان بەخێرایی تێکەڵی بابەتەکە بون و بەگەرمیی لەسەری ئـەدوان. تالـەم کاتـەدا لـەدەرەوە دەنگـی ڕاکـردن و تەپـە تـەپ و غەڵبـە غـەڵب و هاوارکردن لە ڕاڕەوەکەدا ئەبیسترا.

پاسەوانە تایبەتەکان و فەرماندەکەیان خۆیان کرد بە ژورەکەدا، فەرماندەی پاسەوانەکان خەڵتانی خوێن بوبو، بەڕوخسارێکی دڕندانەی پەشۆکاوەوە وەستاو تەحیەیەکی بۆ تانسیقبایف کردو هاواری کرد:

ـ گیراوی ژمارە98 مرد.

تانسیقبایف کە خەریك بو لە هۆش خۆی ئەچو، قیژاندی:

ـ چۆن مرد؟ یانی چی مرد؟!!.

ـ خۆی فڕێدایە ژێر شەمەندەفەرێك. فەرماندەکە ڕونی کردەوە.

ـ یانی چی خۆی فڕێدا؟! چۆن خۆی فڕێدا؟! تانسیقبایف یەخەی فەرماندەکەی گرتبو ڕایئەوەشاند.


سەرۆکی پاسەوانەکان، بەقسەی تێکەڵ و پێکەڵ بۆی باس ئەکرد.

ـ کاتێك گەیشتینە ناو هێڵەکان، شەمەندەفەرە ئیشکگرەکان بەڕاست و چەپدا ئەهاتن و ئەچون، شەمەندەفەریان دەرئەکرد بەملادا و بەولادا... وەستابوین چاوەڕێ بوین بپەڕینەوە... لەپڕگیراوەکە تورەکەکەی هەڵخولاندو دای بەسەرمدا.. ڕایکردو خۆی فڕێدایە ژێر شەمەندەفەرێك، بوبە ژێر پێچکەکانەوە... بوبەچڵم.

هەمو لە پەشۆکان و شڵەژاندا بەهۆی کتوپڕی ڕوداوەکە، بێدەنگ بون، تانسیقبایف بەخێرایی و بەپەلە خۆی ئامادەکرد بۆ چونە خوارەوە، جنێوی ئەداو لەرزینێك لە دەنگیدابو:

ـ خوێڕی، هیچ و پوچ، خۆی دەربازکرد، ڕیسەکەی کردینەوە بەخوری، مەعقولە؟! ڕۆیشت، لەکیسمان چو، پێکێکی پڕی بۆخۆی تێکرد و بە جۆرێك دەستی ڕائەوەشاند کە نیشانەی بەزین بێت.

بەڵام هاوڕێ ئورینبۆرگیەکانی سێ و دویان لەوەنەکرد کە فەرمانەدەی پاسەوانە تایبەتەکان ئینزاربکەن بەر پرسیارێتی تەواوی ئەوەی ڕویدا ئەکەوێتە ئەستۆی دەستەی پاسەوانە تایبەتیەکە...



www.pertwk.com

## ناونیشانی وەرگێڕ:

tofiqabdol@yahoo.com
kaktofiq@yahoo.co.uk

**تا لەچاپدانی ڕۆمانی چوارەمی ئەیتماتۆڤـ چاوەڕێمان بن.**

بەرگی دواوە

**The White Cloud Of Chingiz Khan**
**OR**

**Excution In Sarozek**

**:WrittenBy**

**Chingiz Aitmatov**

**:Translated By**
**Tofiq Abdol**

ئەوە-ئەبوتالیبە- وەکو مەنجەڵ ئەکوڵێت و دەستی گرتوە بەدەمیدا بۆ ئەوەی نەداتە پرمەی گریان، بۆ ئەوەی وەکو گا نەبۆڕێنێت و بەبێ کەسی و بێدەسەلاتی هاوارنەکات: زەریفە خۆشەویستەکەم، داوڵ، داوڵ گیان کوڕم، ئەوە منم، بابە! بۆ دواجار چاوم پێتان ئەکەوێت، خواتان لەگەڵ، داوڵ، ئێرمیك، خواتان لەگەڵ لەبیرتان نەچێت، من ناتوانم بەبێ ئێوە بژیم، من بەبێ ئێوە ئەمرم، دور لە جگەر گۆشەکانم، دور لە ژنە خۆشەویستەکەم، بەخواتان ئەسپێرم.

ئەبو تالیب بۆ ئەوەی دڵخۆشیی خۆی بداتەوە و خۆی هێوربکاتەوە، سوێندێکی خوارد، نەیدرکاند، بەڵام نەیشکاند..

www.pertwk.com